# کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

## لە هەرەسی ١٩٧٥ بۆ راگەیاندنی بەرەی کوردستانی ١٩٨٨

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی روناکبیریی و پەروەردەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لەسەر بنەمای سۆشیال-دیموکرات و لە پێناوی پەرە و گەشەپێدانی بەهاکانی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەیخۆنووسین) زەمینەی دیالۆگ، گەشەپێدانی هزری و هۆشیاریی سیاسیی دەرەخسێنێت.

لە رێگای ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، نامیلکە، گۆڤار، کۆڕ و سیمیناری تایبەتمەند و دروستکردنی بەڵگەفیلم ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، هەروەها گرنگی بە ئەرشیفکردنی مێژووی (شۆڕشی نوێ و یەکێتی) بە تایبەت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و دیموکراسی عیراقی- بەگشتی دەدات.

نەوزاد عەلی ئەحمەد

# کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

## لە هەرەسی ١٩٧٥ بۆ راگەیاندنی بەرەی کوردستانی ١٩٨٨

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات
نووسین: نەوزاد عەلی ئەحمەد
دیزاین: کەمال حامد
هەڵەبڕی: داسیار محمد حمەصالح
تیراژ: 1500 دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: 2023
نرخ: ( 3000 ) هەزار دینار
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
چاپ: چاپخانەی حەمدی
زنجیرە ( 560 - 49 )

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (2062) ی ساڵی 2022 پێدراوە

بەڕێوەبەری هونەری
ئەمیرە عومەر

بڵاوکراوەکانی
مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری

www.pukhoshiari.com inf@pukhoshiari.com

# پێرستی بابەتەکان

**پێشەکی** .................................................................. ٧
**بەشی یەکەم:** کورتە باسێک دەربارەی بزاڤی
خوێندکاران لە جیهاندا ........................................................ ٩
تەوەری یەکەم؛ یەکێتیی خوێندکارانی نێودەوڵەتی............. ١١
تەوەری دووەم؛ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و
ڕێکخراوی دیکەی خوێندکاریی........................................ ١٧
**بەشی دووەم:** کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
لە دەرەوەی وڵات ............................................................. ٣٥
تەوەری یەکەم؛ کورتەیەک لە مێژووی کۆمەڵەی
خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا.... ٣٧
تەوەری دووەم؛ چالاکوانەکانی ئەم ڕێکخراوە
خوێندکارییە کێن؟ .......................................................... ٦١
تەوەری سێیەم؛ ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆ ............................ ٦٥
تەوەری چوارەم؛ کۆنگرەکان ............................................ ٨٣
تەوەری پێنجەم؛ چالاکییەکان .......................................... ١٠٣
تەوەری شەشەم؛ بەشێک لە کتێبەکان .............................. ١١٥
تەوەری حەوتەم؛ ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان ....... ١٢٩
تەوەری هەشتەم؛ ئەکسا چی لێ بەسەرهات؟..................... ١٣٩
ئەنجام .............................................................................. ١٥٧

## پێشەکی

بۆ نووسینی کتێبێک سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا، نەبوونی سەرچاوە و کتێبخانە و ئەرشیفێک، تا بتوانم سوودیان لێ ببینم، هەر لە دەستپێکدا بێ هیوای کردم و شتێکم دەست نەکەوت، کە بابەتەکەم دەوڵەمەند بکات.

ئەو بێ هیواییە نەیوەستاندم، دەستم بە سۆراغ و پرسیار کرد، بە ئەنجامێک گەیشتم، کە تەنیا کتێبخانەی ماڵان، واتە کتێبخانە کەسییەکان فریام دەکەوێت، سەرەتا لە سوید دەستمپێکرد، ئینجا لە وڵاتانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و بەریتانیا کۆمەڵێک بڵاوکراوە، گۆڤار و بەیاننامەم کۆکردەوە.

کتێبەکەم بۆ چاپ ئامادەبوو، سەنتەری کۆردۆلۆجی لە زانکۆی سلێمانی چاپیکرد، هەر زوو لەلایەن خوێنەر و پسپۆر و شارەزایان پێشوازییەکی باشی لێکرا، ئێستا لە سایتی هەمان زانکۆ دەستدەکەوێت، خەڵکێکی زۆر داونلۆدی کردووە.

کارەکە هانیدام بەدواداچوونی زیاتر بۆ بزاڤی خوێندکارانی کورد لە تاراوگە بکەم، بە تایبەتیش سەرەتای هەنگاوەکەو خەباتی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE ١٩٥٦-١٩٧٥»، بۆ ئەو ڕێکخراوە ئەم دوو کتێبەم ئامادەکرد؛

١- کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی

کـورد لـه ئەوروپـا. ٢- کوردسـتان گۆڤـاری کۆمەڵـەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، هـەردوو کتێبەکە بنکەی ژیـن لـە سلێمانی چاپیکرد و ئەوانیش جێی خۆیان لـە کتێبخانـەی کـوردی گـرت، هەردووکیان لەسـەر سـایتی بنکـەی ژیـن دانـدراون.

ئـەم کتێبـەی بەردەسـتتان چـوارەم بەرهەممـە بـۆ مێژووی خوێندکارانی کورد لە تاراوگە. بە پشت بەستن بـە چەنـدان بەڵگەنامـەی ئۆرجینـاڵ مێـژووی «کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات- ئەکسـا»م نووسـیوەتەوە، کـە دوای هـەرەسـی خەباتـی چەکداری لـە باشـووری کوردسـتان سـاڵی ١٩٧٥ دەسـتی بـە خەباتـی پیشـەیی خـۆی کـردووە و لەگـەڵ راگەیاندنـی بـەرەی کوردسـتانی سـاڵی ١٩٨٨، لەگـەڵ چەنـد ڕێکخراوێکـی دیکـە یەکیـان گرتۆتـەوە و «کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە ئەوروپا»یـان دامەزرانـدووە.

کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات (ئەکسـا) مێژووییەکـی دەوڵەمەنـدە بـە چالاکـی و بەرهـەم، بەڵگـەو بزاڤەکـەی گەواهیدەرن، سـەبارەت بـەو ڕێکخـراوە، لـە کتێبخانـەی کوردیـدا کتێبێـک، یاخـود هیـچ بەرهەمێکـی ئەکادیمـی نییـە، هیـوادارم ئـەم بەرهەمـەم ببێـت بـە کلیلێـک بـۆ توێـژەران، تـا کار لەسـەر پێگـەی ڕێکخراوەکـە بکـەن.

نەوزاد عەلی ئەحمەد
سوید- ستۆکهۆڵم
پاییزی ٢٠٢٢

# بەشی یەکەم

# کورتە باسێک دەربارەی

# بزاڤی خوێندکاران لەجیهاندا

## تەوەری یەکەم:
## یەکێتیی خوێندکارانی نێودەوڵەتی




یەکێک لە کارتەکانی یەکێتیی خوێندکارانی جیهان

وەک بزاوتێکی کۆمەڵایەتی لە کۆتاییەکانی دووەمین جەنگی جیهانیدا خوێندکاران دەستیان بە جموجۆڵێکی دیار کرد و خۆیان لە گروپ و دەستەی ڕێکخراو کۆکردەوە، ئەو بزاوتە وەک بەشێک لە بزاڤی لاوان لە جیهاندا هەڵگری خاسیەتی شۆڕشگێڕیی بوو، شارەزا و پسپۆرانی ئەو بوارە، بزاڤی خوێندکاران بە بزاڤێکی نێو جیاوازییەکانی کۆمەڵگەی دوای دووەمین جەنگی جیهانی دەبینن، ئەمە و بە دەریشی ناکەن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکە، سەرەتا ئەو گروپ و دەستەبەندییە لە ناوەندە باڵاکانی خوێندن بە تایبەتیش لە زانکۆکاندا سەریهەڵداوە.

وەک چۆن ئەوسا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابەشی دوو بلۆک ببوو، بلۆکی سۆشیالیستیو بلۆکی سەرمایەداری، بەهەمان شێوە مێژووی بزاڤی خوێندکارانیش لە ئاستی جیهاندا بەم شێوەیە پۆلێن کرابوو: یەکێتیی خوێندکارانی جیهان International Union of Students ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە. بزاڤەکەیتر ناوی؛ (کۆنفرانس) کۆنگرەی خوێندکارانی جیهان International Students Confrence ساڵی ١٩٥٠ دامەزراوە، کە چەند ڕێکخراوێکی خوێندکاریی لە وڵاتانی سکاندناڤیاو ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا لەیەکێتیی خوێندکارانی نێودەوڵەتی جیابوونەوە و ئەو ڕێکخراوەیان پێکهێنا.

ئـەو ڕێکخـراوە، ڕێکخراوێکـی نـــاحزبی بـوو، چەتـری ١٥٥ ڕێکخـراو بـووە لـە ١٢٢ وڵات و هەرێـم، نوێنەرایەتـی نزیکـەی ٢٥ ملیـۆن خوێندکاریـی دەکـرد، لـە لایـەن ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان دانپێدانـرا. وەک لـە دیبـاچەی دەسـتووری ڕێکخراوەکـەدا هاتـووە: ئامانجـی سـەرەکی بریتییـە لـە بەرگریکـردن لـە مـاف و بەرژەوەندییەکانی خوێندکاران وباشترکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی وئاستی فێرکردن، ئامادەکردنیان بۆ ئەرکە دیموکراتییەکانـی هاوڵاتیـان، پارێـزگاری لـە ئاشـتی، ژینگـە، پەرەپێـدان و مافـی مـرۆڤ کـردووە.

چالاکییەکـــانی ئـەو ڕێکخـراوە بریتـی بـووە لـە دەرکردنی بەیاننامە، بڵاوکراوەی تایبەت بەڕێکخراوەکە، ئاهەنگگێـڕان بـــە بۆنـەی ڕۆژی جیهانـی خوێنـدکاران کـە دەکاتـە ١٧ی تشـرینی دووەمـی هەمـوو سـاڵێک، ڕێکخسـتنی کۆنگرەکانـی خوێندکـــاران.

سمبولـــی ڕێکخراوەکـە مەشـخەڵێکی درەوشـاوە ودەفتەرێکـی کراوەیـــە، کـە نیشانەیـــە بەتێکۆشـانی بەردەوامـی لاوان بـۆ وەدەسـتهێنانی زانسـت و زانیـاری.

یەکێتیی خوێندکارانی نێودەوڵەتی(IUS) (International Union of Students ڕۆژی ١٩٤٦/٨/٢٧ لـە پـراگ، بـە بەشـداری ڕێکخراوەکانـی خوێندکـــارانی ٦٢ دەوڵـەت دامـــەزراوە، حزبـە شیوعییەکـــان پێگـە و ڕوانگـەی خۆیان بەسـەر ڕێکخراوەکەدا زاڵ کـردبوو لە ئەنجامدا سـاڵی ١٩٥٠ بیسـت ویـەک ڕێکخـراوی خوێندکاریـی


بەشدارییان لە کۆنگرەی یەکێتییەکە نەکرد کە لە ستۆکهۆڵم کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد. هەر لەو ساڵەدا کۆنگرەی خوێندکارانی نێودەوڵەتی ISC یان ڕاگەیاند، ئەم ڕێکخراوە تازەیەش بەشێک بوو لە سیاسەتی پێڕەوکراوی بلۆکی ڕۆژئاوا. هەر بۆیە گەرمبوونی شەڕی سارد ململانێی نێوان یەکێتیی خوێندکارانی نێودەوڵەتی و بەریتانیای گەرمتر کرد، بە تایبەتیش بۆ ڕاکێشانی ئەو ڕێکخراوە خوێندکارییانەی هێشتا نەببوون بە بەشێک لە ململانێکانی ئەو دوو بلۆکە و هەردوولا چاویان بڕیبووە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریقیا، ئەوان دەستیان کرد بە سازدانی ئەڵقەی لێکۆڵینەوە، بەخشینی کامێرا و کەولوپەلی دیکە، دروستکردنی بنکەی تەندروستی بۆ خوێندکاران بە تایبەتی لە هیند، سەرەڕای دەرکردنی گۆڤارەکانی «هەواڵەکانی خوێندکاران لە جیهان» و «فێرکردنی دیموکراتی»، ئیتر وردە وردە یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی پاشەکشێی کرد، لێرەوە ململانێی نێوان ئەو دوو ڕێکخراوە باشتر دەرکەوتن بە تایبەتیش دوای ئەوەی یەکێتیی خوێندکارانی نێودەوڵەتی نەیتوانی سەرکردایەتی ڕێکخراوە خوێندکارییە چەپەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بکات، بەڵام دوای ساڵی ١٩٦٩ کۆنگرەی خوێندکارانی نێودەوڵەتی ڕۆڵ و پێگەی بەرەو لاوازی و پووکانەوە چوو، ئەوەش دوای ئەوەی سەرچاوە داراییەکانی کەم بووەوە و پاشان نەما.

ئەمەو دوای داڕوخانی وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی بە تایبەتیش یەکێتیی سۆڤیەت و چیکۆسلۆڤاکیا لە کۆنگرەی لارانکا لە قوبرس ساڵی ١٩٩٢ یەکێتیی خوێندکارانی نێودەوڵەتی پێکهاتەی دەستووری خۆی گۆڕی و بە شێوەیەک دایانڕشتەوە کە لەگەڵ دۆخی دوای کۆمۆنیستیەت بیگونجێنن.

یەکێتیی خوێندکارانی نێودەوڵەتی هەر سێ ساڵ جارێک کۆنگرەی خۆیان لە وڵاتێک سازکردووە، ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرەی شەشەمینیان لە عیراق بەڕێوەبردووە و بۆ یەکەمجار نوێنەری ڕێکخراوێکی خوێندکاریی کوردی، کە ئەویش کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE وەک میوان نەک ئەندام لە کۆنگرەکەدا بەشداربووە، بە سێ ئەندام ئەوانیش بریتی بوون لە عیسمەت شەریف وانلی، کەمال فوئاد، تەحسین هەورامی.

هەر لە چلەکانی سەدەی ڕابروو خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بیریان لە دامەزراندنی گروپ و دەستەی ڕێکخراوەیی خوێندکاریی کردەوە، دوای دوو هەوڵ لە ئەنجامدا «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE» دامەزرا و بووە خاوەن جێگە و پێگەی خۆی.

## تەوەری دووەم:
## کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و ڕێکخراوی دیکەی خوێندکاریی




یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری کوردستان، کە KSSE دەریکردووە، لەسەر بەرگی گۆڤارەکە هێمای ڕێکخراوەکە کێشراوە.

سەرەتای سەدەی ڕابردوو بیری دامەزراندنی دەستە و ڕێکخراوەیی خوێندکاران لەنێو کورد چەکەرەی کرد، هەر یەکێک لە قەدری جەمیل پاشا، فوئاد تەمۆ، عومەر جەمیل پاشا ڕۆژی ١٩١٢/٧/٢٧ کۆمەڵەی هێڤی خوێندکارانیان لە ئەستەنبوڵ دامەزراند، سەرەتا خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی تورکیا بە تایبەتیش لە ئەستەنبوڵ بوونە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا، پاشان دەیان کەسایەتی نیشتمانیی چوونە ریزی هێڤی. هێڤی پەلوپۆی بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش هاویشت و چەندان کەس لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بوونە ئەندام لە ڕێکخراوەکەدا.

بە راگەیاندن و دامەزراندنی دەستە و ڕێکخراو و حزبی سیاسی دامەزراندنی یەکێتیی و کۆمەڵە خوێندکارییەکان زیاتر پەرەیان سەند و زۆربەی لایەنە سیاسییەکان ڕێکخراویی خوێندکاریی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە، بەڵام هیچ ڕێکخراوێکی خوێندکاریی کوردی وەک (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE) خاوەن پێگە نەبوو.

کۆمەڵەی خوێندکرانی کورد لە ئەوروپا ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوەو ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ هەرەسی بزووتنەوەی چەکداریی خەڵکی باشووری کوردستان لەتوپەت دەبێت و هەر حزبە و چمکێکی بەردەکەوێت و بۆ خۆی دەیبات، بەڵام وەنەبێت لەوکاتەدا

کورد ڕێکخراوی خوێندکاریتری لە ئەوروپا نەبێت، «یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» و لە ئەمریکا ڕێکخراوێکی خوێندکارانی کورد هەبوو گۆڤاری THE KURDISH JOURNAL ی دەردەکرد، ئەم دوو ڕێکخراوە هەردووکیان لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دامەزراون و لە سەرەتای حەفتاکانی هەمان سەدە لە چالاکی کەوتوون.

سالی ١٩٤٩ لە شاری لۆزان- ی وڵاتی سویسرا بە دەستپێشخەری نورەددین زازا و عیسمەت شەریف وانلی «کۆمەڵەی لاوانی دیموکراتی کورد لەئەوروپا» دامەزرا و زیاتر گرنگی بە ژیانی ڕێکخراوەیی خوێندکاران داوە، گۆڤارێکیان لەسەرنێوی بڵاوکراوە، یاخود هەواڵنامە دەرکردووە، هەروەها گوایە جەمیل پاشا لقێکی هیڤی لە ئەوروپا دامەزراندووە، دەکرێت ئەم دوو ڕێکخراوە، وەک دەستپێکی خەباتی ڕێکخراوبوونی خوێندکاران لە ئەوروپا بدرێنە قەڵەم و ڕێگاخۆشکەربن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی فراوانی وەک «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE».

ڕۆژی ١٠ تا ١٩٥٦/٨/١٦ حەڤدە خوێندکاری کورد، ئەوکاتە لە ئەوروپا دەیانخوێند لەشاری ڤیزبادن لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕێکخراوێکیان بەناوی» کۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا» دامەزراند، لەکۆنگرەی سێ دا ڕێکخراوەکە ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد

لەئەورووپا»، ساڵانە کۆنگرەی خۆی گرێداوە، تا ساڵی ١٩٧٥ بەیەکگرتوویی مایەوە و لەو ماوەیەدا شازدە کۆنگرەی گرێداوە و لەکۆنگرەی حەڤدەدا ڕێکخراوی ناوبراو یەکڕیزی خۆی لە دەستدا و کۆنگرەکەش شکستی هێنا.

هەروەها لەسەروبەندی کاروچالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ١٩٥٦-١٩٧٥ نوکسە-ش دروست بوو، NUKSE واتە «یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا»، لە ١٩٦٥/٣/٢١ لە میونخ لەلایەن جەمال نەبەز، بروسکە ئیبراهیم، لەتیف عەلی، ئەحمەد نەقیب دامەزرێنرا. ساڵی ١٩٧٧ خۆی هەڵوەشاندەوە، ئەمە و لە ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا واتە (سۆکسە) دامەزرا، ئەو دوو ڕێکخراوە نەخۆیان بە بەشێک لەکۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دەزانی، نەخۆیان بە درێژەپێدەری ئەوان زانیوە، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، ساڵی ١٩٨٢ ڕێکخراوێکی بۆ خوێندکاران و لاوان دروستکردووە و ناوی لێناوە «یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئەورووپا» کە بە «یوکسی» ناسراوە. هەروەها ناوی ئەم ڕێکخراوانەش هاتووە؛ «کۆمەڵەی خوێندکارە کوردستانییەکان لە ئەمریکا و کەنەدا» و «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لقی وڵاتە یەکگرتووەکان ــ سەربەخۆ»، «یەکێتی کرێکار و خوێندکارانی کورد لە

بەلجیکا- ١٩٧٨»، «یەکێتی خوێندەڤانانی والآتپارێزی کوردستان ـ ١٩٨٧»، «یەکێتیی خوێندەڤانانی کوردستان ـ باکوور»، «ڕێکخراوی خوێندکارانی کوردەکانی سوریا لە دەرەوەی وڵات»، «یەکێتی ئیسلامی قوتابیان و لاوانی کوردستان»، «ڕێکخراوی خوێندکاران و لاوانی ئیسلامی کوردستان»

ئەوەی لەم باسەدا گەرەکمە هەڵوەستەی بۆ بکەم» کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦- ١٩٧٥»یە. بۆ ناسینی ئەم ڕێکخراوە ئاماژە بە کۆنگرەکانی دەدەم و پاشان زۆر بە کورتی ئاماژە بە چالاکییەکانی دەدەم. پێش ئەوەی کورتەیەک سەبارەت بە کۆنگرەکانی کۆمەڵە باس بکەم، کە ئامانجی سەرەکی منە لەم باسەدا، پێویستە بنووسم «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لە چالاکی ڕێکخراوەیی، وەک دەرکردنی چەندان بڵاوکراوە، گۆڤار، سەدان بەیاننامە و کاریتری ئاگادارکردنەوە و پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی جیهان، گۆڤاری (کوردستان) یەکێکە لە چالاکییە دیارە ڕۆژنامەگەرییەکانی ڕێکخراوەکە، کە بە چەندان زمانی جیاواز دەرچووە، هەروەها ڕێکخراوەکە لە دەرگای چەندان وڵاتی داوە بە مەبەستی کۆمەک و پشتیوانی بۆ کورد و خەڵکی کوردستان.

**کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا؛**

- **کۆنگرەی دامەزراندن، ١٠-١٩٥٦/٨/١٦** شاری ڤیزبادن لە ئەڵمانیای فیدڕاڵ: لەم کۆنگرەیەدا تەنیا ١٧ خوێندکار بەشداربوون ئەمە ناوەکانیانە؛ «ئەحمەد زەمچی، ئەحمەد رەسووڵ، بەدیع قوتب، تەحسین محەمەدئەمین هەورامی، دانیش عارف، حەسەن زولفەقار، دارا تۆفیق، سەعدی ئەمین دزەیی، تاهیر خەفاف، زاهیر حوسێن، عیسمەت شەریف وانلی، عومەر رەمزی، فوئاد ساڵح ڕەشە، مەحمود کانەبی، مستەفا قازی، نورەدین زازا، یوسف ئەدیب»، هەروەها باس لە ئیحسان فوئاد ـ یش دەکرێت کە لە کۆنگرەی دامەزراندندا بەشداربووە، تا ئێستاش بەڵگەیەکی نووسراو سەبارەت بە ناوەکان لەبەردەستدا نییە، تەنیا گێرانەوەیە!

- **کۆنگرەی دووەم، ٢-١٩٥٨/١/٤**، لەندەن- بەریتانیا: بیست و دوو خوێندکار بەشداربووە، زۆربەی ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا بەشداربوون لە بەریتانیا دەژیان تەنیا دوو کەسیان نەبێت، ئەویش عیسمەت شەریف وانلی لە سویسرا و عومەر دزەیی لە نەمسا چووبوون، یەکەمجاربوو ژنێک بەشداری لە کۆنگرەکەدا دەکات ئەویش نازدار رەشید جەودەت خەڵکی باشووری کوردستان بووە.

- **کۆنگــرەی ســێیەم**، ٤-١٩٥٨/٨/٨، میونیــخ ـ ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا: بیسـت خوێنـدکار بەشـداربوون، لـەم کۆنگرەیـەدا نـاوی کۆمەڵەکـە کـرا بـە کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا، ئەندامـەکان زیاتـر لـە وڵاتانـی ئینگلتـەرا، ئەڵمانیـا، سویسـرا چووبـوون، زاهیـر مـەلا حوسـێن، کەمـال فوئـاد، نەجیب خەفـاف، نەجمەدیـن کایا یەکـەم جاربـوو لـە کۆنگرەدا بەشـدار دەبـن، چونکـە ماوەیەکی زۆر نەبوو لـە ئەوروپا دەسـتیان بـە خوێنـدن کردبـوو.

- **کۆنگـرەی چوارەم**، ٢٣-١٩٥٩/٧/٢٦ ڤییەننا ـ نەمسـا: چـل خوێندکار بەشـداربوون، زۆر جیـاواز لـە کۆنگرەکانی دیکـە چەنـدان بروسـکە و پەیـام خوێندرانـەوە، کـە لەلایـەن چەنـدان کەسـایەتی و حزبـە کـورد و کوردسـتانییەکان بـۆ کۆنگـرە ناردرابـوو، هەروەهـا دوریـە محەمـەد عەلـی عەونـی و کامـەران بەدرخـان بەشـداربوون، دوریە عەونی ئەوکاتـە کاری ڕۆژنامەنووسـی دەکـرد و لـە پاریـس دەژیـا.

- **کۆنگرەی پێنجەم**، ٢١-١٩٦٠/٨/٢٦، بەرلینی ڕۆژئاوا: حەفتـا و دوو خوێنـدکار بەشـداری کۆنگرەکەیـان کـرد، لـەم کۆنگرەیـەدا سـەرەڕای کاروبـارە ڕێکخراوەییـەکان و خوێندنـەوەی وتـاری سـەرۆکی کۆمەڵـە و پێشکەشـکردنی ڕاپۆرتـەکان، هـەر یەکێـک لە کامەران بەدرخان و ئیحسـان

نوری پاشا وتاریان هەبوو، لەم کۆنگرەیەدا شەڕ کەوتە نێوان پارتی و شیوعییەکان، دارا تۆفیق و هاوسەرەکەی هەر یەکێکیان لە بەرەیەک دابوون، دارا تۆفیق گوتی؛ بە درێژەدان بەم شەڕ و تێکهەڵچوونە کێشە لەنێوان من و هاوسەرەکەم دروست دەبێت!

- **کۆنگرەی شەشەم،** ٢١-١٩٦١/٨/٢٦، مونیستەر- ئەڵمانیای فیدراڵ: سەد و نۆ خوێندکار بەشداربوون، د. جەمشید جەلادەت بەدرخان شوێنی کۆنگرە و شوێنی خەوتنی ئەندامانی کۆنگرەی خستبووە ئەستۆی خۆی، لەم کۆنگرەیەدا عەزیز شەمزینی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق و کەریم ئەحمەد نوێنەرایەتی حزبی شیوعی عیراقی دەکرد، لەم کۆنگرەیەش کێشە کەوتە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق و شیوعییە سوری و عیراقییەکان سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵەی خوێندکاران بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی عیراق و سوریا دروست بوو، لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری یەکێتیی خوێندکارانی نێودەوڵەتی و دارا تۆفیق وەک نوێنەری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی جیهانی بەشداربوون.

- **کۆنگرەی حەوتەم،** ٩-١٩٦٢/٨/١٥، براونشفایک ـ ئەڵمانیای فیدراڵ: سەد و دە خوێندکار بەشداربوون، بۆ ئەم کۆنگرەیە بەرپرسێک لە حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی شوێنی کۆنگرەو شوێنی حەوانەوەی بۆ

ئەندامانـی کۆنگـرە دابینکردبـوو، بەتانـی و دۆشـەک و سـەرینی بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو لـە سـوپای ئەڵمانیـا خواسـتبوو دوای کۆنگـرە بـۆی گەڕاندنـەوە، کەمـال فوئـاد بـە کۆمیتـەی سەرپەرشـتی کۆنگـرەی گوتبـوو؛ بـا شـیوعییەکان نەزانـن ئـەو بەتانـی و دۆشـەک و سـەرینانەمان لـە سـوپای ئەڵمانیـا خواسـتووە ئەگەرنـا کێشـە دروسـت دەکـەن!

- **کۆنگـرەی هەشـتەم** ٩-١٩٦٣/٨/١٥، مونشـن ـ ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا: سـەد و پەنجـاو شـەش خوێنـدکار بەشـداربوون، لـەم کۆنگرەیـەدا مـام جـەلال نوێنەرایەتـی شۆڕشـی کوردسـتانی دەکـرد، هـەر ئەوکاتـە سـەردانی چەند وڵاتێکی ئەوروپیشـی کرد، میوانێکی زۆر لە عەرەب و ئەڵمانـی و لـە وڵاتانیتـر بەشـداربوون. لـەم کۆنگرەیـەدا محەمـەد مەهـدی جەواهیـری شـیعری» کوردسـتان ئـەی وڵاتـی قارەمانـان»ی خوێندەوە، بە گوێرەی زانیارییەکان جەواهیـری ئـەو شـیعرەی بـە تایبـەت بـۆ کۆنگرەکـە نووسـیوە و لـە ڕۆژانـی کۆنگرەدا نووسـیویەتی. جێگای ئاماژەیـە لە وێسـتگەی شـەمەندەفەری نۆرنبێرگ لە لایەن مـام جـەلال، کەمـال فوئـاد، سـەعدی دزەیـی، ئەرجومەنـد سـدیق، مەحمـود شـویش، حوزنـی حاجـۆ پێشـوازی لێکـراوە.

- **کۆنگرەی نۆیەم**، ٣-١٩٦٤/٨/٩، هانۆڤەر ـ ئەڵمانیا: سەد و هەشتا و سێ خوێندکار بەشداربوون، نوێنەرانی لقی ئەم وڵاتانەی کۆمەڵە بەشداربوون؛ ئەڵمانیای فیدراڵی، بولگاریا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیای دیموکراتی، نەمسا، یەکێتیی سۆڤیەت، یوگسلاڤیا، هەنگاریا، بەرلینی ڕۆژئاوا، پۆڵۆنیا، چیکۆسلۆڤاکیا، ئەو کاتە پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق ببوو بە دوو لەت، لە کۆنگرەدا بڕیاردرا کۆمەڵە وەفدێکی نێوەندگیری بۆ کوردستان بنێرێت، وەفدەکە بریتی بوو لە عیسمەت شەریف وانلی و کەمال فوئاد، سەردانی هەردوو باڵەکەی پارتی یان کرد، بەڵام وەک باس دەکرێت لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەوروپا عیسمەت شەریف وانلی بێلایەنی خۆی لە دەستداوە و لەنێو ڕیزەکانی کۆمەڵە وەک لایەنگری باڵی بارزانی، دژی باڵی مەکتەبی سیاسی هەڵسوکەوتی کردووە.

- **کۆنگرەی دەیەم**، ١٧-١٩٦٥/٨/٢٢، بەرلینی ڕۆژئاوا: سەد و سی و سێ خوێندکار بەشداربوون، لەم کۆنگرەیەدا سەرەڕای نوێنەرانی ئەو لقانەی لە کۆنگرەی نۆیەمدا بەشداربوون، ئەمجارە نوێنەری لقەکانی ڕۆمانیا و هۆڵەندا هاتبوونە کۆنگرە، هەروەها نوێنەرانی چەندان کۆمەڵە و ڕێکخراوی خوێندکاریی لەسەر ئاستی جیهاندا بەشداربوون و زۆربەیان وتاریان پێشکەشکردووە و پشتگیریان لە کۆمەڵە و کێشەی خەڵکی کوردستان کردووە، ئەمەو سەرەڕای ناردنی

دەیـان بروسـکە و پەیـام لەلایـەن حـزب و ڕێکخـراوە سیاسـییە کـورد، عـەرەب، جیهانییەکانـەوە.

- **کۆنگـرەی یـازدەم،** ٢٦-١٩٦٦/٨/٣٠، بــەرلینی ڕۆژئـاوا: سـەدو حــەڤــدە خوێنـدکار بــەشداربوون. حەمـرەش ڕەشـۆ ئەندامێکـی چالاکـی کۆمەڵـە لـە چەنـد شـوێنێکدا بـە نێگەتیڤ لـەو کۆنگرەیە دواوە بە تایبەتیش ململانێی توندی نێوان هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردسـتان- عیـراق، حەمـڕەش دەڵێـت؛ نیشـانەی شـەڕ و رق بـە ڕووخسـاری ئەندامانـی کۆنگـرەوە دیاربـوو، لـە کۆنگرەکـەدا حیلمـی عەلـی شـەریف وەک نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان- باڵـی مەکتەبی سیاسـی و ئیسـماعیل عـارف وەک نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان- باڵی بارزانـی وتاریان پێشکەشکردووە، لـە وتارەکانیانـدا ئەندامانی کۆنگرەیان نیگەران و رەشـبینتر کـردووە. دەڵێـن؛ ئیسـماعیل عـارف موسـەجیلێکی بچووکـی لەگـەڵ خـۆی هێنابـووە هۆڵـی کۆنگـرە هـەر کەسێک ڕەخنـەی لـە بارزانی بگرتبووایە تۆمـاری دەکرد تـا بـۆ بارزانـی بباتـەوە. بـەڵام سـەرەڕای ناکۆکییـەکان ڕیزەکانـی کۆمەڵـە بـە یەکگرتوویی مایـەوە، کەمـال فوئـاد بـە سـکرتێری کۆمەڵـە هەڵبژێردرا، هەریەکێک لە سـەعدی دزەیی، حەسـەن محەمەد عەلی، مسـتەفا سـەیدۆ، رەفعەت ئیبراهیـم بـە ئەندامـی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتی هەڵبژێـردران.

- **کۆنگـرەی دوازدەم،** ٢٧-١٩٦٧/١٢/١، بەلگـراد: دووسـەد و دوانـزدە کـەس بـــەشداری کۆنگرەکەیـان کـردووە. بڕیاربـوو ئـەم کۆنگرەیـە ڕۆژانـی ١٧ تـا ٢٢ی ئابـی ١٩٦٧ لـە ڤیەننـای پایتەختـی نەمسـا سـازبکرێت، بـەڵام نوێنـەری وەزارەتـی دەرەوەی نەمسـا هەفتەیـەک پێـش ئـەو مێـژووە لقـی نەمسـای کۆمەڵـەی ناوبـراوی ئـاگادار کردەوە لەسـەر داخوازی باڵیۆزخانـەی عێراق لە نەمسـا ڕێگا نادەین ئـەو کۆنگرەیە لە نەمسا ببەسترێت، بـە پەلـە سکرتێری کۆمەڵـە چەنـد کۆبوونەوەیەکی کرد تـا لـە ئەنجامدا بەهـۆی پەیوەندی باشـی کەمال خۆشناو سـکرتێری کۆمەڵـە لـە یوگسـلاڤیا، لەگـەڵ یەکێتیـی خوێندکارانـی یوگسـلاڤیا شـوێنی سـازدانی کۆنگرەکـە لـەو وڵاتـە دابینکـرا، لەوێش حکومەتـی عێـراق هەوڵیـدا، کۆنگرەکـە نەکرێـت، بـەڵام حکومەتـی یوگسـلاڤیا گوێـی بـە داواکـەی عێـراق نـەدا، لـە کۆنگرەکـەدا بـۆ دەسـتەی سـکرتاریەت سـێ کـەس هەڵبژێـردران؛ کەمـال فوئـاد لـە باڵـی مەکتەبی سیاسـی، محەمـەد سـاڵح جومعە لـە باڵـی بارزانـی. جەوهـەر شـاوەیس لـە حزبـی شـیوعی عێراقـی، بـۆ کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتیش بـە سـازان ئـەم کەسـانە هەڵبژێـردران: دارا عەتـار و حوسـێن بارزانـی لـە باڵـی بارزانـی. لەتیـف ڕەشـید و دارا ئەدیـب لـە باڵـی مەکتەبی سیاسـی. جەمشـید حەیدەری و هیـوا بەهجـەت لـە حزبـی شـیوعی عێراقـی. سـەردار ئاراراتـی بێلایـەن.

- **كۆنگـرەی سـیازدەم**، ١١-١٩٦٩/٨/١٧، بەرلینـی ڕۆژئـاوا: ئـەم کۆنگرەیـە بـە بەشـداری ٢٤٢ ئەنـدام و ژمارەیـەک لـە میـوان بەڕێوەچـوو، جۆرێـک لـە ئیفلیجبوون بە کۆنگرەکەوە دیاربوو چونکە ژمارەیەکی زۆر لـە کەسایەتییە دیارەکانی ئەوروپا بەشدارنەبوون، ئەمجـارە هەسـتدەکرا، کۆمەڵـە بـە حزبیبوونـی زۆرتـری پێـوە دیـارە و چەنـدان ئەندامـی دەسـتەی دامەزرێنـەر و دەستەی بەڕێوەبەرێتی گشتی ئامادەنەبوون، یاخود خۆیـان کاندیـد نەکـرد.

- **کۆنگـرەی چـواردەم**، ١-١٩٧٠/٨/٥، سـتۆکهۆڵم ـ سـوید: سـەد و سـی و پێنـج ئەنـدام بەشداربوون، تەنیا ١٧ کەسیان لـە سـوید بوون، نوێنـەری چەندان لایـەن و ڕێکخـراوی سیاسـی کوردی لەگـەڵ نوێنـەری ڕێکخراوی فەتـح و هـەرێمـی باسـک بەشـداربوون، یەکـەم جاربـوو کۆمەڵـە بانگهێشـتی باڵیـۆزی عیـراق لـە دەرەوە بـکات، لـەم کۆنگرەیـەدا بالیـۆزی عیـراق لـە سـوید بەشـدار بـووە و وتاریشـی پێشکەشـکردووە، چونکـە کۆنگرەکـە لەسـەروبەندی ئیمزاکردنی بەیاننامـەی ١١ی ئازار بـووە لەنێـوان حزبـی بەعـس لـە عیـراق و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان- عیـراق

- **کۆنگرەی پازدەم**، ١٥-١٩٧٢/٨/١٩، بوخارست ـ رۆمانیا: دووسەد و شەست ئەندام بەشداربوون، دیسان حکومەتی عیراقی فشاری خستبووەسەر حکومەتی نەمسا تا ئەم کۆنگرەیە لە وڵاتەکەی سازنەکرێت، ئەگەرنا بڕیاربوو هاوینی ساڵی ١٩٧١ لە وڵاتی نەمسا کاروبارەکانی بەڕێوەببات، ئەوەی سەیرە دوای ئەوەی رۆمانیا ڕێگا دەدات کۆنگرەکە لەوێ سازبکرێت و کارئاسانیش بۆ ئەوانە بکات کە لەدەرەوەی رۆمانیا دێن، نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عیراقیش بەشداربووە، ئەمە و نوێنەری حزب و ڕێکخراوە سیاسییە کورد و کوردستانی و حزبی شیوعی عیراقی و چەندان ڕێکخراوی خوێندکاریی لە جیهاندا بە نوێنەر بەشداربوون. هەروەها دەڵێن ڕێگا بە سەلاح بەدرەدین نەدراوە، وتاری حزبەکەی پێشکەش بکات چونکە گومانێک هەبوو کە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا هەیە. دوو ڕووداو لە رۆژانی کۆنگرە ڕوویانداوە، کە یەکەم کۆنگرەیە ڕووداوی لەو شێوەیە ڕوودەدات، یەکەم؛ چەند کوردێکی ڕۆژهەڵات وێنەی سەرکردەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێرانیان بەرزکردبووەوە و بارزانییان تاوانبار دەکرد کە کوشتویەتی. دووەم؛ لەنێوان کوردەکانی باکووردا کێشە سەبارەت بە کوژرانی د.شڤان و هاوڕێکانی دروست بووە.

- **کۆنگـرەی شـازدەم،** ١٦-١٩٧٣/٨/١٩، بەرلینـی ڕۆژئـاوا: ئـەم کۆنگرەیـە بـە بەشـداربوونی سێسـەد ئەنـدام کاروبارەکانـی بەڕێوەبـردووە، لـەم کۆنگرەیـە و لـە چەنـد کۆنگرەیەکـی ڕابـردوودا قەڵەمـڕەوی پارتـی دیموکراتی کوردستان- عیراق بەسـەر کۆنگرەکەدا زاڵ بووە و زیاتـر لـە کۆنفرانسـی لقی شـەش «ئەوروپا»ی پارتـی دەچـوو، بۆ نموونـە چەندان وتـار بەنـاوی پارتـی خوێندرانـەوە، لـەم کۆنگرەیـەدا وتـاری لقـی یـەک واتـە لقـی دهۆکـی پارتیـش پێشکەشـکراوە، وەک بەڵگەیـەک دەکرێـت بەیاننامـەی کۆتایـی کۆنگـرە سـەیربکرێت، کـە زیاتـر لـە بەیاننامەیەکـی حزبی دەچێت، نـەک بەیاننامـەی ڕێکخراوێکـی پیشـەیی.

- **کۆنگـرەی حەڤـدەم،** ٢٧-١٩٧٥/٨/٢٨، بەرلینـی ڕۆژئـاوا: بەهـۆی هەرەسـی شـۆڕش و بزوتنـەوەی چەکـداری لەباشـووری کوردسـتان لـە ١٩٧٥دا، ئـەم کۆنگرەیـە شکسـتی هێنـا و زۆربەی ئەندامانـی ڕێکخراوەکە لەگـەڵ ئـەوە نەبـوون خۆیـان بـە سـەرکردایەتی پێشـوو ببەسـتنەوە، دوای ئـەو شکسـتە هـەر حزبـە و کۆمەڵـەی تایبـەت بەخـۆی دروسـتکرد و زۆربـەی کۆمەڵەکانیـش خۆیـان بـە درێژەپێدەری مێژووی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کـورد لـە ئەوروپـا» دەزانـی. دوای هـەرەس ئـەم کۆمەڵـە خوێندکارییانـە دروسـت بـوون و درێژەیـان بـە خەباتـدا:

– کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا)، نوێنەرایەتی؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چەندان حزبی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاوای کوردستان.

– کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا ـ ناوەندی پراگ KSSE. نوێنەرایەتی حزبی شیوعی عیراقی.

– کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا ـ ناوەندی بەرلین KSSE. نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق.

– کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئەوروپا (یۆکسی). نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان.

– ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا (سۆکسە). نوێنەرایەتی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک).

– لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی دیکە.

ئەوەی ئەم کتێبەی بۆ تەرخانکراوە بریتییە لە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات– ئەکسا).

## سەرچاوەکانی بەشی یەکەم
## ( تـەوەری یەکەم و دووەم):

– نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد، ڕۆژنامەگەریـی خوێندکارانـی کورد لەئەوروپاو ئەمریکادا، لـە بڵاوکراوەکانـی سـەنتەری کوردۆلۆجـی، سـلێمانی ٢٠٠٨

– نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد، کۆمەڵێـک بەڵگەنامـەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا ١٩٦٣– ١٩٧٣، لەبڵاوکراوەکانـی بنکـەی ژیـن، سـلێمانی ٢٠٠٩

– نـەوزاد عەلی ئەحمـەد، کوردسـتان، گۆڤـاری کۆمەڵەی خوێندکارانـی کـورد ١٩٥٨–١٩٧٤، لـە بڵاوکراوەکانـی؛ پـرۆژەی هاوبەشـی: ئەکادیمیـای هۆشـیاری و پێگەیاندنـی کادران– بنکـەی ژیـن، سـلێمانی ٢٠١١

– علـي جعفر، کورد المهجر؛ جمعيـة الطلبـة الکـورد فـي اوربـا، الجزء الاول، منشـورات دار خانـي للنشـر و التوزيـع، ٢٠١٦ .....

https://en.wikipedia.org/wiki/ International Unionof Students

– إضاءات عن الحرکة الطلابية العالمية

www.hespress.com/opinions/264722.html

– ئەرشیف و کتێبخانەی تایبەتی نووسەر.

# بەشی دووەم

# کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
# لە دەرەوەی وڵات «ئەکسا»

# تەوەری یەکەم:
# کورتەیەک لە مێژووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات – ئەکسا لە ئابی ١٩٧٥ تا ئابی ١٩٧٦


1975/10/20

یەکێک لە بەڵگەنامەکانی کۆمیتەی ئامادەکردن ١٩٧٥/١٠/٢٠

کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورووپا KSSE لـە مـاوەی ١٩٥٦-١٩٧٥ شـانزدە کۆنگـرەی گرێـدا، وەک لـە پەیڕەوی ناوخۆیـدا هاتـووە دەبـوو لـە وەرزی هاوینـدا بـە تایبەتیش لە مانگی ئابی ١٩٧٤ حەڤدەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوەببـات، بـەڵام شکسـتی بزووتنـەوەی چەکداریـی لـە باشـووری کوردستاندا کاریگەریی خسـتە سـەر دواخستنی کۆنگـرەی کۆمەڵـە.

ئەگەرچـی هـەر لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو بـە تایبەتیـش دوای دوولەتبوونـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ـ عیـراق لـە سـاڵی ١٩٦٤، لـە چەنـدان وڵاتـدا ئەندامانـی هـەردوو باڵەکـەی پارتـی لـە ململانـێ دابـوون، کـە لـە کۆنفرانسـی لقـەکان ئەندامانـی خۆیـان لـە دەسـتەی بەڕێوەبـەری لقـەکان بن، بـەڵام ئـەو هەوڵانـە ڕیزەکانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورووپـا- ی تێک نـەدا و هـەر بـە یەکگرتوویـی مایـەوە تـا ڕۆژانـی شکسـتی خەباتی چەکداری لـە سـاڵی١٩٧٥.

کۆنگـرەی حەڤدەمینـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەورووپـا لـە ڕۆژی ٢٧ تـا ٣١ی مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٧٥ لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوا سـازکرا، کاریگەرییەکانـی شکسـتی خەباتـی چەکداریـی لـە باشـووری کوردسـتان هـەر لـە یەکـەم سـاتی دەسـتپێکردنی کاروبارەکانـی کۆنگـرە ڕەنگـی دایـەوە و زۆربـەی ئەندامانـی کۆنگـرە ڕەخنەیـان لـەو سـەرکردایەتییە دەگـرت کـە بزووتنـەوە

چەکدارییەکەیان ڕووبەڕووی شکست کردەوە و هەر لەدانیشتنی یەکەمینیدا کۆنگرە شکستی هێنا و درێژەی بە ڕۆژەڤی خۆی نەدا، بەشی هەرە زۆر لە ئەندامانی کۆنگرە هۆڵەکەیان چۆڵ کرد و لە دەرەوەی هۆڵەکەدا دەستیان بە بیروڕا گۆڕینەوە و گفتوگۆ کرد تا لەکۆتایدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە دەستەیەک دروست بکەن بەناوی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE.

ڕۆژانی کۆنگرەی شکستخواردوو هاوگوڤ بوون لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان, کە تازە سێ مانگ بوو خۆی ڕاگەیاندبوو، زۆربەی هەرەزۆری ئەو کوردانەی لە دەرەوە دەژیان بە تایبەتیش لە ئەوروپا، تورە و هەڵوێستی توندیان بەرامبەر بە سەرکردایەتی بزووتنەوە چەکدارییەکەی باشوور هەبوو، هەربۆیە دەکرێت بڵێین شکستی کۆنگرە وەک مانگی چواردە وابوو، بەڵام ئەو ئەندامانەی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق، کە هێشتا وابەستەبوون بە سەرکردایەتییەکەیان بە تایبەتیش چەند کەسێکیان لە کەمپەکانی ئاوارەیی لە ئێران بۆ کۆنگرە ناردرابوون، هەر زوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ـ یان تاوانبار کرد، کە ئەوان هۆکاربوون بۆ شکستی کۆنگرە، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕاستە و نەوشیروان مستەفا ئەمین لە کتێبی لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دەڵێت: «ئێمە

لەگـەڵ ئەوەبوویـن کۆمەڵـەی خوێنـدکاران یەکڕیـزی خۆیـان بپارێـزن و ڕێکخراوەکـە بەیەکگرتوویـی بمێنێتـەوە»، بـەڵام خەڵکانێک هەبـوون دەیانگوت لەژێر سـەقفی سـەرکردایەتی کـۆن نامێنینـەوە، وەک سـەلیم بابـان پێـی ڕاگەیانـدم «چاوپێکەوتـن لەگـەڵ سـەلیم بابـان ستۆکهۆڵم هاوینـی ٢٠١٦»

ئەوانـەی لەهۆڵەکانی کۆنگرەکە مانـەوە بریتـی بـوون لـە ئەندامانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ـ عیـراق، هەندێک لە ئەندامانی پارتییەکـەی سـوریا و ئـەو ئەندامـە کوردانەی حزبی شیوعی عیراق، کە لــە دەرەوە دەژیان بـە تایبەتیـش لـە وڵاتانـی بلۆکـی سۆشیالیسـتیدا، لەگـەڵ چەند کوردێکی باکـور، کـە لەئەوروپا دەژیـان درێژەیـان بە کاروبارەکانی کۆنگرەی حەڤدەمیندا.

دوای سـاڵی ١٩٧٩ ئـەو کۆمەڵەیـەش لێکتـرازا، شـیوعی و پارتییـەکان ماڵـی خۆیـان جیاکـردەوەو بـەم دوو نـاوە دەسـتیان بـە کاروچالاکـی کـرد؛ کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا مەڵبەنـدی پراگ ئەمـە هـی شـیوعییەکان بـوو، کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کورد لـە ئەوروپا مەڵبەندی بەرلیـن ئەمـە هـی پارتییـەکان بـوو.

کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا KSSE لـە کۆنگـرەی حەڤدەمینـدا بـەو شـێوەیە لێکتـرازا، باڵـە زۆرینەکـەی ئەندامانـی کۆنگرەی حەڤدەمین هەڵوێسـتیان نوانـد، هـەر زوو دەسـتیان بـە دیدار و کۆبوونـەوە کرد

لەپێناوی خۆسازدان بۆ کۆنگرەی حەڤدەمین, کە ئەوان کۆنگرەکەی بەرلینی ڕۆژئاوایان بە ناشەرعی دەزانی.

سەرەڕای دروستکردنی کۆمیتەی ئامادەکار بۆ کۆنگرەی حەڤدەمین ڕێکخراوێکی تریش پێشتر هەبوو بەناونیشانی ڕێکخراوی نووسەر و رۆشنبیرانی کوردستانی ئێران، هەردوولا هەماهەنگ بوون بۆ سازدانی کۆنگرەکە، لەگەڵ نوێنەری چەندان حزب لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە ڕۆژی ١٣ تا ١٧ی مانگی ئابی ١٩٧٦ لە شاری فرانکفورت کۆنگرەی حەڤدەمینیان سازکرد و ناوی ڕێکخراوەکەیان لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا KSSE، بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات AKSA گۆڕی.

ئەوەی من دەمەوێت قسە و باسی لەبارەوە بکەم چالاکییەکانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانە لە نێوان کۆنگرەکەی پارتی و شوعییەکان، واتە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا کۆنگرەی حەڤدەمین ١٧ تا ٣١ی ئابی ١٩٧٥ لە بەرلینی ڕۆژئاوا تا کۆنگرەکەی زۆرینە، کە ناوی کۆمەڵەی بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا) گۆڕی، واتە کۆنگرەی حەڤدەمین کە ڕۆژی ١٣ تا ١٧ی مانگی ئابی ١٩٧٦ لە شاری فرانکفورت سازکرا.

لە پێناوی خستنەڕووی کۆمەڵێک راستی مێژوویی،

نیگا لە هەندێک بەڵگەنامەی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمین دەگرم، چەند دێڕ و پەرەگرافێک لە چالاکییەکانیان دەنووسمەوە، بە تایبەتیش هەڵوێستیان سەبارەت بەو ڕووداوانەی لەنێوان هەردوو ئابەکەدا ڕوویداوە.

کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە هەمان ڕۆژدا ١٩٧٥/٨/٣١ کە دەستەکەی ئەولا واتە پارتییەکان و شیوعییەکان بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی خۆیان بڵاوکردەوە، ئەوانیش لەژێر ناونیشانی «بەیاننامەی کۆمیتەی ئامادەکردنی حەڤدەمینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» بەیاننامەیەکیان بڵاوکردۆتەوە، لە سەرەتادا ڕەخنە لە کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە دەگرن کە فرسەتیان نەداوە ئەندامانی کۆمەڵە لەوڵاتانی سۆشیالیستی و خوێندکارە پێشکەوتخوازەکان و ... هتد بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن. کۆمیتەی ئامادەکار وەک زۆرینە، ئەنجامی کۆنگرەکەیان ڕەتکردۆتەوە و لە بەیاننامەکەدا نووسیویانە دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە کە لە ڕۆژی ٢٧ تا ١٩٧٥/٨/٣٠ لە بەرلینی ڕۆژئاوا درێژەی هەبووە، ئەم بڕیارانە دراوە:

«ئەو کۆنگرەیە بە شەرعی نازانن، تەخویلکردنی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمین، کە بە زووترین کات پەیوەندی بە لقەکانی کۆمەڵە و لایەنە

سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان بکات بۆ دەستنیشانکردنی شوێن و کاتی کۆنگرە، بە هەر شێوەیەک بێت پێویستە کۆنگرە لە ماوەی ساڵێکدا سازبکرێت، کۆمیتەی ئامادەکار لەسەر کاروبارەکانی بەردەوام دەبێت تا کۆنگرە دەبەسترێت و هەموو دەسەڵاتەکانی لیژنەی بەڕێوەبەرێتی گشتی دەبێت، دەستوورێکی نوێ بۆ کۆمەڵە ئامادە دەکات»

هەروەها ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/٢٠ کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمین ڕاگەنراوێکی بڵاوکردۆتەوە، ئەمە چەند ڕستەیەکە لەو ڕاگەیەنراوە: «ئێستا ماوەی ٣ مانگ بەسەر کۆبوونەوەی بەرلین تێدەپەڕێ، لەو ماوەیەدا کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی (١٧)هەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بە گوێرەی توانا دەستی داوەتە کاروبار، لەو باوەڕەداین، کە بەیانەکانی کۆمیتەی ئامادەکردن بە شێوەیەکی بەرین بڵاوکراوەتەوە و بە هەموو لایەکتان گەیشتووە، ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکردن هەریەکە و لە شوێنی خۆیان بە گوێرەی ئیمکان لەگەڵ ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی پێشکەوتو و دیموکرات پەیوەندیان گرتووە و باری ڕاستی ڕووداوەکان لە کوردستان و بەسەرهاتی ئەو چەند مانگەی دوایی و هەڵوێستی خوێندکارە کوردە پێشکەوتوەکانیان بۆ روون کردوونەوە».

هەروەها لەپەرەگرافێکیتری ڕاگەیەنراوەکەدا نووسراوە: «ڕێکخستنی ڕیزەکانی کۆمەڵە و پتەوکردنی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە و کۆبوونەوە لە دەورەی کۆمیتەی ئامادەکردن ئەرکێکی گرینگی ڕۆژە، ئاشکراو ڕوونە کە یەکێتی ڕیزەکانی کۆمەڵە پێویستە لەسەر خەتێکی ڕونی سیاسی ڕێبازێکی بە ئاشکرا پێشکەوتوانە و کوردستانی، فرێدانی هەمیشەیی هەڵە و چەوتێکانی بەڕێوەبەری پێشی کۆمەڵە پێک بێ». لە کۆتاییدا دەخوازن: «بە زوووترین کات لەژێر ڕووناکی ڕووداوەکانی ئەو چەند مانگی دوایی و کۆبوونەوەی بەرلین کۆبوونەوەی لقەکان پێک بێنن و کۆمیتەی تازەی لق هەڵبژێرن و بەخێرایی لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەکردن پێوەندی بگرن».

ئەمە و کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمین تا ڕۆژانی کۆنگرەی حەڤدەمین هەڵوێست و بۆچوونی خۆی بەرامبەر چەندان ڕووداو دەربڕیوە و ڕاگەیاندن و بەیاننامەی بڵاوکردۆتەوە، ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/٢٥ لە ڕاگەیانراوێکدا لەژێر ناونیشانی: «شای تاوانبار ئەوە دیسان خوێن دەرێژێ» کوشتنی نۆ پەنابەری کورد مەحکوم دەکات و لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: «هەواڵدەرانی جیهان ئەو خەبەرە پڕ لە کارەساتەیان بڵاوکردەوە: کوردەکانی عیراق کە پەنایان بۆ کوردستانی ئێران هێناوە لە ئۆردوگاکانی (کامپ) لە ژیانێکی گەلێک

شپرژەدا دەژین، بۆ دەربڕینی دژایەتی خۆیان بەرامبەر بەو وەزعە کوردەکانی ئۆردوگاکان خۆپیشاندانێکی ئارامیان کردووە، پۆلیس و ساواکی شا هێرش دەبەنە سەر ئەو کوردانە و ٩ کەسیان لێ دەکوژن و ٢٧ کەسیان لێ بریندار دەکەن». کۆمیتەی ئامادەکردن بەم شێوەیە ئەو ڕووداوە مەحکوم دەکات: «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بێزاری خۆی لەو جینایەتە تازەی ڕێژیمی شا دەردەبڕێ و پشتیوانی تەواوی خۆی لە داخوازی کوردە پەنابەرە عیراقیەکان لەمەڕ دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی فاشستی شا و دەزگا پیاوکوژەکەی ساواک... قبوڵ نەکردنی پرش و بڵاوترکردنەوەیان و دورخستنەوەیان لە ئێران دەکا».

هەرەسی ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان، وەک چۆن دۆخێکی ناهەمواری لە ئاستی پارچەکانی کوردستان دروستکرد، بە هەمان شێوە بۆ کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی ئەوروپا و یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی بلۆکی سۆشیالستی و ئەمریکا شۆکێکی گەورە بوو، هەر بۆیە وەک کاردانەوەیەکی خێرا ئەو سەرکردایەتییەی سەرکردایەتی بزووتنەوە چەکدارییەکەی دەکرد ڕەتکرایەوە و زۆرینە کەوتنە هەڵوێست وەرگرتن، هەر بۆیە دوای ئەوەی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمین بانگەوازی کرد بۆ چالاک کردنەوەی لقەکانی کۆمەڵە، زۆربەی لقەکان دەستیان بە کۆبوونەوە و کۆڕ

و سیمینار کرد، لێرەدا ئاماژە بە کۆبوونەوەی یەکێک لە لقەکان دەدەم وەک خۆیان لە راگەیاندنێکدا بڵاویان کردۆتەوە؛» لەسەر داواکردنی (کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەهەم) ڕۆژانی ٢٩-١٩٧٥/١١/٣٠ کۆمەڵێک لە ئەندامانی لقی کۆمەڵە لە ئەڵمانیای فیدراڵی، کە لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە هاتبوون لە شاری (ماربورگ) کۆبوونەوە بۆ باسکردنی وەزعی کوردستان و لێکۆڵینەوە لەبارەی کۆمەڵەوەو بڕیاردانی پێویست لەو بارەیەوە، پاش باسکردن و لێکۆڵینەوە، کۆبوونەوەکە لەبارەی کاروبارەکانی لقی کۆمەڵەوە لە ئەڵمانیای فیدراڵی چەند بڕیارێکی دا و پڕۆگرامێکی کارکردنی بۆ لق پێشنیار کرد، کە تا کاتی کۆبوونەوەی ساڵانەی لق لە نەورۆزی ئایندەدا جێ بە جێ بکرێت، ئەمجا ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بە گشتی بڕیاریاندا، کە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە پێشکەش بە (کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەهەم)و (کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی) بکەن:

ئەندامانی کۆمەڵە/ لقی ئەڵمانیای فیدراڵی کە لە ١٩٧٥/١١/٣٠ لە ماربورگ کۆبوونەوە داوا لە کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەهەم و کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی ئەکەن کە تا ١٩٧٦/١/٣١ ( کۆمیتەیەکی یەکگرتوو) پێک بهێنن، کە بەستنی (کۆنگرەیەکی یەکگرتوو) بخاتە ئەستۆی، هەروەها داوا ئەکەن:

آ) کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە سەرکردایەتی کۆنەپەرست و دەرەبەگ لەناو بزوتنەوەی کورددا ڕون بکاتەوە.

ب) هەردوو کۆمیتەکە نەخشەی سیاسەتێکی ڕوون دژ بە ئیمپریالیزم بکێشن.

ج) دووبەرەکی نەهێڵن و لەسەر بناغەی یەکگرتنی هەموو هێزە پێشکەوتوەکانی ناو کۆمەڵە کاربکەن.

د) پەردە لە ڕووی هێزە کۆنەپەرستەکانی ناو کۆمەڵە هەڵبماڵن و پەڕیان بکەن.

هـ) لەڕووی ڕێکخستن و سیاسییەوە بە باشی و دروستی کاربکەن تا بتوانن کەموکورتیەکانی ڕابردوو نەهێڵن و شان بەشانی هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی جیهان و ڕێکخراوە قوتابییەکانیان کار بکەن.

( ئەم بڕیارە بەگشتی، بێ دژ و بێ دەنگ وەرگیرا)»

ئەم ڕاگەیەنراوە پێویستی بە شیکار و لێکدانەوە نیە، کۆی خاڵەکان لە یەک ڕستەدا کۆدەکرێنەوە ئەویش خواستی پاراستنی یەکڕیزی کۆمەڵەکەی خوێندکارانە بە مەرجێک ڕووداوەکانی دوای هەرەسی ١٩٧٥ بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت بۆ پێداچوونەوە بەکۆمەڵێک پرانسیپی کاریی ڕێکخراوەیی بکرێت.

بەڵام ئەندامانی کۆمەڵە لە بەریتانیا ڕۆژی ١٩٧٦/٥/١ لە شاری لەندەن کۆبوونەتەوە و لە بەیاننامەیەکی

چوار لاپەرەیدا سەرەڕای هەڵوەستەکردن بەرامبەر بە دۆخی کوردستانی دوای هەرەسی ١٩٧٥ داوا دەکەن لە دەوری ئاڵای کۆمیتەی کۆنگرەی حەڤدەهەم کۆببنەوە. ئەمە و بۆ هەمان مەبەست زۆربەی لقەکان لە وڵاتانی ئەوروپا و خوێندکارە کوردەکانی ئەمریکا کۆبوونەتەوە و بەیاننامە و پشتگیرنامەیان بۆ کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمین ناردووە.

کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمین بە هاوکاری و پشتیوانی لقەکانی کۆمەڵە، بڕیاریداوە کە رۆژانی ١٣-١٩٧٦/٨/١٧ لە شاری فرانکفورت لە ئەڵمانیا کۆنگرەی حەڤدەمین بەڕێوەبچێت، ئەمە دەقی ڕوونکردنەوەیەکی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەمینە، لە ڕۆژی ١٩٧٦/٧/٧ لە ستۆکهۆڵم دەرچووە، کە لەوەدەچێت دوا ڕاگەیەنراوی کۆمیتەکە بێت، بەو شێوەیە ئەرکەکانی تەواو دەبێت، لە کۆنگرەدا دەستەیەکی تازە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵە هەڵدەبژێرن: (ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی کۆنگرەوە):

«بە درێژایی ساڵی ڕابردوو کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەستەی کۆنەپەرست لەناو کۆمەڵەدا گوێی کەڕ کردبوو لە ئاستی داواکانی ئەندامانی و لقەکانی کۆمەڵە لەبارەی کۆنگرەی داهاتووی کۆمەڵەوە، کە هەوڵبدرێت بۆئەوەی ببێتە کۆنگرەیەکی یەکگرتوو، کەچی پێش چەند ڕۆژێک وەپاش ئەوەی کۆمیتەکەمان بەیانی کۆنگرەی

بڵاوکردەوە و شوێن و کاتی بەستنی کۆنگرەی دیاری کرد، کۆمیتەی ناوبراو بەیانێکی بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردەوە، کە تیایدا پێشنیاری بەستنی کۆنگرە ئەکات لە ٥-١٩٧٦/٨/٩ لە شاری بەرلینی ڕۆژئاوا وەتیایدا ئەڵێت: وە بۆئەوەی کات و شوێنی کۆنگرە نەبێتە هۆی پەیدابوونی دووبەرەکی و بەستنی کۆنگرە نەهێتەدی ئەتوانرێت پاش گفتوگۆکردن و ڕێکەوتن دوابخرێت یاخود شوێنەکە بگواسترێتەوە». ئەمە و لە شوێنێکی دیکەی بەیانەکەدا هاتووە: «لەهەمان کات ئەبێت بە تەواوەتی چاوبپۆشرێت لە ژمارە، یاخود لە ناوی کۆنگرە، کە بە هیچ جۆرێ نابێت ببێتە هۆی نەبەستنی»، پاشان هەندێک پێشنیار دەکات لەبارەی چۆنێتی بەستنی کۆنگرە و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی و چۆنێتی هاوکاری و هەڵبژاردن و هتد:

١- کۆمیتەکەمان هەموو کاروبارێکی بەستنی کۆنگرەی تەواو کردووە. کۆنگرەی حەڤدەهەم لە شاری (فرانکفورت) لە ١٣-١٩٧٦/٨/١٧ ئەبەسترێت.

٢-دەرگای کۆنگرە کراوەیە بۆ هەموو ئەندامانی کۆنگرە.

٣- پاش کردنەوەی کۆنگرە لە یەکەم کۆبوونەوەدا (کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکانی کۆنگرە) هەڵئەبژێرێت بە ئەوپەڕی دیموکراسی و سەربەستییەوە، هەموو ئەندامێکی کۆمەڵە مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی هەیە و دەرگا لەکەس ناگیرێت.

٤- ئێمە ئامادەنین نە بۆ گفتوگۆ نە بۆ هاوکاری لەگەڵ هیچ دەستەو تاقمێکدا، کە لێپرسراون لە تێکدانی کۆمەڵە و وەستانی چالاکییەکانی و ناوخراپکردنی لە سالآنی ڕابردوودا سەرەڕای ئەوەش تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامن لەسەر هەمان ڕێباز و هێشتا پەیوەندییان نەپچڕاندووە لەگەڵ ڕابەرانی سەرکردایەتیی خێڵەکی و دامودەزگای کۆنەپەرستی و ئەڵقە لە گوێکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران و نۆکەرانی ئیمپریالیزم، ئەوانە ئەبێت ڕیزەکانی کۆمەڵەیان لێ پاک بکرێتەوە بە تایبەتی، کە بەشی زۆریان نە خوێندکارن نە فریان بەسەر خوێندن و چالاکی خوێندکارانەوە هەیە.

٥- ئەگەر هاتوو لە ٥-٨/٩ بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵە لە بەرلینی ڕۆژئاوا کۆبوونەوە و ناوی کۆنگرەیان لە کۆبوونەوەکەیان نا، ئەوکاتە ئێمە سەیری ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکەیان ئەکەین: ١) ئایا لە بڕیارەکاندا بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بێ هیچ پێچ و پەنایەک سەرکردایەتیی خێڵەکی تاوانبار کراوە و خۆیان لێ جیاکردۆتەوە؟ ٢) دەستەی بەڕێوەبەری نوێ کەسی پاشەڵ پیس و گومان لێکراوی تێدایە لە لایەنگرانی سەرکردایەتی خێڵەکی و گرێدراو بە دامودەزگای جاسوسیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و هێزە کۆنەپەرست و سەر بە ئیمپریالیزمەکان؟ ئەگەر ئەم دوو

ئەنجامە بە باشی هاتنەدەست، دەستەی بەڕێوەبەری نوێ ئەتوانن نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ کۆنگرەی حەڤدەهەم بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کۆنگرەیەکی یەکگرتوو بە زووترین کات.

ئەمانەن بەلای ئێمەوە ڕێگای ڕاستن بۆ پاراستی یەکێتیی ڕیزەکانی کۆمەڵە و ژیاندنەوەی چالاکییەکانی لەسەر بناغەیەکی پێشکەوتووانە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی جیهانی و ناوخۆ وە لەپێناوی چاکە و سودی گەلی کوردا.

بێ گومان لێرەدا ئەو پرسیارەش دێتە کایەوە کە ئایا چی پاڵی بەو دەستەیەوە ناوە، کە پاش ساڵێک لە بێ دەنگی بەیانێکی وا لەبارەی کۆنگرەوە بڵاوبکەنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەلای ئێمەوە ئەمانەی خوارەوەن:

١- نابوودیی ڕابەرانی سەرکردایەتی خێڵەکی لە کوردستان و ریسوابوونیان لەبەرچاوی خۆ و بێگانە بە تایبەتی پاش ئەوەی بزووتنەوەی خەباتی چەکدارانە لە کوردستان لە پێکهاتن و خۆڕێکخستن دایە بەبێ ئەوەی سەرکردایەتی خێڵەکی کەمترین دەورو دەسەڵاتی لەم بزووتنەوەیەدا هەبێت.

٢- خۆپیشاندان لەلای کەسانی ساویلکە و نەزان، کە جاروبار ناوی خۆیان ئەنێن « سەربەخۆ» کە گوایە ئەمان زۆر بە تەنگ یەکێتیی کۆمەڵەوەن، لە کاتێکدا هەر کەسێک نەختێک ئاگای لە ڕووداوەکانی ساڵانی

پێشوو هەبێت ئەزانێت کێ تاساند و ناوبانگی خراپ کرد و کێ ئەو هەموو کارەساتانەی هێنا بەسەر گەلەکەماندا و چۆن ئێستاش ئەیانەوێ جارێکیتر بە ڕێگای هەڵدێر و بێ ئەنجام دا بیبەن و بازرگانی بە خوێن و فرمێسکی گەلی کوردەوە بکەن.

٣- تێکدانی کۆنگرەی حەڤدەهەم، کە هەموو کارێکی ئامادەکردنی تەواو بووە.

ئێمە جارێکی کە بۆ هەموو کەسێکی ڕوون ئەکەینەوە، کە ئەوەی دڵسۆزی کۆمەڵە و گەلی کوردە و ئەیەوێت یەکێتیی ڕیزەکانی کۆمەڵە بپارێزێت و چالاکییەکانی بژێنێتەوە، شوێنی ڕاستەقینەی ئەو، کۆنگرەی حەڤدەهەمە کە لە ١٣-٨/١٧ لە (فرانکفورت) لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ئەبەسترێت، ئەوەی پاش ئەم هەموو کارەسات و پەند و تاقی کردنەوانەش هێشتا دەرسی وەرنەگرتووە و ڕازی یە بەوەی جارێکی کە لەژێر بنمیچێکدا لەگەڵ چڵکاوخۆرەکانی ساواک و سی ئای ئەی دابنیشێت بەلای ئێمەوە ئەو کەسانە نەک هەر ساویلکە و نەزانن بەڵکو ناپاک و دوشمنیشن بەرامبەر بە گەل و نیشتمانەکەیان و ئەوانیش لەگەڵ مامۆستا ساختەچی و دز و درۆزن و دەست بڕەکانیان ئەچنە ڕیزێکەوە، ئیتر نە کۆمەڵە کاری بەوانە هەیە نە گەلی کورد». لێرەدا بەیاننامەکەی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە کۆتایی دێت.

بە ئامادەبوونێکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆمەڵە لە سەرتاسەری ئەوروپادا کۆنگرە بە سەرکەوتوویی کاروبارەکانی بەڕێوەبرد و دەستەیەکی تازەی بۆ بەڕێوەبەریتی گشتی هەڵبژارد و وەک لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا هاتووە بە کۆی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە ناوی کۆمەڵە لە «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» بۆ «کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا» گۆڕدرا.

سەبارەت بە ژیانی ڕێکخراوەیی خوێندکارانی کورد و کوردستان لە چەند کتێب و بابەتێکدا بە وردی باسی ئەو مێژووەم کردووە، بە تایبەتیش لەم سێ کتێبەمدا: «ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکادا[1] و کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا[2]و کوردستان ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا[3] .

١- نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکادا ١٩٤٩- ١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی- ٢٠٠٨

٢- نەوزاد عەلی ئەحمەد، کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٦٣- ١٩٧٣، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٩

٣- نەوزاد عەلی ئەحمەد، کوردستان، گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ١٩٥٨-١٩٧٤، لە بڵاوکراوەکانی؛ پرۆژەی هاوبەشی: ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١١

ئەمەو لەم چەند دێڕەدا گەرەکمە ئیزافەیتر بخەمە سەر زانیارییەکانی ڕابردووم و ئەویش بە سوود وەرگرتن لەم نامیلکەیە «کورتەیەک لە مێژووی خەباتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات». ئەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- لقی بەرلینی ڕۆژئاوا» یە و بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر لە دایکبوونی کۆمەڵەدا ساڵی ١٩٨١چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە دوا لاپەڕەدا ئیمزای نووسەرێک داندراوە بەناوی (هەڵۆ)[٤] بەداخەوە نەمزانی ئەو ناوە کێیە. نامیلکەکە تەنیا هەشت لاپەڕەیە و لەسەر قەبارەی نیو A4 چاپکراوە.

لە نامیلکەی ئاماژەپێدراودا چەند ڕستە و پەرەگرافێک دەنووسمەوە: «٢٥ ساڵ لەمەوبەر لە ١٠ تا ١٦ ی ئابی ١٩٥٦دا حەڤدە خوێندکاری کوردی هوشیار و نیشتمانپەروەری کوردستانی توانییان دوای چەند کۆبوونەوە و وتوێژێکی زۆر لە شاری فیزبادن لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا یەک بگرن بۆ دروست کردنی کۆمەڵەیەکی خوێندکاری لە دەرەوەی وڵات ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە خوێندکار و ڕۆشنبیری کورد لە دەرەوەی کوردستان وەکو هەموو خوێندکار و ڕۆشنبیری نەتەوەکانی تری جیهانی مافی ڕەوای خۆیان

٤- وای بۆ دەچم ئەم ناوە خوازراوە د. کەمال فوئاد بێت.

هەیە، کە ڕێکخراوێکی تایبەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت و جیابێت لەو ڕێکخراوانەی، کە کوردستانیان داگیر و دابەشکردووە.

لەدوای وتوێژێکی حەوت ڕۆژی لەسەر شێوە و ناوەڕۆک و چۆنیەتی و ئەرکەکانی ئەو کۆمەڵەیە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری بێت وە تەنها کاروباری ڕۆشنبیری ناو خوێندکاران کوردستانی لە ئەوروپا ڕێک بخات وە کاروبارە سیاسییەکان بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەجێبهێڵێت، وە کۆمەڵەش ناونرا بە (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا).

دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە دەنگێکی گەورەی لە سەرانسەری ئەوروپادا دایەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی کە (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا)[٥] کە لە سەرەتای ١٩٤٩ دا لەلایەن چەند قوتابییەکی کوردستانییەوە لە ئەوروپا دروستکراو نوشستی هێنا. ئەو نوشستییەش ئەگەڕێتەوە بۆ باری ئاڵۆزی کوردستان دوای جەنگی جهانیی دووەم و ڕەنگدانەوەی ئەو بارەی کوردستان لەسەر خوێندکاران خۆیان و کەمی ژمارەی خوێندکارانی کورد لەوکاتەدا بەڵام سەرەڕای کەم تەمەنی ئەم کۆمەڵەیە

---

٥- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری نەبوو بەڵکو کۆمەڵەی زانستی بوو، لەو رووەوە دەکرێت سەیری ژمارە ١ی گۆڤاری کوردستان بکرێت کە لەم کتێبەمەدا بڵاوبۆتەوە: کوردستان ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

توانـی چەنـد چالاکییـەک ڕێکبخـات وەک بەشـداربوون لـە میهرەجانی دووەمـی لاوان و قوتابیانـی جیهانـی لـە هاوینی ١٩٤٩دا لـە شـاری بودابسـت. جگـە لـەوەی، کـە ئەم کۆمەڵەیە بناغەیەکـی دانـا بـۆ دامەزراندنـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا.

دوای دروسـتبوونی (کۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا) کۆمەڵـە دەسـتیکرد بـە چالاکـی لەنـاو خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا بـۆ کۆکـــردنەوەی خوێنـدکاران لـە دەوری خۆیانـدا کۆمەڵـە نەیتوانـی زۆر چالاکی بنوێنێ ئەوەبوو کۆمەڵـە بەو لاوازییـە مایـەوە تـا کۆنگرەی دووەم کە لە ٢ تا ٤ی کانوونی دووهەمی ١٩٥٨دا لـە شـاری لەنـدەن دا گیـراو ٢٢ خوێنـدکاری کـوردی تێدا بەشـداربوون، کۆنگرەی دووەم هەنگاوێک بـوو بـۆ بـەرەو پێشــەوە چوونـی کۆمەڵـە ئەویـش لـە وەرگرتنـی بڕیـاری بـە سـوود و دانانـی هێڵـی سیاسـی و دەستنیشـان کردنـی کاروبارەکانـی داهاتـووی هەروەهـا کۆنگـرە ڕەخنـەی لـە کەمـی چالاکییەکانـی سـاڵی ڕابـردوو گـرت و بەڵێنـی دا کـە چالاکییەکانـی فراوانتـر بـکات.

یەکەم چالاکی کۆمەڵە ئەوەبوو کە توانی گۆڤارێک بەناوی (کوردسـتان)ەوە دەربـکات و ببێتـە ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵـە کـە بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی و ئینگلیـزی[٦] بڵاوکرایـەوە

٦- بە زمانی ئەڵمانیش دەرچووە.

بەهـۆی ئـەو گۆڤـارە توانـرا دەنگـی کۆمەڵـە زیاتـر بـەڕای جیهانی بگەیەنـێ و کۆمەڵە زیاتر خۆی بەرێکخراوە عەرەبی و بێگانـەکان بناسـێنێ وە پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکات.

لـە هاوینـی هەمـان سـاڵدا لـە شـاری میونیـخ لـە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا کۆنگرەی سـێیەمی کۆمەڵـە رێـک خـرا ئـەم کۆنگرەیـە هەنگاوێکـی چۆنایەتـی بـوو لـە مێـژووی خەباتی خوێندکاراندا لە ئەوروپا ئەوە بوو ناوی کۆمەڵە گۆڕا بۆ (کۆمەڵـەی خوێندکارانی کـورد لـە ئەوروپا) ئـەو گۆڕانـەش لـەو بۆچوونـەوە بـوو کـە کاروبـاری ڕۆشـنبیری لە کاروباری سیاسـی جیاناکرێتەوە و دوو شـتی بەیەکەوە بەسـتراون بـە تایبەتیـش بـۆ خوێندکارانـی کوردسـتانی لـە دەرەوەی وڵات، کـە وەک باڵیۆزخانـەی کوردسـتان وان لـە دەرەوە لەبەرئـەوە پێویسـتە چـالاکییەکانی خوێندکاران ئاوێنەیـەک بێت کـە ویسـت و داخوازییەکانـی گەلـی کوردسـتان نیشـان بـدات». تـا ئێـرە گواسـتنەوەی زانیارییەکانـی نامیلکـەی ناوبـراو بـوو.

کۆمەڵـەی ناوبـراو تـا سـاڵی ١٩٧٣ شـانزدە کۆنگـرەی سـازکرد و لـە مـاوەی ئـەو چەنـد ساڵەدا خاوەنـی سـەدان چالاکـی، کار، بەرهـەم و تێکۆشـانە، بـە جۆرەهـا شـێوە پەیامـی خـۆی گەیانـدووە، کۆنگـرەی حەڤـدەم دوای شکسـتی بزووتنـەوەی چەکداریـی باشـووری کوردسـتان بەڕێوەبـردرا، بـەڵام کۆنگرە سـەرکەوتوو نەبوو و شکسـتی

هێنا و کێشەی تێکەوت، لەم کتێبەمدا «ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و ئەمریکا» بە وردی ئاماژەم بە هۆکارەکانی شکستەکە کردووە.

خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و ئەمریکا هەر زوو دەستیان بە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە کرد ئەوەبوو «کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەهەم» یان پێکهێنا و «ئەو کۆمیتەیە ئەرکی بوژاندنەوەی لقەکانی کۆمەڵەی لە هەموو وڵاتانی ئەورووپا خستە سەرشان و هەندێ چالاکی و خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی حەڤدەهەمی کەوتە ئەستۆ، کۆمیتەی ئامادەکردن توانی تا کۆنگرە کاروبارەکانی سەرشانی خۆی بهێنێتەجێوە پرنسیپەکانی کۆمەڵە جێگیر بکات، کە خۆی لە کوردستانییتی و دیموکراتی و پێشکەوتوویی و سەربەخۆییدا ئەنواند وە توانرا لە ١٣-١٩٧٦/٨/١٧ لە فرانکفۆرت کۆنگرەی حەڤدەهەم بگێڕێ، ئەو کۆنگرەیە هەنگاوێکی چۆنییتی گەورە بوو لە مێژووی ژیانی کۆمەڵەدا وە کۆمەڵە لەو کۆنگرەیەدا دوای ٢٠ساڵ ناوی خۆی گۆڕی بۆ (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات-ئەکسا).


گۆڕانی ناوی کۆمەڵە بۆ ئەوە بوو کە لقەکانی کۆمەڵە تەنیا لە وڵاتانی ئەورووپا نەبێ، بەڵکو کۆمەڵە مافی ئەوەی هەبێت، کە لقەکانی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و

وڵاتانی دەرەوەی ئەوروپا و ئەمریکاش بکاتەوە، هەروەها کۆمەڵە پرنسیپەکانی کۆمەڵەی جێگیر کرد، کە پێویستە کوردستانی بێت بەو مانایەی کە سیاسەت و چالاکی و کاروبارەکانی کۆمەڵە لە خزمەتی هەر چوار پارچەکانی کوردستان دابێت بێ جیاوازی، وە سیاسەتی کۆمەڵە ئاوێنەیەک بێت بۆ خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان».

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ناوەکەی بە زمانی ئینگلیزی بریتیە لە Association of Kurdistan Students Abroad کورتکراوەکەی کراوەتە AKSA بە زمانی کوردی زیاتر بە ( ئەکسا) ناوی هاتووە، ئەم ڕێکخراوە دوای ساڵی ١٩٧٥ یەکێک بوو لە هەرە ڕێکخراوە چالاک و گەورەکانی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات، لقی لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکادا هەبوو، ئەگەرچی وەک ڕێکخراوێکی نزیک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باسی لێوە کراوە بەڵام سەرکردە و ئەندامانی چەندان حزب و هێزی کورد و کوردستانی لە ڕیزەکانی ئەکسا کاریان دەکرد و ئەندامی چالاک بوون لە ڕێکخراوەکەدا، تا ساڵی ١٩٨٨ ساڵانە کۆنگرەی خۆی گرێداوە و زنجیرە ژمارەی کۆنگرەکانی درێژکراوەی کۆنگرەکانی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» بووە، کە لە

ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە، ئەکسا لە زۆربەی کۆنگرەکانیدا ژمارەی ئەندامانی کۆنگرەی لە سەد کەس زیاتر بووە، ئەکسا لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٨٨ لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لەنێوان هێزە کورد و کوردستانییەکانی باشووری کوردستاندا بە بڕیارێکی سیاسی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ چەندان ڕێکخراوی خوێندکاریدا یەکیان گرت و ناوی خۆیان کرد بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەورووپا.

## تەوەری دووەم:
## چالاکوانەکانی
## ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە کێ بوون؟




یەکێک لە چاپکراوەکانی ئەکسا لقی ئیتاڵیا

ئـەو جـۆرە ڕێکخراوانـە دەبـوون بـە چەتـری حزبـەکان و بـۆ ڕێکخراوەکانیـان ئۆفیسـیان دەکـردەوە و چالاکیـان دەنوانـد، کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات یەکێک لـەو ڕێکخراوانـە، هـەر کەسـێک، کـە دەبوو بـە ئەنـدام لـە هـەر ڕێکخراوێکـی خوێندکاریـی مـەرج نەبـووە خوێنـدکار بێـت!

لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسـا) کۆمەڵێـک چالاکـوان کاریـان دەکـرد، کـە زیاتـر سـەرکردایەتی ڕێکخراوەکەیـان دەکـرد، یاخـود ئەندامـی زۆر چـالاک بـوون، ئـەو ڕێکخـراوە سـەرەڕای دەسـتەی بەڕێوەبـەری گشـتی، لقی لـە زۆربـەی وڵاتانی ئەوروپا بـە هـەردوو بلۆکەکـە هەبـوو.

سـۆراغێکی زۆرم کـرد، تـا نـاوی ئەندامانـی ڕێکخراوەکـە بنووسـمەوە، سـۆراغەکەم بـێ ئەنجـام بـوو، چونکـە هیـچ نووسـراوێکم لـەو ڕووەوە دەسـت نەکـەوت، لـە ڕێـگای چاوپێکەوتنێکـم لەگـەڵ کاک: هۆمـەر شـێخمووس[٧] ئـەم ناوانـەم بـۆ سـاغ بـووەوە، کـە لـە ڕێکخراوەکـە چـالاک بـوون، ئەگـەر کەسـێک نـاوی نەهاتبێـت، سـەرەتا داوای لێبـووردن دەکـەم، هیـوادارم بـۆ چاپـی دیکـە سـەرنج و ڕەخنـەکان دەوڵەمەنـد بکـەن:

---

٧- چاوپێکەوتن لەگەل هۆمەر شێخمووس، ستۆکهۆڵم، ٢٠٢٢/٣/١٠

– ئینگلتەرا: د. لەتیف رەشید، د. فازیل تەیب، حسێن کورد نەژاد(حەمە ئەکسا)، عەبدولڕەزاق میرزا فەیلی، قەرەنی قادری، حەسەن قازی، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد.

– فەڕەنسا: د.ئەحمەد بامەڕنی، د. محەمەد سابیر.

– هۆڵەندا: د.جەمیل شەڕەف، ئازاد خۆشناو، د. چیا عەباس، زاهیر حەمە، د.فوئاد حسێن، زاهیر مەحمود.

– ئەڵمانیا: د.ئەرجومەند سدیق، سەلاح رەشید، د. سالار باسیرە، فریاد محێدین، لاوچاک فەهمی، عەبدولموئمین دەشتی، جوانڕۆ ئەحمەد فەهمی، غەزال، سەرتاج بوچاک، د. زۆزان، سەردار ئارارات، خۆشەوی، بەهادین محەمەد، محەمەدی موهتەدی، ئەحمەد بەرواری.


– یوگسلاڤیا: شادمان مەستی، میران مەستی، ئەحمەد قادر سەعید، دڵشاد عەبدولرەحمان.

– چیکۆسلۆڤاکیا: فازیل رەشید، جومعە سەعید، میرحەم یگت، موعین حەمۆ لەیلا.

– ئیتالیا: لالەعەبدە، کەمال مستەفا، کەمال دەروێش، ئەحمەد دەروێش، خالید رەشید، ئالان دیلانی، جەبار مستەفا باخەوان، عەلی هادی، زۆربەی هونەرمەندانی کوردی دانیشتووی ئیتالیا پشتیوانیان لە ڕێکخراوەکە دەکرد.

- رۆمانیا: د. ئەحمەد باسیرە.
- سۆڤیەت: لەوێ ڕێگانەدەدرا بە ئاشکرا کار بکرێت، بەڵام د. کەمال عەلی زۆر چالاک بوو.
- سوید: د.محەمەد کامیل، فازیلەرەش، ئیسماعیل کامیل، سەلیم بابان، ئەمیری قازی.
- نەمسا: هیوا خۆشناو، سەعیدی ئەحمەد پیرە، دڵشاد تاڵەبانی و هاوسەرەکەی، حسێن سنجاری، سەباح حەمەخان.

## تەوەری سێیەم:
## ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆ


ڕێباز و پەیڕەوی

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
د دەرەوەی وڵات

فرانکفورت ١٧-٨-١٩٧٦

یەکەمین ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی ئەکسا ١٩٧٦

وەک ڕێسا و ڕێنمایی و ڕەوتی دامەزراندن و ناساندن و کاروانی کار و چالاکییەکانی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی، یاخود پیشەیی پێویستە ڕێباز و پێڕەوێکی نووسراویان هەبێت، ئەمەی خوارەوەش یەکەمین ڕێباز و پێڕەوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتە، کە لە کۆنگرەی حەڤدەمینی ساڵی ١٩٧٦ دەنگی بۆ دراوە، کۆمەڵەکە ساڵانە کۆنگرەی خۆی گرێداوە و لە ڕۆژەڤی هەموو کۆنگرەکانیشیدا گفتوگۆ سەبارەت بەو ڕێباز و پێرەو کراوە و لەگەڵ واقیعدا گونجێنراوە و دەستکاریکراوە.

**دەقی ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی**
**کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات**

ئەمەی خوارەوە دەقی ڕێباز و پەیڕەوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتە، دەقەکە لە نامیلکەیەک وەرگیراوە، کە بەرگەکەی لێرە داندراوە و کۆمەڵەی ناوبراو ساڵی ١٩٧٦ لە ئەورووپا چاپ و بڵاویکردۆتەوە.

## یەکەم: ڕێبازی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

بە پەیدابوونی ئیمپریالیزم و دابەشکرانی دنیا لەنێوان وڵاتە ئیمپریالیستیەکان دا کوردستانی بوو بە بەشێک لە بازاڕی دەسمایەداری جیهانی و زۆربەی گەلی کورد، کە چینە زەحمەتکێشەکانن کەوتنە ژێر ئەو چەوسانەوە و غەدری نەتەوایەتیەی کە ئیمپریالیزم بەهۆی چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە دەکاری دێنێ.

ناوەڕۆکی خەباتی گەلی کورد بۆ ڕزگاری و دیموکراسی لەسەروبەندی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی جیهانی دا بریتییە لە:

غەدری نەتەوایەتی تەنیا غەدری کۆنەرپەرستە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا، ئێران، عیراق و سوریە نیە. غەدری نەتەوایەتی لە ئەساس دا غەدری ئیمپریالیزمە، کە بە هۆی چینە کۆنەپەرستەکانی نۆکەری خۆی دەکاری دێنێ.

– بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ئێستا لە ئەساس دا بزووتنەوەی چینە زەحمەتکێشەکانی گەلی کوردە لە دژی چەوسانەوە و غەدری ئیمپریالیستی و لە دژی دەرەبەگایەتی و پاشماوەی. ڕزگاری کوردستان بۆ ئازادبوونی چینە زەحمەتکێشەکانە لە چەوسانەوە نەک برەوپێدانی دەسمایەداری کورد. دەسمایەداری لە

تـەواوی دنیـادا بۆتـە نیزامێکـی ڕزیـو و کـۆن کـە دەوری ژیانـی بـەرەو تەواوبوونـە.

– ئیمپریالیزم ئەو گەلانـەی دنیا کە هێشـتا خۆیان ڕزگار نەکـردووە دەچەوسـێنێتەوە و زوڵمیـان لـێ دەکا. گەلەکانـی دنیـا لـە سـەرەتای پەیدابوونـی بـەرەی دەسـمایەداری دژی شـۆڕش خەباتێکی بێ وچانیان بۆ ڕزگاری خۆیـان دەسـت پێکـردووە. ئێسـتا خەباتـی گەلـی کـورد بەشـێکە لـە خەباتـی گەلەکانـی دنیا بۆ ڕزگاری و دامەزراندنی دیموکراسـی. بەو چەشنە گەلی کورد هاوپەیمان و هاوخەبات و یارمەتیدەری لە سەرانسـەری دنیـادا پەیداکـردووە و خەباتەکەی بەشـێک لە بـەرەی شـۆڕشـی جیهانییـە.

بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازانـەی گەلـی کورد لـەو وڵاتانەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە بەشـێکە لـە خەباتـی گشـتی گەلەکانـی ئـەو وڵاتانـە. هاوپەیمـان و هاوخەباتـی ئەسـڵی هـەر کامێک لـە بەشـەکانی گەلـی کورد بزووتنەوەی شـۆڕشـگێڕانەی دژی ئیمپریالیسـتی و دژی کۆنەپەرسـتی ئـەو وڵاتانـەن، کـە گەلـی کوردیـان بەسـەردا دابەشـکراوە. گەلـی کـورد لەبـەر دابەشـکرانی خـۆی و وڵاتەکـەی و لەبەرهاوقازانجـی و ڕێکەوتنـی دوشـمنەکانی چارەنووسـی بەیەکـەوە بەسـتراوەتەوە، بۆیـە هاوخەباتـی و هاوپەیمانـی شۆڕشـگێڕانەی گەلی کورد لە گشـت بەشـەکانی کوردسـتان مەرجێکـی گرینگـی سـەرکەوتنی خەباتـی گەلەکەمانـە.

لــــەناو کۆمەڵـی کـورددا کۆنـــەپەرستی کـورد (دەرەبەگایەتـی و پاشـماوەی) بۆتـە بنکـەی کۆمەڵایەتـی بـۆ پاراسـتنی قازانجـی ئیمپریالیـزم و چینـە کۆنەپەرسـت و دەسـەڵاتدارەکانی ئـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە. راپەڕینەکانـی کـورد بـە تایبەتـی خەباتـی چەکدارانـەی ١٩٦١–١٩٧٥ کوردسـتانی عیـراق ئـەو ڕاسـتیە دەسـەلمێنێ، کـە ڕزگاری نەتەوایەتـی بـە بـێ ڕزگاری چینـە زەحمەتکێشـەکان لـە دەسـەڵاتی کۆنەپەرسـتی کـورد– واتـە بـە بـێ دیموکراسـی ڕاسـتەقینە– مومکیـن نیـە.

گەلـی کـورد لـەوە تـا ئیمپریالیـزم بەسـەر کوردسـتاندا زاڵ بـووە خەباتـی شـۆڕشـگێڕانەتر و بەرینتـر کـردووە بەڵام هێشـتا سـەرنەکەوتووە. تەجروبـەی ڕاپەرینەکانـی کـورد بـە تایبەتـی سـەلماندویەتی کـە گەلـی کـورد بەپشـت بەسـتن بەهێـزی خـۆی دەتوانـێ خـۆی ڕزگار کا و دیموکراسـی دامـــەزرێنێ. ئـەو راپەرینانـە ـ بـە تایبەتـی خەباتـی چەکدارانـەی ١٤ سـاڵەی کوردسـتانی عیـراق ـ ئاشـکرای کـرد، کـە شـکانی ئـەو خەباتـە لەبـەر ڕێبازی کۆنەپەرسـتانە و سـەر بـە ئیمپریالیسـتی سـەرۆکێک بـوو، کـە لـە سـاڵانی دواییـدا بەسـەر ئـەو خەباتـەدا زاڵ بـوو. چینـی دەرەبـەگ و بـورژوازی کـورد ناتوانـن بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی و دیموکراتیکـی گەلەکەمـان بەڕێوەبـەرن.

ئەو ڕاستییە زیاتر لە هەموو زەمانێک ئاشکرایە، کە هێزی بنچینەیی و هێزی هاندەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد زەحمەتکێشی کورد واتە کرێکار و وەرزێران، کە زۆربەی گەلی کوردی لێ پێکهاتووە دەچەوسێتەوەو زۆربەی باری غەدری نەتەوایەتی لەسەرشانە. ئەو هێزە تەنیا هێزێکە، کە ڕزگاری گەلی کورد بە ڕزگاری ئەو بەستراوەتەوە و دەتوانێ دیموکراسی تەواو دامەزرێنێ. زەحمەتکێشی کورد ئەو ئەرکە مێژووییە بە دەست و بابوی پڕ هێزی خۆی و لەژێر ئالای پێشڕەوی سیاسی خۆی دا وەدی دێنێ. هیچ هێزێکی تر لە وزەی دا نیە جێی زەحمەتکێشی کورد بگرێتەوە.

ڕووناکبیری کورد ـ بەتایبەتی خوێندکاران- لە سەرەتای خەباتی ئازادیخوازانە و دیموکراتیکی گەلی کورد شان بە شانی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو تێکۆشاون. ڕووناکبیرانی کورد، کە زۆربەیان لە چینە زەحمەتکێشەکان نین لە کۆڕی خەبات دا دەتوانن کۆت و زنجیری خۆیان بە تەواوی بپسێنن و قازانجی چینە زەحمەتکێشەکان ڕەچاوکەن و ئەرکی مێژوویی خۆیان بەجێ بگەینن.

بزووتنەوەی خوێندکاری بەشێکە لە بزووتنەوەی دیموکراتیک و ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد ناتوانێ جێگەی بزووتنەوەی زەحمەتکێشی کورد بگرێتەوە، هەروەها ڕێکخراوی بزووتنەوەی خوێندکاری لە دەرەوەی وڵات- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات-

ناتوانێ جێگەی ڕێکخراوی سیاسی چینە زەحمەتکێشەکان بگرێتەوە. بەڵام ئەو بزووتنەوەیە، کە بزووتنەوەیەکی وشیارانە و سیاسییە دەتوانێ دیمکراتیزمی شۆڕشگێڕانە بکاتە ئالای خۆی واتە خەباتێکی شێلگیر و نەپساوە بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی و دیموکراسی ڕاستەقینە بکا و خەباتەکەی لە خزمەتی قازانجی زەحمەتکێشان دابێ.

بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات، کە بەشێکە لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بەشێکە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و دیموکراتیکی گەلەکەمان نزیکەی ٢٠ ساڵ لەمەوپێش ڕێکخراوی تایبەتی خۆی- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا-ی دامەزراند. بەڕێوەبەری کۆمەڵەکە هەر لە سەرەتاوە ڕێبازێکی دیموکراتیکی تەواو شۆڕشگێڕانەی نەبوو بە تایبەتی دوای زاڵ بوونی ڕێبازی سەرۆکایەتی عەشیرەتی و سەر بە ئیمپریالیزم بەسەر خەباتی چەکدارانەی چواردە ساڵەی کوردستانی عیراق دا، لە ڕێبازی دیموکراتیکی نیوەچڵی بەتەواوی لایدا و دەگەڵ ئەو سەرۆکایەتیە خۆی بە دوشمنانی گەلی کورد هەڵپەسارد. لەو قۆناغەی ژیانی کۆمەڵە تەواوی سیاسەتە چەوت و دژی گەلییەکانی سەرۆکایەتی سەر بە ئیمپریالیزمی خەباتی چەکدارانەی کوردستانی عیراق بەهۆی دەست و پێوەندەکانی سەربە ڕێبازی بزووتنەوەی خوێندکاری لە دەروەی وڵات دا سەپێندرا

* بەشێک لە دوشمنانی گەلی کورد ـ ئیمپریالیزمی ئەمریکا و رێژیمی کۆنەپەرستی شای ئێران ـ بەدۆستی گەلی کورد داندران. خەباتی کۆمەڵە لە دژی ئەو دوشمنانە راگیرکرا. بەوەش دوایی نەهات ئەو دوشمنانە تەکریم کران. بەڕێوەبەری کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کرێکاری دنیا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی دنیا پشتیوانی نەکرد.

* خەباتی خوێندکارانی کورد بە گشتی و سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان بە تایبەتی لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی پێشی گیرا.

* بزووتنەوەی خوێندکاری، کە ناتوانێ هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی ناوخۆی ولات و دەرەوەی ولات بێ بە تەواوی لەباری ڕێکخراوەیی سیاسی، مالی، فەرهەنگی و هتد.... کرا بە پێکورەی سەرۆکایەتی سەر بە ئیمپریالیزمی خەباتی کوردستانی عیراق و ڕێکخراوە سیاسییەکەی.

* بەڕێوەبەری کۆمەڵە لە جیاتی هاوخەبات بوون لەگەڵ هێز و ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێڕی هەندەران بوو بە هاوپەیمانی دوشمنانی گەلی کورد واتە کۆڕ و کۆمەڵە ئیمپریالیستییەکان.

* بەڕێوەبەری کۆمەڵە سیاسەتی تاکڕەوی نەتەوایەتی و ڕەگەزپەرستانەی لە دژی گەلە هاوولاتییەکانی کورد بە گشتی و گەلی عەرەب بەتایبەتی ڕەچاو کرد و پشتیوانی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە خەباتی

گەلی فەڵەستین و گەلی عومان و هەموو گەلانی عەرەب شێواند.

* بەرەچاوکردنی سیاسەتی سەرۆکایەتی دواکەوتوو و سەر بە ئیمپریالیزمی خەبات لە کوردستانی عیراق، بەڕێوەبەری کۆمەڵە حەولی دا پێشی خەباتی جەماهیری خوێندکار بگرێ. ئەو بەڕێوەبەری یە بڕوای بە شێوەی دیموکراتیکی خەباتی ناوبەری کۆمەڵە نەبوو و هەموو دەنگێکی دژ بەسیاسەتی خۆی و حەقخوازی دا دەمرکاندەوە.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات بۆ وەدی هێنانی ئەرکی مێژوویی بزووتنەوەی خوێندکاری لە دەرەوە ڕێگەی خەباتی بێ وچان بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی و دیموکراسی ڕاستەقینە دا دەگرێ و ڕێبازی چەوت و خائینانەی بەڕێوەبەری کۆن بەتەواوی مەحکووم دەکا.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات تەنیا ڕێکخراوی خوێندکاری کوردستانی لە دەرەوەیە، کە بەرەچاوکردنی دیموکراتیزمی شۆڕشگێڕانە خەبات دەکا بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی و دیموکراسی و لەپێناوی هەرەسپێهێنانی نفووزی ئیمپریالیزم لە کوردستان و بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ڕێژیمی چینە کۆنەپەرستەکانی، کە بەسەر کوردستان دا زاڵن ئەو خەباتە ئێستا لە دروشمی «دیموکراسی بۆ سەرانسەری وڵات و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» خۆی دەنوێنێ.

هێزی بنچینەیی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردستان

لـــــه دەرەوەی   وڵات جـــەمـــاهیری  خوێندکـــاری کوردستانییه. هاوپـــــەیمان و هاوخەبـــاتی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـه دەرەوەی وڵات ڕێکخـراوەو هێـزە شۆڕشـگێڕ و پێشـکەوتنخوازەکانی گەلانـی تورکیـا، ئێران، عیـراق و سـووریا بزووتنـەوەی کرێکاری دنیـا و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلەکانـی سـێ قـارەو وڵاتـه ڕزگارکراوەکانـن. کۆمەڵـه بەلەبـــەرچاوگرتنی قازانـج و ئامانجـی خەباتـی ڕزگاریخوازانـەی گەلـی کـورد لـه هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان حـەول دەدا سـەرنجی کۆڕ و کۆمەڵـه دیموکـرات و لیبرالـەکان بـۆ دیفـاع لـه مافـی گەلـی کـورد رابکێشـێ.

کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـه دەرەوەی وڵات لـه خەباتـی دژی ئیمپریالیسـتی و دژی کۆنەپەرسـتی خـۆی دا دیفـاع لـه بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازانـه و دیموکراتیکی گەلـی کـورد بـه گشـتی (تـەواوی چیـن و توێـژە نیشـتمانیەکان) و خەباتی چینه زەحمەتکێشـەکان به تایبەتی دەکا. بەشـێک لەو خەباتـه ریسـواکردن و لـه قاودانـی نـاوەڕۆک و کـردەوەی ئیمپریالیـزم و کۆنەپەرسـتی کـوردو بێگانـه لـه هەمـوو لایەنێکەوەیه. جەماهیـری خوێندکاران بـه بەشـداربوون لـەو خەباتـەدا بـۆ بەرزکردنـەوەی ڕادەی وشـیاری و لێزانینـی سیاسـی خۆیان خەباتێکی فیکری لەسـەر ئەساسـی رەخنـه و رەخنـه لەخۆگرتن دەکـەن و ئازادی رادەربڕینی بیروڕایان لەسـەر ئـەو ڕێبـاز و پەیـڕەوی ناوخۆیـه هەیـه.

## دووەم: پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـەدەرەوەی وڵات

**یەکەم**

ئەلـف: نـاو ـ کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات.

بـێ: تاریـف ـ کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات تاقە ڕێکخراوێکی خوێندکاری، جەماهیری، دیموکراتیـک دژی ئیمپریـالیستی، کۆنـەپەرستی و سەهیونیزمـەو لـە بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گـەلی کـورد پشـتیوانی ئـەکا.

**دووەم**

ئەرک و ئامانجەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات:

١- بەهێزکردنـی پەیوەنـدی لەنێـوان خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات بـۆ خەبـاتی یـەکگرتوو.

٢- بەشـداری چالاکانـە لـە خەباتـی ڕزگاریخـوازی و دیموکراتیکی گەلی کورد لە هەموو بەشـەکانی کوردسـتان دا لە دژی ئیمپریالیزم، کۆنەپەرستی، سەهیونیزم و فاشیزم و بـۆ وەدیهێنانـی دیموکراسـی و مافـە نەتەوایەتیەکانـی گەلی کورد.

٣- ناسـاندنی گەلی کورد و کوردسـتان بـە گەلانـی جیهان و کۆشـش لـە پێنـاوی وەدەسـت هێنانـی پشـتیوانی بـۆ گەلـی

کورد و مەسەلە ڕەواکەی.

٤- هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان (دیموکراتیک و دژ بە ئیمپریالیزم)و پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلان و بزووتنەوەی کرێکاری جیهان.

٥- بەهێزکردنی پەیوەندیو هاوکاری لەنێوان خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات و حەول دان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی خوێندن و باری کۆمەڵایەتیان.

**سێ یەم**

مەرجەکانی ئەندامێتی:

هەموو خوێندکارانی کورد یان خەڵکی کوردستان، کە لە دەرەوەی وڵات بخوێنێ ئەتوانێ ببێتە ئەندام بە مەرجێک:

ئەلف) بڕوای بە ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات هەبێت و پەسندی بکا و هەوڵ بدا بۆ جێبەجێکردنی.

بێ) ئابوونەی ساڵانەی ئەندامەتی خۆی بدا.

**چوارەم**

مافەکانی ئەندام:

١- هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات مافی وەک یەکیان هەیە- دەنگ دان، هەڵبژاردن و هەڵبژێردران-.

٢- هەر ئەندامێک کە هەست بەوە بکات، کە مافی خوراوە ئەتوانێ داوای لێپرسینەوە بکات لە ڕێگای کۆبوونەوەی لق یان کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی، ئەگەر لەویش نەکرا ئینجا لە ڕێگای کۆنگرەی گشتی یەوە.

**پێنجەم**

سزادانی ئەندام:

ئەگەر ئەندامێک بە پێچەوانەی ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بجووڵێتەوە یان کارێکی وا بکات، کە زیان بە کۆمەڵە یان گەلی کورد ببەخشێ یان ئەرکەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ نەکات خۆی تووشی ئەم سزایانەی خوارەوە ئەکات:

١- سەرنج راکێشانی سەر زارەکی لەلایەن کۆمیتەی لقەوە.

٢- سەرنج راکێشان بە نووسراو لەلایەن کۆمیتەی لقەوە.

٣- هەڵپەساردن (تجمید) بەزۆربەی دەنگ لە کۆبوونەوەی گشتی لق و بە ئامادەبوونی ئەو ئەندامەی پێشنیاری هەڵپەساردنی دەکرێ.

تێبینی: ماوەی هەڵپەساردن لەلایەن کۆبوونەوەی گشتی لقەوە دیاری دەکرێ.

٤- دەرکردن بە بڕیاری کۆنگرەی گشتی.

**شەشەم**

دارِشتنی قەوارەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات:

دارِشتنی کۆمەڵە لەسەر ئەم بنچینانەی خوارەوە ئەبێت:

ئەلف: کۆنگرەی گشتی.

بێ: کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی.

پێ: لق.

تێ: کۆمیتەی لق.

کۆنگرەی گشتی

١- بەرزترین دەسەڵاتە،ساڵی جارێک ئەبەسترێت.

٢- کۆنگرە لە نوێنەری لقەکان کە لە کۆبوونەوەی گشتی لق دا هەڵدەبژێردرێن پێک دێت.

٣- هەموو ئەندامێک مافی بەشداربوونی لە کۆنگرەدا هەیە بەڵام تەنیا نوێنەر مافی دەنگ دانی هەیە.

٤- هەر پێنج ئەندام مافی ئەوەیان هەیە نوێنەرێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

**کۆنگرەی کتوپڕ:**

کۆنگرەی کت و پڕ کاتێک ئەبەسترێت ئەگەر ٣/٢ی ئەندامانی کۆمیتەی لقەکان یان زیاتر لە نیوەی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی داوای بکەن.

ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی گشتی:

١- باوەڕنامەی نوێنەری لقەکان ئەخاتە بەرچاوی کۆنگرە و پەسندی ئەکا.

٢- دەستەی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکانی کۆنگرەو لیژنەی باوەڕپێکراو و کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵدەبژێرێ.

٣- لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی و لقەکان دەکۆڵێتەوە و پەسندی ئەکا.

٤- بڕیارو تەوسیاتی کۆنگرە پەسند ئەکا.

٥- ڕێبازو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دیاری ئەکاو ئەگەر پێویستبێ ئاڵوگۆڕی ئەکا.

بێ: کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی

١- لەنێوان دوو کۆنگرەی گشتی کۆمەڵەدا بەرزترین دەسەڵاتی بەدەستە.

٢- ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی ٧ کەسە و ٢ کەسیش جێگر کە لە کۆنگرەی گشتی دا بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن.

لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی دا لە پاش کۆنگرە، کۆمیتە کاروبار و مەسئوولییەت بەو چەشنەی خوارەوە لەنێوان ئەندامەکانی دابەش ئەکا.

١- بەشی ڕێکخستن و پەیوەندی ژوورەوە.

٢- بەشی ڕێکخستن و پەیوەندی دەرەوە.

٣- بەشی فەرهەنگی.
٤- بەشی مالی (داهات).
٥- بەشی چاپەمەنی.
٦- بەشی بەرگری.

ئەرک و مافەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی:
١- بەلانی کەمەوە هەر چوار مانگ جارێک کۆئەبێتەوە.
٢- بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە بە گوێرەی سیاسەتی گشتی کۆمەڵەکە کە لە کۆنگرەدا دیاری ئەکرێ و بە پێی ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە.
٣- چاوەدێری هەڵسووڕان و تێکۆشان و کاروباری لقەکانی کۆمەڵە ئەکا.
٤- دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ئاسۆ)[٨] ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات هەڵدەبژێرێ.
٥- کاروباری پێکهاتنی کۆنگرەی گشتی جێبەجێ ئەکا و پرۆگرامی کۆنگرە ئامادە ئەکا.
٦- ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لە کۆبوونەوەکانی لقەکانی کۆمەڵەدا مافی پێشنیارو باس و رەخنەیان هەیە. بەڵام مافی دەنگ دانیان نیە مەگەر ئەندامی ئەو لقە بن.
٧- هەموو لقەکانی کۆمەڵە لە خەبات و تێکۆشانی

٨- ئەمە ناوی یەکەمین ئۆرگانی کۆمەڵەی ناوبراوە، پاشان ناوی ئۆرگانەکە بۆ دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەگۆڕدرێت.

خـۆی ئـاگادار ئـەکا.

پێ: لق

١- لـە هـەر وڵاتێک کـە بە لانی کەمەوە پێنج خوێندکاری لێبێ لقێکی کۆمەڵـە دائەمەزرێت پاش موافەقەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی.

٢- بەرزترین دەسـەڵاتە لـەو وڵاتـەی خەباتی لێ دەکا و ساڵی جارێک کۆبوونـەوەی گشتی لق پێک دێنێ.

٣- لـە کۆبوونـەوەی گشـتی سـاڵانەی لـق دا کۆمیتـەی لـق هەڵدەبژێـرێ.

٤- کۆبوونـەوەی لـق مافـی دامەزراندنـی چلـی لـەو وڵاتـەی وا خـەباتـی لـێ دەکا هەیـە.

٥- لـەو وڵاتانەی، کـە ژمارەی ئەندامان لـە پێنج کـەس کەمتـرە کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتی چارەسـەری بـاری ڕێکخستنیان ئـەکا.

تێ: کۆمیتەی لق

١- لە ٣ تا ٧ ئەندام پێک دێ.

٢- لەنێوان دوو کۆبوونەوەی ساڵانەی لق دا بەرزترین دەسەڵاتی بەدەستە.

٣- کاروبـاری لـق بەڕێـوە دەبـا و بەرپرسـیارە بـۆ جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی کۆنگـرەی گشـتی و کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتی و کۆبوونـەوەی سـاڵانەی لـق.

٤- بڕیار لەسەر وەرگرتنی ئەندام ئەدات.

**حەوتەم**

داهاتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات:

١- داهاتی کۆمەڵە لە ئابوونەی ساڵانەی ئەندامان و باربووی ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵە و دەستکەوتی چالاکی لقەکانی کۆمەڵە پێکدێ.

٢- کۆمیتەی لقەکان بەلانی کەمەوە ٣/١ داهاتی خۆیان دەدەن بە کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرامبەر بەوە لە کاتی پێویست دا، کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بەپێی توانا یارمەتی لقەکان ئەدا.

٣- کۆمیتەی لق رادەی حەقی ئەندامەتی ساڵانەی دیاری ئەکا.

**هەشتەم**


زمانی رەسمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کوردیە بە هەردووک شێوە.

* ****

ئەو ڕێباز و پەیڕەوەی ناوخۆیە لە کۆنگرەی حەڤدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە لە ١٣-١٧ ئاگووست ٧٦ لە شاری فرانکفورت ـ ئەڵمانیای رۆژئاوا بەسترا بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا.

# تەوەری چوارەم:

# کۆنگرەکان



پـروگرامی کونگرەی (٢٥) ی ئەکسـا

١ـ دەقەیەک ماتەمی بو شەهیدان

٢ـ کـردنەوەی کونگـرە و بەخیر هاتنی میوانەکان

٣ـ خویندنەوەی پەیامەکان و بروسکەکانی گەیشتو

٤ـ دەستنیشان کردنی نوینەرانی لقەکان

٥ـ هەلبژاردنی کومیتەی بەریوەبردنی کونگرە

٦ـ راپورتی سیاسی کومیتەی بەریوەبەری گشتی

٧ـ راپورتی ریکخستنی کومیتەی بەریوەبەری گشتی

٨ـ راپورتی دارایی ک.ب.گ

٩ـ راپورتی چالاکی لقەکان

١٠ـ پەیرو و پروگرام (لی کولینەوە)

١١ـ گوڤاری دەنگی خویندکاران (ئورگانی ئەکسسا) لی کولینەوە

١٢ـ رەخنە و پیشنیار

١٣ـ هەلبژاردنی ک.ب.گ/ی نوی

١٤ـ کوتایی هینان بە سـرودی "ئەی رەقیب"

تی بینی :

١ـ شـەوانی یەکەم و دووەم سـیمینا ری ریکخراوە سـیاسیەکانی کوردسـتان

٢ـ شـەوی کوتایی کونگرە ئاهەنگیکی فولکلوری پیشکەش دەکری

وەک نموونە، ئەمە پرۆگرامی کۆنگرەی ٢٥، ساڵی ١٩٨٤

کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات «ئەکسـا»١٣ سـاڵ لـە خەبـات و تێکۆشـان و کار و چالاکـی بـەردەوام بـووە، ژیانـی ئـەو ڕێکخـراوە ئەوەنـدە دەوڵەمەنـدە دەکرێت لـە چەنـدان بـار و بـواردا لێکۆڵینـەوە و بـاس و بابەتـی دەربـارە بنووسـرێت، بـۆ نموونـە هـەر لـە سـاڵی ١٩٧٦ تـا سـاڵی ١٩٨٦ سـاڵانە کۆنگـرەی خـۆی لـە کاتێکـی دیارکـراودا بەڕێوەبـردووە، هـەر تەنیـا کۆنگرەکان و بەڵگەنامەکانیـان بەکتێبێکـی سـەربەخۆ مافـی تەواویـان پێنادرێـت.

ئـەم ڕێکخـراوە نەخـش و کاریگەریـی ئەوەنـدە دیـار و ناسـراو و بەهێـزە بـووە، رژێمـی بەعـس بـە وردی چاودێریـی کـردووە، بـۆ نموونـە لـە کاتـی بەڕێوەچوونـی کاروبارەکانـی یەکێـک لـە کۆنگرەکانیـدا لـە ئەڵمانیـا بەعس هەوڵیـدا لـە ڕێـگای جانتایەکـی پـڕ لـە تەقەمەنـی هۆڵەکـە بتەقێنێتــەوە.

### مێژوو، شوێن، دروشمی کۆنگرەکان

لـەم تـەوەرەدا ئاوڕێـک لـە ئەرشـیفە دەوڵەمەندەکـەی سـەبارەت بـە کۆنگرەکانـی دەدەمـەوە و زۆر بـە کورتـی کۆنگـرە و کات و شـوێن و دروشـم و دوو نموونـە لـە بانگهێشتنامـــەو دوو نمونە لە بەیانی کۆتایی دوو کۆنگرە

دەخەمەڕوو
- کۆنگرەی یەکەمین کە زنجیرەی حەڤدەمینی بۆ داندراوە، فرانکفورت- ئەڵمانیا رۆژانی١٣-١٧/٨/١٩٧٦.
ئەکسا خۆی بە درێژکراوەی مێژووی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەزانێت، هەر بۆیە ژمارەی زنجیرەی کۆنگرەکانی لێکگرێدراوی هەر دوو ڕێکخراوەکەیە.
سەبارەت بە دروشمی ئەم کۆنگرەیە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا، کە لە ڕۆژی ١٨/٨/١٩٧٦ دەرچووە، دەقی دروشمەکە ئەمەیە: «بوژاندنەوەی کۆمەڵە لەسەر ئەساسێکی کوردستانی، دیموکراتیک و پێشکەوتنخواز» سەبارەت بەم دروشمە لە هەمان بەیاننامەدا نووسراوە: «ئەو دروشمە ئەو راستیە ئاشکرا دەکا کە کۆمەڵە لەو ئەساسانە لای دابوو پێویست بوو بخرێتەوە سەر ڕێبازێکی خەباتکارانە».
- کۆنگرەی هەژدەهەم، فرانکفورت- ئەڵمانیا، رۆژانی ٢٥-٢٨/٨/١٩٧٧.
لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا لە هیچ شوێنێکدا ئاماژە بە دروشمی کۆنگرە نەدراوە.
- کۆنگرەی نۆزدەهەم، فرانکفورت- ئەلمانیا، رۆژانی ١٤-١٧/٩/١٩٧٨.
ڕۆژی ١٨/٩/١٩٧٨ بە ئیمزای کۆمیتەی بەڕێوەبەری

گشتی بەیانی کۆتایی کۆنگرەی نۆزدەهەم بڵاوکراوەتەوە و ئاماژە بە دروشمی کۆنگرەکە کراوە: «با خەباتی بزوتنەوەی خوێندکاریمان لە خزمەتی گەلی کورد بێ لە وڵات»

- کۆنگرەی بیست، گراتس- نەمسا، ڕۆژانی ١٨-١٩٧٩/٨/٢١.

لە بەیانی کۆتایی کۆنگرەدا، کە ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢١ دەرچووە دروشمی کۆنگرە نووسراوە ئەمە دەقەکەیەتی: «یەکێتی و پتەوکردنی بزوتنەوەی خوێندکارانی پێشکەوتوی کوردستان لە دەرەوەی وڵات پاڵپشتی سەرەکییە بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد».

- کۆنگرەی بیست و یەک، بەرلینی ڕۆژئاوا، رۆژانی ١-١٩٨٠/٨/٣.

بەیانی کۆتایی ئەم کۆنگرەیەم نەبینیوە تا بزانم دروشمەکەیان چی بووە!

- کۆنگرەی بیست و دوو، ڤیەننا- نەمسا، رۆژانی ١٢-١٩٨١/٨/١٦.

لەبەیانی کۆتایی کۆنگرەدا دروشمی کۆنگرە نووسراوە هاتووە: «با خەباتمان یەک خەین لە پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆی دیموکراتیکدا».

- کۆنگرەی بیست و سێ، فرانکفورت ـ ئەڵمانیا، رۆژانی ١٢-١٩٨٢/٨/١٥.

لـە بەیانـی کۆتایـی کۆنگـرەدا کـە ڕۆژی ١٩٨٢/٨/١٦ دەرچـووە دروشـمی کۆنگـرە ئەمەیـە: «بـا یەکگرتنـەوەی بزوتنـەوەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات بکەینـە هەوێنـی خەباتـی یەکگرتـوو لـە سـەرانسـەری کوردسـتان لـە پێناوی مافی چارەنووسـی گەلی کوردا».

- کۆنگـرەی بیسـت و چوار، بەرلینی ڕۆژئـاوا، ڕۆژانـی ١٧-١٩٨٣/٨/٢٠.

لـە ژمـارە ١-٢ی مانگەکانـی نۆڤەمبـەر و دیسـەمبەری سـاڵی ١٩٨٣ی گۆڤاری دەنگی خوێندکارانی کوردسـتان لە لاپـەڕە ٦دا ئامـاژە بە دروشـمی ئـەم کۆنگرەیە کـراوە کـە ئەمـە بووە: «پارێزگاری لـە خاکی کوردسـتان، وەسـتانەوە دژی هێرشـی ڕژێمـە داگیرکەرەکانـی کوردسـتان، ئەرکـی سـەرشـانی هەمـوو هێـزە نیشـتمانی و پێشـکەوتخوازەکانی کوردسـتانە».

- کۆنگـرەی بیسـت و پێنـج، شـاری ڤیەننـا ـ نەمسـا، ڕۆژانـی ٢٩-١٩٨٤/٧/٣١.

بەیانـی کۆتایـی کۆنگـرەی بیسـت و پێنجـەم بـە ئیمـزای سـکرتاریەتی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتی کۆمەڵـە بڵاوکراوەتـەوە ودروشـمی کۆنگـرە ئەمەیـە: «هاوخەباتـی هێـزە پێشـکەوتووخوازەکانی کوردسـتان پێویسـتییەکی ئـەم قۆناغەیـە، بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـی چارەنـووس بـۆ گەلـی کوردسـتان».

– کۆنگرەی بیست و شەش، بەرلینی ڕۆژئاوا ڕۆژانی ١١–١٣/٨/ ١٩٨٥.

ڕۆژی ١٩٨٥/٨/١٤ کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بەیانی کۆتایی کۆنگرەکەی بڵاوکردۆتەوە و دروشمەکە ئەمەیە: «لەپێناوی یەکگرتنەوەی بزوتنەوەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات».

– کۆنگرەی بیست و حەوتەمین، بەرلینی ڕۆژئاوا، رۆژانی ١٥–١٧/١٩٨٦.

دروشمی کۆنگرە ئەمە بووە: «با خەباتی ڕاستەقینەی خوێندکاران لەم قۆناغەدا یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی خوێندکاران بێ».

**بانگهێشتنامە**

لە پێناوی خستنەرووی زۆرترین زانیاری سەبارەت بە پرۆسەی کاروبارەکانی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە و ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی کۆنگرە، لێرەدا تەنیا دوو نووسراوی کۆمەڵەی ناوبراو بڵاودەکەمەوە. ئەوەی یەکەم بۆ یەکەمین کۆنگرەیە، کە دوای شکستی بزووتنەوەی چەکداریی خەڵکی کوردستان لە باشووری کوردستاندا نووسراوە، کە وەک چۆن شکستەکە لە ئەرزی واقیعدا کاریگەریی راستەوخۆی جێهێشت، لە دەرەوەی وڵاتیشدا کۆمەڵەیەکی سەنگین و گەورەو ناسراوی وەک

«کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE -١٩٥٦-١٩٧٥» رووبەڕووی لێکترازان و پەرتبوون کردەوە. لەم بانگهێشنامەیەدا هیچ ئاماژەیەک بە ئامادەبوونی ئەندام و ئەندامان نەدراوە، بەڵکو نووسراوە ئەم کۆنگرەیە لەلایەن خوێندکارە کوردە پێشکەوتنخواز و دیموکراتخوازەکان بەڕێوەدەچێت:

الى

تحية نضالية

بمناسة إنعقاد موتمرنا السنوي السابع عشر تسر اللجنة التحضيرية للموتمر ان تدعوكم او منظمتكم لحضور موتمرنا الذي سيعقد في فرانكفورت- المانيا الغربية و ذلك في الفترة الواقعة بين ١٣-١٧/٨/١٩٧٦.

ان حضوركم في هذا الموتمر الذي سيعقد من قبل الطلبة التقدميين و الديموقراطيين الاكراد في اوربا يعتبر ترسيخا للعلاقات النضالية و التعاون بيننا.

ان جمعيتنا ترحب باستقبالكم ويرجى اعلامنا عن اشتراككم في اقرب وقت ممكن.

مع جزيل الشكر والاحترام

عنوان الموتمر

Haus der Jugend

Deutscherrnufer 12

Frankfurt / Main 600

Tel. 619058 / 24

عن اللجنة التحضيرية للموتمر السابع عشر لجمعية الطلبة الاكراد في اوربا

فاضل رەش

Fadhil Rash

Flogstavagen

UPPSALA 63 735

Sweden

هەروەها دەقی ئەم بانگهێشتنامەیەش دەخەمەڕوو، کە ئاڕاستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کراوە تا نوێنەریان لە کۆنگرەکەدا ئامادەبێت، دیارە لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەدا نوێنەری چەندان حزب و ڕێکخراوی سیاسی ئامادە دەبوون:

فرانکفورت ١٩٨٤/٧/١٠

لە کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەوە

بۆ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

کۆنگرەی بیست و پێنجەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ( ئەکسا) لە ڕۆژانی ٢٩-٣٠-١٩٨٤/٧/٣١ لە شاری ڤینا ( ئوتریش) ئەبەسترێ.

پێخۆشحاڵی خۆمان دەردەبڕین بە بەشداربونتان لە

کۆنگرەکەمانـدا.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات
ناونیشانی شوێنی کۆنگرە
International- Europa Haus
Linzer Strasse 429
Wien 1140
Austria
Tel. 315166

**پرۆگرامەکانی کۆنگرە**

لێرەدا رۆژەڤی دوو کۆنگرەی کۆمەڵەکە دەنووسمەوە، دەردەکەوێت لـە رۆژانـی کۆنگـرەدا کاروبـارەکان چـۆن بەڕێوەچوونـە:

**کۆنگرەی بیست و چوار**

پرۆگرامـی کۆنگـرەی ٢٤ی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات ـ ئەکسـا
لە ١٧-١٩٨٣/٨/٢٠
١٩٨٣/٨/١٧، کات ١٦-٢١
١- بەخێرهاتنی میوانەکان و نوێنەرانی کۆنگرە
٢- دەقیقەیـەک ڕاوەسـتان بـۆ گیانـی پاکـی شـەهیدانی

کوردستان و شۆڕشگێڕی جیهان
٣- پێشکەش کردنی وتاری پارت و ڕێکخراوەکانی ئامادەبوو لە کۆنگرە لەگەڵ بروسکەی پیرۆزبایی هاتوو بۆ کۆنگرە.
١٨/٨/١٩٨٣، کات ٩،٣٠ تاکو ١٢،٣٠وە لە ١٤ تاکو ١٨
١- کاروباری ریکخستنی کۆنگرە
٢- هەڵبژاردنی کۆمیتەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆنگرە.
٣- هەڵبژاردنی کۆمیتەیەک بۆ ئامادەکردنی بڕیارو پێشنیارەکانی کۆنگرە.
٤- هەڵبژاردنی کۆمیتەیەک بۆ دەستکاری ڕێبازو دەستوری کۆمەڵە.
٥- خوێندنەوەی راپۆرتی سیاسی کۆنگرە لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی سیاسی.
١٩/٨/١٩٨٣، کات ٩،٣٠ تاکو ١٢،٣٠ وە لە ١٤ تاکو ١٩
١- بەردەوام بوونی گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی سیاسی و بڕیاردان لەسەری.
٢- خوێندنەوەی راپۆرتی بەشی ریکخستن و دارایی وە بڕیاردان لەسەری.
٣- گفتوگۆکردن لەسەر ڕێباز و دەستور وە بڕیاردان لەسەری.

٤- خوێندنـەوەی راپۆرتـی لقەکانـی ئەکسـا: ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا- ئیسـپانیا- ئینگلسـتان- ئەمریـکای باکـوور- ئیتاڵیـا- ئوتریـش- بەرلینـی ڕۆژئـاوا- بلغاریـا- فەرنسـا- هۆڵەندا- مەجرسـتان- رۆمانیا- سـوید- سویسرا- یەکێتی سـۆڤیەت- یۆنـان- یوغسـلافیا- چیکۆسـلوفاکیا.

٥-شەوی کوردی بۆ بەشدارانی کۆنگرە لە کاتژمێری ٢٠

١٩٨٣/٨/٢٠ لە ٩،٣٠ تاکو ١٢،٣٠١٤-١٧، ١٩-٢١

١- خوێندنـەوەی بڕیـار و پێشـنیارەکانی کۆنگـرە، وە دەنگـدان لەسـەری.

٢- هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٣- کۆتایی هێنانی کۆنگرە بە سروودی ئەی رەقیب.

## کۆنگرەی بیست و پێنج

پرۆگرامی کۆنگرەی ( ٢٥) ی ئەکسا

١- دەقەیەک ماتەمی بۆ شەهیدان

٢- کردنەوەی کۆنگرە و بەخێرهاتنی میوانەکان

٣- خوێندنەوەی پەیامەکان و بروسکەکانی گەیشتوو

٤- دەستنیشانکردنی نوێنەرانی لقەکان

٥- هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە

٦- راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی

٧- راپۆرتی رێکخستنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی

٨- راپۆرتی دارایی ک. ب. گ

٩- راپۆرتی چالاکی لقەکان
١٠- پەیڕەو و پرۆگرام ( لێکۆڵینەوە)
١١- گۆڤاری دەنگی خوێندکاران (ئۆرگانی ئەکسا) لێکۆڵینەوە.
١٢- رەخنە و پێشنیار
١٣- هەڵبژاردنی ک. ب. گ/ ی نوێ
١٤- کۆتایی هێنان بە سروودی « ئەی رەقیب»

**تێبینی:**
١- شەوانی یەکەم و دووەم سیمیناری ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان
٢- شەوی کۆتایی کۆنگرە ئاهەنگێکی فۆلکلوری پێشکەش ئەکرێ.

**دوو بەیانی کۆتایی لە دوو کاتی جیاوازدا**

هەر سەبارەت بە کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات «ئەکسا»، هەر تەنیا بۆ نموونە دوو بەیاننامەی دوو کۆنگرە دەخەمەڕوو، بە وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکان هەم لە پەیام و ئامانجی کۆمەڵەکە دەگەین، هەم بەرچاو روونیەکمان سەبارەت بە دۆخی ئەوێ رۆژێی خەباتی پیشەیی و سیاسی لە دەرەوەی کوردستان بە تایبەتیش لە ئەمریکای باکوور و وڵاتانی ئەوروپا دەبێت:

**یەکەم:**

## بەیانی کۆتایی حەڤدەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

١٣-١٧ ئاگووست، فرانکفورت، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا

حەڤدەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە بیستەمین تەمەنی ژیانی خۆی دا لە ١٣-١٧ ئاگووستی ١٩٧٦ لە شاری فرانکفۆرت (ئالمانیای ڕۆژئاوا) بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی کورد، چەند کەس لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و نیشتمان پەروەرانی کورد بەشداربوون. کۆنگرە ژمارەیەکی زۆر پەیامی هاوپێوەندی لە ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی سیاسی و خوێندکاری هەندەران و کوردستانییەوە پێ گەیشت. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هەڤرا و.... پەیامی هاوپێوەندییان پێشکەش کرد و پشتیوانی خۆیان لە خەباتی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی نیشتمان ڕاگەیاند. هەروەها لە زمان ژنانی کوردستانیشەوە پەیامێک پێشکەشی کۆنگرە کرا.

دروشمی بنچینەیی کۆنگرەی ١٧ «بوژاندنەوەی کۆمەڵە لەسەر ئەساسێکی کوردستانی، دیموکراتیک و پێشکەوتن خواز» بوو. ئەو دروشمە ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکا کە کۆمەڵە لەو ئەساسە لای دابوو و پێویست بوو بخرێتەوە سەر ڕێبازێکی خەباتکارانە.

کۆمەڵە لەو ساڵانەی دواییدا کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی دەست و پێوەندی سەرۆکایەتی سەر بە ئیمپریالیزمی بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی عیراق. ئەو دەستە و دایەرەیە بە داسەپاندنی سیاسەت و شێوەی کاری دژی ئەو سەرۆکایەتیە بەسەر ڕێبازی کۆمەڵەدا بە کردەوە هۆی پێکهاتن و بنچینە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەیان لەبیرخۆیان بردبۆوەو چارەنووسی کۆمەڵەیان بە قازانجی ئیمپریالیزمی ئەمریکا، رژێمی کۆنەپەرستی حەمە رەزا شا، سەهیۆنیزم و کۆنەپەرستی کورد بەستبوو.

لەو ساڵانەی دوایی دا خەباتی خوێندکارە پێشکەوتن خوازەکانی کورد لە دژی ئەو ڕێبازە پەرەی سەند و بە ئاشکرا بوونی خەیانەت و ئاش بەتاڵ کردنی ڕابەری عەشایری و سەر بە ئیمپریالیزمی بزووتنەوەی کوردستانی عیراق توندوتیژ بوو و خوێندکارانی پێشکەوتنخواز لە ئاگووستی ١٩٧٥ هەوڵیان دا بۆ ڕزگاری کۆمەڵە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری خەیانتکار، و بۆ سازکردنەوە کۆمەڵەیەکی وا کە بە راستی لە خزمەت خەباتی گەلەکەمان دابێ تێکۆشانی خۆیان دەسپێکرد و بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە «کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی ١٧» یان هەڵبژارد.

«کۆمیتەی ئامادەکردن»، دوای ساڵێک خەباتی سیاسی و فیکری و کردەوەیی بە پێکهێنانی کۆنگرەی

١٧ لەبـاری ڕێکخراوەییشـەوە کۆمەڵـەی لـە ڕابەرایەتـی
کۆنەپەرستی و خۆهەڵپەساردوو بە ئیمپریالیزم و دەست
و پێوەندەکانـی پاککـردەوە.

کۆنگرەی ١٧ بە گوێرەی باری نویٚ ی خەبات ناوی «کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا»ی گـۆڕی و نـاوی تـازەی «کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات»ی هەڵبـژارد. ئـەو نـاوە خوێنـدکاری کەمایەتیـە نەتەوایەتییەکانی ناو کوردستان و خوێندکارانی کـورد لـە دەرەوەی نیشـتمان بـە میراتـی خـۆی دادەنـێ بەڵام تـەواوی ئـەو سیاسـەتە چـەوت و ئاڵۆزاوانـەی وا بـە سـەری دا سـەپێندرابوو مەحکـووم دەکا و بـە وشـیاری خـۆی لـێ دەپارێـزێ.

لـە ڕێبـازی نـوێ ی کۆمەڵـەدا کۆنەپەرسـتی کـوردی سـەربە ئیمپریالیـزم بە دوشـمنی گەلی کورد و بزووتنـەوەی خوێندکاری دیاری کراوە. هەروەها ئەو ڕاستیە بە ڕاشکاوی باسکراوە کـە ئامانجـی خەباتـی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد ڕزگاری چینـە زەحمەتکێشـەکانی کـورد لـە چەوسـانەوەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی چوار وڵاتەکانی تورکیا، ئێران، عیـراق و سـوریا و کۆنەپەرسـتی کـوردە. ڕێبـازی نـوێ هەروەهـا دیاریکـردووە کـە بزووتنەوەی خوێندکاری- لەگەڵ ئـەوەش دا کـە ناتوانـێ جێگـەی بزووتنـەوەی وشـیارانەی زەحمەتکێشـان بگرێتـەوە- دەتوانێ بـە خەباتـی بـێ وچـان و

نەپساوەی خۆی لە دژی دوشمنانی گەلی کورد ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بگەیەنێ.

کۆنگرەی ١٧ دوای پەسندکردنی ڕێبازو دەستووری نوێ بە پڕانی دەنگ لێپرسراوانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی بۆ ڕاپەراندنی کاروبار لە ساڵی داهاتوودا هەڵبژارد. کۆنگرە لەسەر خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لەسەر خەباتی گەلانی دنیا بڕیاری پێویستی پەسند کرد.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لە هەموو خوێندکارە نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات داوا دەکا لە ژێر ئاڵای کۆمەڵەی نوێ کۆببنەوە و دەوری خۆیان لە خەباتی مێژوو کردی گەلی کورددا بگێڕن.

بۆ رەچاوکردنی ڕێبازی نوێی خەباتی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات تێکۆشانی خۆمان پەرەپێبدەین!

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

فرانکفۆرت- ١٨ ئاگووستی ١٩٧٦

دووەم:

ئەمـەش بەیاننامـەی کۆنگرەیەکـی تـرە، دیسـان پڕە لـە زانیاریی مێژوویی سـەبارەت بە دۆخی کۆمەڵەی ناوبراو و خەباتیـان لـە دەرەوەی نیشتماندا:

**بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی بیست و شەشەمی کۆمەڵــەی خوێندکارانــی کوردســتان لــە دەرەوەی وڵات (ئەکســا)**

لەژێـر دروشـمی «لەپێنـاوی یەکگرتنـەوەی بزوتنـەوەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات. ڕۆژانـی ١١-١٩٨٦/٨/١٣ کۆنگـرەی بیسـت و شەشـەمی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات (ئەکسـا) پێـک هـات.

ڕۆژی ٨/١١ کاتـی ١٤.٠٠ کۆنگـرە بـە دەقیقەیـەک وەسـتان بـۆ گیانـی شـەهیدانی کوردسـتان کرایـەوە. پـاش بەخێرهاتنـی میوانـەکان کۆمیتەیـەک هەڵبژێـرا بـۆ سەرپەرشـتیکردنی کۆبونەوەکانـی کۆنگـرە. ئەمجـا ڕێـگا درا بە میوانـەکان وتارەکانیـان پێشـکەش بکـەن و ئـەو نامـە و بروسـکانەش خوێندرانـەوە کـە بـۆ کۆنگـرە هاتبـوو.

پاش دابەشکردنی کارتی ئەندامەتی کۆنگرە خوێندنەوەی ڕاپۆرتـی سیاسـی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتی، کـە پـاش لێکۆڵینـەوە و هەندێـک گۆڕیـن کۆنگـرە بـە زۆربـەی دەنـگ بڕیـاری لەسـەردا. ئەمجـا کۆنگـرە گوێـی لـە ڕاپۆرتـی

ڕێکخستن و چالاکی و دارایی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی گرت، کە ئەویش پاش لێکۆڵینەوەی پێویست و چەند ئامۆژگاری و پێشنیازێک بەزۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەردرا.

پاش ئەمە نوێنەری لقەکان ڕاپۆرتی خۆیان لەبارەی چالاکییەکانیانەوە پێشکەشکرد. ئەندامانی کۆنگرە لەبارەی هەر یەکێک لە لقەکان پرسیاری خۆیان کرد، پاش وەڵام دانەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر راپۆرتەکان دەنگ درا.

ڕۆژی سێ یەمی کۆنگرە تەرخان کرا بۆ رەخنە و پێشنیاز و ئامۆژگاری کە گرینگترینیان ئەمانە بوون:

١- هەوڵدانێکی گەرم بۆ جێبەجێکردنی دروشمی کۆنگرە ئەویش بە پەیوەندیکردنی راستەوخۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە خوێندکاریەکانی تر لە دەرەوەی وڵات و ڕێکەوتن لەگەڵیان دا بۆ هەنگاونان بەرەو هاوکاری و یەکگرتنەوە و پێکهێنانی کۆنگرەیەکی یەکگرتوو. ئەم ئەرکە بەرەوڕووی ک. ب. گ ی نوێ کرایەوە.

٢- بەردەوام بوون لەسەر دەرکردنی ئۆرگانی کۆمەڵە (دەنگی خوێندکارانی کوردستان) و گۆڤاری (پرشنگ) بە ڕێک و پێکی.

کۆنگرە لە کۆتایی کاروبارەکانی دا بڕیاری لەسەر (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)دا پاش هەندێک گۆڕان کە لە لایەن کۆنگرەوە پەسند کران.

کۆنگـره سـڵاوی گەرمـی خـۆی نـارد بـۆ پێشـمەرگە قارەمانەکانـی کوردسـتان و بـە خۆشـییەوە هەواڵـی ئاشـتبونەوە و نزیک بونەوەی هێزەکانی (یەکێتیی نیشـتمانی کوردسـتان ) و (حیزبی سوسیالیستی کوردستانی عیراق) و (پارتـی سوسیالیستی کورد/ پاسۆک) وەرگرت و داوای لـە هەمـوو هێـزە شۆڕشـگێڕ و پێشـکەوتووەکان کـرد لـە هەمـوو بەشـە داگیرکراوەکانـی کوردسـتان بـۆ کۆتایـی هێنـان بـە ناکۆکـی و شـەڕی براکـوژی و یەکخسـتنی خەبـات دژی دوشـمنانی گـەل بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد لـە کوردسـتانێکی ئـازاد و خـاوەن مافی دیاریکردنی دوارۆژی خۆی شـان بە شـانی بزوتنـەوەی دیموکراتـی گەلانـی ناوچەکـە لـە پێنـاوی پاراسـتنی مافـی مـرۆڤ و بەرەڵاکردنـی سـەربەرسـتی یـە دیموکراتـی یـەکان و ئازادیـی و سـەربەخۆیی نیشـتمانی دا.

پـاش سوپاسـکردنی میوانـەکان، کۆنگـره (کۆمیتـەی بەڕێوەبـەری گشـتی)ی نوێـی هەڵبـژارد و ئێـوارەی ٨/١٣ بـە سـرودی (ئـەی رەقیـب) کۆتایـی بـە کاروبارەکانـی هێنـا.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی

١٩٨٦/٨/١٤

# تەوەری پێنجەم:

# چالاکییەکان




بڵاوکردنەوەی ئافیشێک
بەبۆنەی شەهیدکردنی شەهاب شێخ نوری

پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات یەکێک لە خاڵەکانی تەرخانکراوە بۆ بەڕێوەچوونی کار و چالاکییەکان بۆ نموونە لە پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٧ دا لە خاڵی چوارەمدا هاتووە:

١- بەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوان خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بۆ خەباتی یەکگرتوو وە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی خوێندن و باری کۆمەڵایەتییان

٢- بەشداری چالاکانە لە خەباتی ڕزگاریخوازی و دیموکراتیکی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دژی ئیمپریالیزم، کۆنەپەرستی، زایۆنیزم و فاشیزم و بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی و مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد.

٣- ناساندنی گەلی کورد و کوردستان بە گەلانی جیهان وە کۆشش لە پێناوی بەدەست هێنانی پشتیوانی بۆ گەلی کورد و مەسەلە ڕەواکەی.

٤- هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان (دیموکراتیک و دژ بە ئیمپریالیزم)و پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلان و بزووتنەوەی کرێکاری جیهان.

٥- ناسین و ناساندنی باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی گەلی کورد بە تایبەتی هی چینە

زەحمەتکێشەکان.

ئەم دەقە لەو ڕێبازو پەیڕەوی ناوخۆییە وەرگیراوە، کە لە کۆنگرەی ڕۆژانی ٢٥-١٩٧٧/٨/٢٨ بە تێکڕای دەنگی ئەندامان پەسند کراوە.

لەسەر بنەمای ئەو دەقەی سەرەوە و بە پشت بەستن بە چەندان بەڵگەنامە قسەوباس سەبارەت بە چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەنێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٨ دەکەین، سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەکسا عەبدولموئمین دەشتی ئەندامێکی دیاری ڕێکخراوەکە لە ئەڵمانیا دەڵێت: «ئەکسا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبوە لە کار و خەبات و چالاکیدا ڕۆڵێکی دیار و پێشەنگی هەبووە، سەرنجی ڕاگەیاندنەکانی ئەوسای ئەڵمانیای بۆخۆی ڕاکێشاوە، تەنانەت لە ڕاپۆرتی پاراستنی دەستوری ئەڵمانیا لە هەشتاکان وەک ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵ و وەک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئەڵمانیا ناوی هاتووە، هەموو ئەو ڕێکخراوانە لە ژێر پەردەی خوێنکارانەوە چالاکی سیاسیان کردووە و جێ پەنجەی خۆیان لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان نەخشاندووە. چالاکییەکانی ئەکسا بۆ ئەم ناونیشانانە پۆلێن دەکەم:

### * ڕۆژنامەگەریی

لە بواری ڕۆژنامەگەریدا گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی بۆ ئەرشیف و کتێبخانەی کوردی بۆ بەجێهێشتووین و بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، هۆڵەندی، سویدی و ئیتالی گۆڤار و بڵاوکراوەی دەرکردووە، لێرەدا ئاماژە بەناو و ساڵی دەرچوونی یەکەمین ژمارەیان دەکەم: «ئاسۆ ١٩٧٥، AKSA- INFO ١٩٧٧، بڵێسە ١٩٧٨، الشعلة ١٩٧٨، خبرنامە کوردستان ١٩٧٩، Free Kurdistan ١٩٧٩، رۆژا کوردستان ١٩٧٩، نضال الطلبة ١٩٨٢، الوحدة ١٩٨٢، کورد ١٩٨٢، Uprising ١٩٨٢، دەنگی کوردستان ١٩٨٢، خوێندکار ١٩٨٣، خەباتی خوێندکار ١٩٨٣، دەنگی خوێندکارانی کوردستان ١٩٨٣، DER HORITZONT ١٩٨٤، KURDISTAN STAR ١٩٨٤، پڕشنگ ١٩٨٥، وەڵام ١٩٨٨... تاد.

### * بەیاننامەو هەڵوێست

دەستەی بەڕێوەبەر و ئەندامانی کۆمەڵەکە لە هەوڵی بەردەوام دابوون لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیار لە جیهاندا لەپێناوی گەیاندنی ئەو ستەم و کوشتن و زیندانی و داگیرکارییانەی بەرامبەر بە کورد و خەڵکی کوردستان

دەکرێت، لەو ڕووەوە سەدان بەیاننامە و پەیامی ناڕەزاییان دەرکردووە و هەوڵیانداوە بەیاننامانەکان بە باڵیۆزخانە و وەزارەتەکانی دەرەوە و سەنتەرە نزیکەکان لە بڕیاری وڵاتان بدەن، هەمان ئەندامی ئەکسا دەڵێت: (جارێکیان لە دوای ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجە لە کۆشکی کۆماری چیکۆسلۆفاکیای پێشوو میوانداریکراین و لە کەناڵی تەلەفزیۆنی پڕاگ پتر لە سەعاتێک بە ئارەزووی خۆمان باسی باری سیاسی خۆمان و فاشیزمی (سەدام)مان بۆ کردن، وێنەکانی هەڵەبجەمان پێشاندا، بۆ بەیانی باڵیۆزخانەی ڕژێم ناڕەزایی خۆی دەربڕی و ئێمەش بە خۆپیشاندانێکی خوێدنکارانی خۆمان و دۆستەکانمان بە توندی وەڵامی ناڕەزاییەکانی (عیراق)مان دایەوە، لە دەیان دیمانەی ڕۆژنامە و گۆڤار بە سەعات قسەمان کردووە و نووسراو و ڕاپۆرتە هەواڵمان لەسەر بڵاوکراوەتەوە).

### * مانگرتن و خۆپیشاندان

هەر لە سەرەتای خۆراگەیاندن و تێکۆشاندا کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەری وەک فاکتەرێکی خەباتی پیشەیی کردۆتە ئامانج، لەو ڕووەوە خاوەنی دەیان چالاکییە. کۆمەڵە چەندان جار لە تەواوی ئەو وڵاتانەی، کە لق و ئەندامی هەبووە لەبەردەم باڵیۆزخانەی

وڵاتانی داگیرکەری کوردستان خۆپیشاندان و مانگرتنی ڕاگەیاندووە و زۆربەی جارەکانیش هەوڵیداوە بە شێوەیەکی مەدەنیانە دەستبەسەر باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی تورکیا، عیراق، سوریا و ئێران دابگرن.

*** کۆمەک**

تەواوی ڕێکخراوە کورد و کوردستانییەکان لە دەرەوەی وڵات بە تایبەتیش ئەکسا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و بینیوە لە پشتگیریکردن لە بزووتنەوە چەکداریی و شۆڕشەکانی خەڵکی کوردستاندا، کۆمەک و پشتیوانییەکان بریتی بوون لە کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی، دابینکردنی دەرمان و کەلوپەلە پزیشکییەکان، وەرگرتنی زەمالەی خوێندن، ڕێکخستنی دیدار و کۆبوونەوە بۆ نوێنەری حزب و هێزە کورد و کوردستانییەکان لەگەڵ حزب و لایەنە ئەوروپی و ئەمریکییەکان، کۆکردنەوە و دابینکردنی کەلوپەلی ڕێگاپێدراو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

ئەمەو هەوڵیانداوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی جیهان پەیوەندی ببەستن بە مەبەستی گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان و ناردنی چەندان ڕۆژنامەنووس بۆ ناو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان تا لە نزیکەوە ڕووداوەکان بگوازنەوە.

## * یادە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان

ئەگەرچی تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ژمارەی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا بەو شێوەیە نەبووە بتوانن لە چەند سەد کەسێک زیاتر لە بۆنە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان کۆبکەنەوە، بەڵام حەماسەتی بەشداربوون بە شێوەیەک بوو پێشمەرگە ئاسا بەرەو بانگهێشتی ئەکسا دەچوون.

لقەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات «ئەکسا» ساڵانە لە زۆربەی وڵاتاندا یادە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیان بەرز ڕاگرتووە بە تایبەتیش یادی نەورۆز، دووی ڕێبەندان یادی کۆماری کوردستان، دژی کودەتای میللیتاریەتی تورک، کارەساتی هەڵەبجە، کیمیابارانکردنی کوردستان و تاوانەکانی داگیرکەران. ئەم چالاکییانە زیاتر سەرتاسەریی بوون و لە لایەن لقەکانی کۆمەڵە لە وڵاتان بەڕێوەبردراون.

## * چاپکردنی کتێب و چاپەمەنی دیکە

کۆمەڵەی ناوبراو خاوەنی گەنجینەیەکە لە چاپەمەنی، خاوەنی چەندان کتێب و نامیلکەیە، کە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی، ئیتالی... هتد چاپیکردوون و

بڵاویکردونەتـەوە. هەروەهـا ئەرشـیفی کۆمەڵـە دەوڵەمەنـدە بـە چاپکراویتـر وەک کارت، لافیتـە، ریـکلام بـۆ بۆنـەکان، چاپکردنـەوەو بڵاوکردنـەوەی وێنـەی شـەهیدان، زیندانیانـی سیاسـی، پێشـمەرگە، دیمەنەکانـی کوردسـتان... هتـد. ئـەو چاپکراوانـە بـە جۆرەهـا قەبـارەی هەمەجـۆر و دیزاینـی جیـاواز چاپکـراون، هـەر تەنیـا وەک نموونـە ئامـاژە بـە ڕستە و دەسـتەواژەی چەنـد ئاڤیشـێک دەدەم، کـە بـە پیتـی بۆڵـد نووسـراون: «ئـازادی بـۆ تـەواوی زیندانیانـی سیاسـی لـە ئێـران، ئـازادی بـۆ غەنـی بلوریـان. هـاوڕێ شـەهید شـەهاب شـێخ نـوری، بـە هـەزاران هـەزار دەسـت و تفەنـگ- هەڵدەگیرسـێنینەوە مەشـخەڵی جەنـگ. جەژنـی نەورۆزتـان پیرۆزبێـت. کۆمـەک بـە خەڵکـی کـورد بکـەن..... تـاد».

### * کۆنگرەکان

کۆمەڵـەی ناوبـراو لقـی هەبـووە لـە: «ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا- ئیسـپانیا- ئینگلسـتان- ئەمریـکای باکـوور- ئیتاڵیـا- ئوتریـش- بەرلینی ڕۆژئـاوا- بولگاریـا- فەرنسـا- هۆڵەنـدا- مەجرسـتان- ڕۆمانیـا- سـوید- سویسـرا- یەکێتیـی سـۆڤیەت- یۆنـان- یوغسـلافیا- چیکۆسلوفاکیا». سـاڵانە یەکێـک لـەو چالاکییـە مێژوویـی و دیارانـەی، کـە بەڕێوەیـان بـردووە سـازدانی کۆنگـرەی ڕێکخراوەکـە بـووە، لـە کۆنگرەکـەدا سـەرەڕای پێداچوونـەوە بـە کارو

چالاکییەکانی ساڵی ڕابردوو، گفتوگۆ لەسەر نەخشەو پلان بۆ ساڵی داهاتوو کراوە، هەروەها کۆنگرەکانی کۆمەڵە جۆرێک بووە لە کۆبوونەوەی هاوڕێیانە بە مەبەستی جۆشدان و پەیمان نوێکردنەوە بۆ درێژەدان بە خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا.

### * هاوپشتی

سەرکردە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات زۆربەیان لەو تێکۆشەرانە بوون، کە پێشتر ئەزموونی کاریی ڕێکخراوەیی پیشەیی و سیاسییان هەبووە، بە تایبەتیش چەند کەسێکیان سکرتێر و ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE بوون, ئەمە خاڵێکی پۆزەتیڤ بوو بۆ ڕێکخراوەکە، کە سوود لەو پەیوەندییە فراوانە وەربگرن، کە کۆمەڵەی پێشوو هەیبوو بە تایبەتیش لەگەڵ یەکێتیی خوێندکارانی جیهان و دەیان کۆمەڵە و ڕێکخراوی پیشەیی دیکە، سەرەڕای ئەو پەیوەندییە بەرفراوانەی ئەندامانی ئەکسا لە ماوەی خەباتیاندا دایانمەزراندبوو، چەندانجار ئەکسا لە بۆنە و یادەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکان بەشداربووە و هەوڵیداوە پشتیوانی و هاوپشتی بۆ کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان کۆبکاتەوە.

### * بەياننامە و بانگەواز

یەکێکیتر لەو چالاکییانەی کە شانازییەکی دیکەی ئەکساییەکانە، دەرکردن و بڵاوکردنەوەی سەدان بەیاننامە و بانگەوازە لە بۆنەکان و ڕووداوە گەرمەکان، وەک نموونەیەک بۆ دۆکیۆمێنتکردنی ئەو جۆرە چالاکییەش ئاماژە بە مانشێت و مێژووی دەرکردنی چەند بانگەواز و بەیاننامەیەک دەدەم، کە بە چەندان زمان بڵاوکراونەتەوە:

- شای تاوانبار ئەوە دیسان خوێن دەڕێژێ. ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/٢٥ بڵاوکراوەتەوە

- ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی بیرەوەری٣١ مینساڵی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان.

- ئەی چەتەکانی بەغدا سێدارەدان رابگرن.

- پێشمەرگە کوشتنکاری نیشتمان فرۆشە، مانگی کۆتایی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکراوەتەوە.

- بەیاننامەیەک سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەمدواییەی کوردستانی عیراق. مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە.

- بەیاننامەیەک سەبارەت بە کێشەی فەڵەستین و ڕۆڵی پیلانگێڕانەی حاکمەکانی بەغدا. سەرەتاکانی مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە.

- بانگەوازی پرۆتۆستۆکردن دژی ئەو تاوانانەی

لـه کوردسـتانی  ئێـران بەڕێوەدەچێـت. ڕۆژی ١٩٧٩/٩/١٤ بڵاوکراوەتـەوە.

– بەیاننامەیەک بە بۆنەی بیرەوەری نۆ ساڵەی بەیاننامەی ١١ی ئازار.

– نا بۆ تیرۆری فاشییەت. ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٢ بڵاوکراوەتەوە.

– بەبۆنـەی سـاڵی نوێـی خوێنـدن. ڕۆژی ١٠/٢٥/ ١٩٨٢ بڵاوکراوەتـەوە.

– لـە یـادی جەژنـی کرێکارانـی جیهـان. ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١ بڵاوکراوەتـەوە.

– سـەبارەت بـە یەکگرتنـی کۆمەڵـە خوێندکارییـەکان لـە دەرەوە. ڕۆژی ١٩٨٣/٥/٢٩ بڵاوکراوەتـەوە.

– سـەبارەت بـە بیـرەوەری ١٧ی تەمـووزی ١٩٦٨ی ڕەش. ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٧ بڵاوکراوەتـەوە.

– جەژنی نەورۆزتان پیرۆزبێت، هەموو ساڵێکتان جەژن و هەمـوو نەورۆزێکیشـتان سـەرکەوتن بێـت. نـەورۆزی ١٩٨٤ بڵاوکراوەتـەوە.

– ٧ی نیسـان ڕۆژێکـی ڕەشـە لـە مێژووی عیـراق. ڕۆژی ١٩٨٤/٤/٧ بڵاوکراوەتەوە.

– بۆمبابارانی شاری «بانە»ی نەبەز چۆک بە شۆڕشگێڕانی کوردستان دا نادات! ڕۆژی ١٩٨٤/٦/٢٨ بڵاوکراوەتەوە.

– چەنـد ڕوونکردنەوەیـــەک دەربـارەی هەڵسوکەوتەکانی ئەنستیتوتی کورد لە پاریس. ڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٧ بڵاوکراوەتەوە.

- شەهیدانی « قەڵادزێ» مان لە یاد ناچێت.

ئەو بەیاننامە و بانگەوازانەی، کە ئاماژەم پێداون لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەرو لقەکانەوە بڵاوکراونەتەوە.

## تەوەری شەشەم:

## بەشێک لە کتێبەکان




بەرگی یەکێک لە کتێبە چاپکراوەکانی ئەکسا ساڵی ١٩٧٨

بەشـێک لـەو کتێبـــانە دەنـــاسێنم، کـە ڕێکخراوەکـە بڵاویکردوونەتـەوە، ڕیزبەندی کتێبەکانم بە گوێرەی سـاڵی دەرچوونیـان دانـاوە، ئەگەرچـی شـوێنی چاپـی کتێبـەکان دیارنیـە، بـەڵام دوای سـۆراغ و گۆڕینـەوەی پـرس و ڕا بـۆم دەرکـەوت، ژمـارەی هەرەزۆریـان لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا «بەهـەردوو بەشـەکەیەوە» چاپکـراون، ئـەوەی لێـرەدا بڵاویدەکەمـەوە تـەواوی ئـەو کتێبانـە نیـە، کـە کۆمەڵـەی ناوبـراو چـاپ و بڵاویکردوونەتـەوە، بەڵکـو بەشـێکە لـە کتێبـەکان:

**– ڕێبـاز و پەیـڕەوی ناوخۆی کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردسـتان لە دەرەوەی وڵات، سـاڵی ١٩٧٦**

لـەم کتێبـەدا یەکەمین دەقی ڕێباز و پەیڕەوی ناوخـۆی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات بـە هـەردوو پیتـی بەکارهاتـوو لـە ڕۆژهـەڵات و باشـووری کوردسـتان، باکوور و ڕۆژئاوای کوردسـتان بڵاوکراوەتەوە، واتە پیتی کوردی باشوور و کرمانجی. کتێبەکە ٢٠ لاپەرەیە، هـەر ١٠ لاپـەرە بـۆ یەکێک لـە پیتـەکان تەرخانکراوە.

ئـەم پەیـڕەو و ڕێبـازە هەمـان پەیـڕەو و ڕێبازی کۆمەڵەی خوێندکارانـی کـورد لـە ئەوروپـا ـ یە بـەڵام دەسـتکاریکراوە، ئـەم کتێبـە دوای کۆنگـرەی ١٧ دەرچـووە، کـە لـە ڕۆژی

١٩٧٦/٨/١٧ لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا بەڕێوەچووە.
ناوەڕۆکی کتێبەکە بە تایپی ئاسایی دەستی تایپکراوە، پاشان بە ئامێری کۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە، بەرگەکەی بە دەست نووسراوە، قەبارەکەی بریتیە لە ١٤.٥ بە ٢١ سم.

**- راپۆرتی سیاسی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ساڵی ١٩٧٦**

ئەم کتێبە بریتیە لە ٢٥ لاپەڕە، دەقی ئەو راپۆرتە سیاسییەی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە لە کۆنگرەی ١٧ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات دەنگی بۆدراوە، لە باری دیزاین و چاپدا لە کتێبەکەی پێشوو جیاوازتر نیە.

**- ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ساڵی ١٩٧٧**

ئەمەش دەقی ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ە، بەڵام هی کۆنگرەی هەژدەمینە، لەباری چاپدا لە کتێبەکەی پێشوو رێکوپێکترە، بەهەمان تەکنیک چاپکراوە، بەڵام قەبارەکەی بچووکراوەتەوە و کراوە بە ١٠ بە١٤.٥ سم. بۆ چاپکردنی بەرگەکەشی کارتۆن بەکارهاتووەو رەنگی قاوەیی کاڵە.

ژمارەی لاپەرەکانی ٣٢ لاپەرەیە و دەقەکە بە هەردوو پیتی کرمانجی و کوردی خواروو بڵاوکراوەتەوە.

## – بەراوردێک لەمەڕ کۆنگرەی هەژدەساڵی ١٩٧٧

ئەم کتێبە یەکێکە لە چاپکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لقی سوید. بۆ ناساندنی ناوەڕۆکی کتێبەکە ئەم چەند دێڕە لە لاپەڕە ١ی دەگوازمەوە: «دوای بەسترانی هەژدەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لقی سوید بڕیاری دا چەند سیمینار و کۆبوونەوە بۆ باس و لێکدانەوەی ڕوونی کۆنگرە و باری ئێستای کۆمەڵە بە گشتی پێکبێنێ و بە گوێرەی ئیمکان ئەو باس و لێکدانەوانە چاپ و بڵاوکرانەوە. لەو نووسراوەی ئێستادا، وتاری یەکێک لە ئەندامانی لق، کە پێشکەشی سیمینار کرا و لە ئاتەرسفیریکی دۆستانە موناقەشەی لەسەرکرا بڵاودەکەینەوە بۆ ئەوەی هەموو لقەکانی کۆمەڵە لە چلۆنایەتی باسەکان ئاگاداربن و ئەو باسە ببێتە سەرجەمی لێدوان و لێکدانەوەی هەرەوەزی لەسەرکرێ» ئەم چەند دێرە واژۆی کۆمیتەی لقی سویدی لەسەرە و مانگی ئۆکتۆبەر نووسراوە.

دەقی کتێبەکە دیسان بە هەردوو تیپەکە بڵاوکراوەتەوە و بریتیە لە ١٣ لاپەرە. ناوەڕۆکەکەی بە تایپی ئاسایی دەستی تاپیکراوە و بە ئامێری کۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە، لە قەبارەی ١٥ بە ٢١ سم.

**– ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات،ساڵی ١٩٧٨**

وەک لە لاپەڕە ٨ی نووسراوە: «ئەم ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆییە لە کۆنگرەی نۆزدەهەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کە لە ١٤-١٩٧٨/٩/١٧ لە شاری فرانکفورت لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەسترا، بە تێکرایی دەنگەکان پەسند کرا». دەقی ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی ناوبراو بە هەردوو پیت بڵاوکراوەتەوە و بریتیە لە ١٦ لاپەڕە. قەبارەکەی ١٠ بە ١٤.٥ سم، بۆ تایپکردنی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەش تایپی ئاسایی دەستی بەکارهێنراوە و وەک کتێبەکانی پێشوو بەهۆی ئامێری کۆپی دانەی لەبەرگیراوەتەوە، بۆ چاپکردنی بەرگەکەی کارتۆنی ڕەنگ سەوز بەکارهێنراوە.

## چەند روپەل ل سەر تاریخا کۆمەلێ

CEND RUPEL LI SER TARIXA KOMELE

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی ورد و دەوڵەمەندە سەبارەت بە مێژووی خوێندکاران بە گشتی و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە تایبەتی. لە رووخساری بەرگی پێشەوەیدا ئەم زانیارییانە نووسراوە؛ «ژ ئالیا کۆمیتا پارێزگاری دەستکەوت و پرنسیپێن کۆمەڵا خوێندەڤانێن کوردستان ل دەرڤەڤیی وەلات، سوید ٢٠-٨-١٩٧٨». لە بەرگ بۆ بەرگ بە پیتی کرمانجی سەروو نووسراوە. بریتیە لە ٥٤ لاپەرە و لە قەبارەی ٢١ بە ٣٠ سم، وەک دەردەکەوێت تەواوی بابەتەکە بە تایپی ئاسایی دەستی تایپکراوە و پاشان کۆپیکراوە. ناوی هیچ نووسەرێک وەک خاوەنی نووسینەکە بەسەر کتێبەکەوە نیە، لەم تەوەرەدا بەرگی کتێبەکەم داناوە.

**- کۆنگرەی نۆزدەهەم فرانکفورت، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ساڵی ١٩٧٨**

ئەم کتێبە بەڵگەنامەیەکی گرنگی مێژوویە، رێپۆرتاجێکە سەبارەت بە کۆنگرەی نۆزدەهەم، کە لە ١٤-١٩٧٨/٩/١٧ لە شاری فرانکفورت لە ئەڵمانیا

سـازكراوه. ئـەوەی گرنگـە لـەم كتێبـەدا دەقـی بروسـكە و پەیامـی چەنـد حـزب و هێـز و ڕێكخراوێكـی سیاسـی بڵاوكراوەتـەوە، كـە بـۆ كۆنگرەیـان ناردووە، یاخـود لـە كۆنگرەكـەدا خوێندوویانەتـەوە، ئەمـەش نـاوی لایەنەكانـە: «ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی، یەكێتیی نیشتمانیی كوردسـتان، پارتـی دیموكراتـی پێشـكەوتنخوازی كـورد لـە سـوریا، ڕێكخـراوی بروسـك، ڕێكخسـتنی كۆمۆنیسـتە شۆڕشـگێڕەكانی عیـراق، پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان- كۆمیتـەی ئامادەكـردن، ڕابیتـەی خوێندكارانـی فەڵەسـتین لـە ئەڵمانیـای ئیتحـادی و بەرلینـی ڕۆژئـاوا، یەكێتیـی خوێندكارانـی كوردسـتان، پارتـی سۆسیالیسـتی كـوردی سـوری، ڕێكخـراوی پێشـكەوتنخوازی كـوردی لـە لوبنـان، بـەرەی پێشـكەوتنخوازی خوێندكارانـی عیراقـی» ئەمـە و دوا بابەتـی كتێبەكـە بەیاننامـەی كۆتایـی كۆنگرەیـە، كـە پیتی كرمانجی سـەروو بڵاوكراوەتـەوە. كتێبەكە بریتیە لـە ١٥ بـە ٢١ سـم، ٥٠ لاپـەڕە، وەك كتێبەكانیتـر بابەتەكانـی بـە تایپێكـی ئاسـایی دەسـتی تایپكـراون و بـە ئامێـری كۆپـی دانـەی لەبەرگیراوەتـەوە.

**- ڕێبـاز و پەیـڕەوی ناوخۆی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات ساڵی ١٩٧٩**

ئـەم كتێبـە دەقـی ڕێبـاز و پەیـڕەوی ناوخـۆی كۆمەڵـەی خوێندكارانـی كوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات-ە، كـە لـە

کۆنگرەی بیستەهەم پەسندکراوە، کۆنگرەی ناوبراو لە ١٨-١٩٧٩/٢١ لە شاری گراتس لە نەمسا کاروبارەکانی بەڕێوەبرد، کتێبەکە ٢٣ لاپەڕەیە، بە هەردوو پیتەکە، لە قەبارەی ١٥بە ٢١ سم دایە، وەک کتێبەکانی تر، بابەتەکە بە تایپی ئاسایی دەستی تایپکراوە و بە ئامێری کۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە، بۆ بەرگەکەی کارتۆنی رەنگ سەوز بەکارهێنراوە.

## – راپۆرتی سیاسی ساڵی١٩٨٠

لەم کتێبەدا دەقی راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بۆ کۆنگرەی بیست و یەکەم بڵاوکراوەتەوە، کۆنگرەکە لە ڕۆژی ١٩٨٠/٨/١ لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەڕێوەچووە، لە لاپەڕەی پێشەوەدا نووسراوە: «ئەم چەند لاپەڕەیەی لێرەدا دەیخەینە بەردەستتان، راپۆرتی سیاسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یە بۆ کۆنگرە، کە پاش لێدوان و لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و دەستکاری کردنی لە لایەن کۆنگرەوە وەرگیرا». لەباری تایپ و چاپدا وەک کتێبەکانی دیکە چاپکراوە. بریتیە لە ٢٠ لاپەرە و قەبارەکەی ١٠.٨ بە ١٥ سم.

**– کورتەیــەک لــە مێــژووی خەباتــی کۆمەڵــەی خوێندکارانــی کوردســتان لــە دەرەوەی وڵات، بەبۆنــەی تێپەڕبوونــی ٢٥ ســاڵ بەســەر لەدایک بوونــی کۆمەڵەدا. ســاڵی ١٩٨١**

لـەم کتێبـەدا زانیـاری ورد سـەبارەت بـە مێـژووی بزاڤـی خوێندکارانـی کوردسـتان بـە گشـتی و کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە، بابەتەکە واژۆی «هەڵۆ»ی لەسـەرە، لەباری چاپدا هەمان شێوە چاپە و بۆ بەرگەکەی کاغەزی سوور بەکارهێنراوە. لەسـەر بەرگی پێشـەوەیدا نووسـراوە: لـە بڵاوکراوەکانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات– لقـی بەرلینـی ڕۆژئـاوا. قەبارەکەی١٥بـە ٢١ سـم، هەشـت لاپەرەیـە.

**–  ڕاپۆرتی سیاسی ساڵی ١٩٨٢**

ڕاپۆرتـی سیاسـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات، کـە لـە کۆنگـرەی ٢٣ دا پەسـندکراوە، کۆنگـرەی ناوبـراو ڕۆژی ١٢-١٩٨٢/٨/١٥ لـە شـاری فرانکفـورت لـە ئەڵمانیـا بەڕێوەچـووە، ئەگەرچـی بـۆ تایپکردنەکەی تایپی ئاسایی دەستی بەکارهێنراوە، بەڵام لـە بـاری چاپدا لـە کتێبەکانی تـر باشـترە، بۆ بەرگەکـەی کارتۆنـی سـەوز بەکارهێنراوە. قەبارەکـەی ١٥ بـە ٢٠ سـم.

بریتیـه لـه ١٠ لاپـەره، دەقـی راپۆرتەکـه بـه هـەردوو پیت چاپکـراوه.

**-زانیاری سەبارەت بە پێکهاتەکانی کوردستان**

ئـەم کتێبـه بـه زمانـی هۆڵەنـدی نووسـراوه و زانیـاری وردی سـەبارەت بـه کـورد و کوردسـتان و کـوردەواری تێدایـه. لەبـاری تایـپ و دیزایـن و چاپـدا کتێبێکـی پێشـکەوتووه، ١٦ لاپەڕەیە و ١٣ وێنـەی تێدایە. بەرگەکەی دیزانێکی جوان و بەرچاوی بۆ کراوه، لە بەرگی دواوەیدا ئەدرێسـی شـاری دێلفـت- ی وڵاتـی هۆڵەنـدا نووسـراوه.

**- ڕێبـازو پەیـڕەوی ناوخـۆی کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ساڵی ١٩٨٢**

ئـەم کتێبـه بریتیـه لـه دەقی ڕێباز و پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـه دەرەوەی وڵات، کـه لـه کۆنگـرەی ٢٣ بـه تێکرایـی دەنـگ پەسـند کـراوه و کۆنگرەکـه لـه شـاری فرانکفـورت لـه ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا کاروبارەکانـی بەڕێوەچـووه. بـریتیـه لـه ١٠ لاپـەڕەو قەبارەکـەی ١٥ بـه ٢١ سـم، دەقەکـه بـه هـەردوو پیت بڵاوکراوەتـەوه، بەرگەکەشـی لەسـەر کارتۆنێکـی رەنـگ سـوور چاپکـراوه. وەک زۆربـەی هـەرەزۆری کتێبەکانیتـر لـه دیزانێکـی سـادەدایه، بـۆ تایـپ و چاپەکەشـی هەمـان

پرۆسێسی کتێبەکانی دیکە دووبارەبۆتەوە.

**- وتوێژێک لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی ساڵی ١٩٨٢**

ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات-ە و لەباری تایپ و دیزاین و چاپدا سادەیە، هونەرکاری تێدانەکراوە، ١٤ لاپەرەیە، قەبارەکەی ١٥ بە ٢١ سم. ئەم پەرەگرافە لە لاپەرە ١دا دەنووسمەوە؛ «بەڕێز مامۆستا شێخ عیزەدین حوسەینی تەشریفی هێناوەتە دەرەوەی وڵات و ئێمەش وەک کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە کاتێکدا گەرمترین بەخێرهاتنی دەکەین و بە پێداویستی دەزانین، کە ئەم وتوێژە کورتەی لەگەڵدا بکەین دەربارەی باری کوردستان و ئێران بۆئەوەی ئەندامانی کۆمەڵەمان و دۆست و لایەنگیرانمان زیاتر و نزیک تر ئاگاداری باری ئاڵۆزی کوردستان بن».

**- ڕێباز و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ساڵی ١٩٨٣**

ئەم کتێبەش بەهەمان شێوە بریتیە لە ڕێبازو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لە کۆنگرەی ٢٤دا، کە لە ڕۆژانی ١٧-١٩٨٣/٨/٢٠ لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەڕێوەچووە پەسند کراوە. لەباری

تایپ و چاپدا باشتر و ڕێکوپێکترە. دەقەکە تەنیا بە پیتی کوردیی خواروو بڵاوکراوەتەوە، ١٦ لاپەڕەیە و قەبارەکەی بریتیە لە ١٣ بە ١٨ سم.

### – ڕاپۆرتی سیاسی ساڵی ١٩٨٤

لەم کتێبەدا دەقی ڕاپۆرتی سیاسی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کە لە کۆنگرەی ٢٥ دا پەسندکراوە بڵاوکراوەتەوە، کۆنگرەکە ڕۆژانی ٢٩-١٩٨٤/٧/٣١ لە شاری ڤیەننا لە نەمسا بەڕێوەچووە، هەر لە دوو توێی کتێبەکەدا بەیاننامەی کۆنگرەکەش بڵاوکراوەتەوە، کە واژۆی سکرتاریەتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی ناوبراوی لەسەرە. کتێبەکە لەسەر کاغەزێکی ڕەنگ سەوزی کاڵ چاپکراوە و لەباری دیزاین و تایپ و چاپدا سادەیە. تایپەکەی بەجۆرێک بچووک و وردکراوەتەوە تەواوی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە تەنیا لە چوار لاپەڕەدا داندراوە. قەبارەکەی ١٥ بە ٢١ سم.

### – کوردستانی لەبیرکراو ١٩٨٦

KURDISTAN UN POPOLO DIMENTICATO

ئەم کتێبە بە زمانی ئیتاڵی لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ـ لقی ئیتاڵیا

و ڕێکخراوێکی تری ئیتاڵی بە هاوبەشی بڵاوکراوەتەوە، بریتیە لە ٣٢ لاپەڕە، چەندان وتار و نووسین و تێکستی مێژوویی و ئەدەبی سەبارەت بە کورد و کوردستان تێدایە. لە لاپەڕە ٨ دا نەخشەیەکی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. لەباری تایپ و چاپ و دیزایندا ئەوەندەی من بینیوومە لە تەواوی کتێبەکانی تری کۆمەڵەی ناوبراو ڕێکوپێکتر و سەرنجراکێشەرترە. قەبارەکەی١٥ بە ٢١ سم.

**– بەرگریکردن لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد**

DEFEND THE LEGITIMATE STRUGGLE OF THE KURDISH NATION

ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- لقی بەریتانیایە، وەک لەسەر بەرگەکەیدا نووسراوە، کورد چوارەمین نەتەوەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەم کتێبەدا بە کورتی باس لە مێژووی کورد و کێشەکانی کراوە. لە بەرگی دواوەیدا وێنەیەکی پێشمەرگە داندراوە.قەبارەکەی١٥ بە ٢١ سم و بریتیە لە ٦ لاپەرەی بەرگدار.

# تەوەری حەوتەم:
# ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوكراوەكان




بەرگی یەكێک لە گۆڤارەكانی ئەكسا

تـا ئێسـتا کارێکـی دەسـتەجەمعی لـە شـێوەی گـروپ و دامـەزراو و سیسـتەماتیکدا نەکـراوە بـۆ دۆزینـەوە و سۆراغکردن و پارێزگاریکـردن و پاراستنی ئەو ڕۆژنامـە و چاپکراوانـەی، کـە سـەدەیەک زیاتـرە لـە تاراوگـە چـاپ و بڵاودەکرێنـەوە، ئـەو کارانـەی تاکـو ئێسـتاش کـراون هەوڵـی تاکـە کەسـین و لێـوان لێـون لـە کەموکـوڕی بـە بەرهەمەکانـی منیشـەوە، کـە ئێـرە جێـگای ئامـاژەدان نیـە بـە کەموکورییـەکان.

لـە مـاوەی سـێزدە سـاڵەی خەباتـی ئەکسـادا سـەدان چالاکـی لەسـەر ئاسـتی ئەوروپـا و ئەمریـکا و سـۆڤیەتی پێشـوو نوانـدووە، بـۆ گەیاندنـی پەیامەکەشـیان بێجگـە لـە چاپکردنـی کارت و ڤۆڵـدەر و نوسـینی لافیتـە و چاپکردنـی کتیب و نامیلکـە و چاپ و بڵاوکردنەوەی بانگەواز و نامیلکە چەنـدان ڕۆژنامـە و گۆڤـار و بڵاوکـراوەی دەرکـردووە، لێرەدا بەشـێکی زۆر لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـار و بڵاوکراوەکانـی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات «ئەکسـا» دەخەمـەڕوو:

**- ئاسۆ**

دەنگی کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات لقی سـوید بـووە، بـە زمانـی کـوردی دەرچـووە.

ژمـارە ١، .......، ٦٢ لاپەڕەیـــە، لـە قـــەبارەی نیـو.

فۆڵسکاب دایە. لەم ژمارەیەدا نوسراوە (دەنگی کۆمیتەی ئامادەکردنە)، کە رەنگە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٥ دەرچووبێت.

ژمارە ٢، ساڵی ١٩٧٦، ٣٧ لاپەڕەیە، هەمان قەبارە.

ژمارە ٣، ساڵی ١٩٧٧، ٥٢ لاپەڕەیە، هەمان قەبارەیە.

ژمارە ٤، ساڵی ١٩٧٧، ٢٣ لاپەڕەیە، لە قەبارەی فۆڵسکابە.

ژمارە ٥، ساڵی ١٩٧٧، ٢٩ لاپەڕەیە، لە قەبارەی فۆڵسکابە.

ژمارە ٦، ساڵی ١٩٧٩، ٥٠ لاپەرە، قەبارەی نیو فۆڵسکابە.

ژمارە ٨، ساڵی ١٩٨٠، ٢٠ لاپەڕەیە، قەبارەی نیو فۆڵسکابە.

ژمارە ١١، ئەپریلی ١٩٨٢، ٤٢ لاپەڕە، قەبارە نیو فۆڵسکابە.

ژمارە ١٢ ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە.

AKSA– INFO

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، بە زمانی ئەڵمانییە.

ژمارە ١، ئابی ١٩٧٧، دەرچووە، ٦ لاپەڕە. قەبارەی فۆڵسکابە.

– بلێسه

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە زمانی کوردی.
ژمارە ١، کانوونی دووەمی ١٩٧٨، ٤ لاپەڕە. قەبارە فۆڵسکاب
ژمارە ٢، ئازار، نیسانی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە. قەبارە فۆڵسکاب.

– الشعلة

بڵاوکراوەی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە زمانی عەرەبی.
ژمارە ١، کانوونی دووەمی ١٩٧٨، ٤ لاپەڕە. قەبارە فۆڵسکاب
ژمارە ٢، ئازار، نیسانی ١٩٧٨، ٨ لاپەڕە. قەبارە فۆڵسکاب.
ژمارە ١، ساڵی دووەم، نیسانی ١٩٧٩، ١٥ لاپەڕە. قەبارە نیو A4 ژمارە ٢– ٣، ساڵی دووەم، گەلاوێژی ١٩٧٩، ٢٤ لاپەڕە، « الشعلة و مەشخەڵ» پێکەوە دەرچوونە لە یەک بەرگدا» واتە بە زمانی کوردی و عەرەبی. قەبارە A4

**– خبرنامه كوردستان**

هەواڵنامەیەكی تایبەت بووە بە ڕووداوەكانی ئەوكاتەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەكسا/ لقی سوید بە زمانی فارسی دەریكردووە.

ژمارە ١ لە ساڵی ١٩٧٩ دەرچووە.

ژمارە ٥، لە ڕۆژی ١٣٥٨/٦/١٩ هەتاوی، كە دەكاتە ١٩٧٩/٩/١٠ دەرچووە.

Free Kurdistan

كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەكسا/ لقی بەریتانیا بە زمانی ئینگلیزی دەریكردووە.

ژمارە ٨، لە مانگی مارتی ١٩٧٩ دەرچووە. ئەوەندەی من بینیوە تەنیا ئەم ژمارەیە وەك بڵاوكراوەیەكی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات دەرچووە.

**– رۆژا كوردستان**

گۆڤاری كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەكسا بووە، لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، بە زمانی كوردی دەرچووە، هەموو ژمارەكان لە قەبارەی

فۆڵسکاب دان.
ژماره ١ له ساڵی ١٩٧٩ دەرچووه. ١٦ لاپەڕه
ژماره ٣، له ڕۆژی١٩٨٠/١١/١٥ دەرچووه، ١٢ لاپەڕه.
ژماره ٦ له ئەیلولی ١٩٨١ دەرچووه. ٣٩ لاپەڕه
ژماره ٧،، له مانگی ئایاری ١٩٨٢ دەرچووه، ١٤ لاپەڕه.

**- خوێندکار**

دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان له دەرەوەی وڵات « ئەکسا» لقی بەرلینی ڕۆژئاوا. به زمانی کوردییه.
ژماره ١، شوباتی ١٩٨٣، رەشەمێ، ٤٣ لاپەڕه، قەباره نیو فۆڵسکابه.
ژماره ٢، حوزەیرانی ١٩٨٤، ٥٣ لاپەڕه، قەباره نیو فۆڵسکابه.

**- نضال الطلبة**

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان له دەرەوەی وڵات لقی هەنگاریا.
ژماره ١، ئازاری ١٩٨٢،

**- الوحدة**

لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان له دەرەوەی وڵات - ئەکسا- بڵاوکراوەتەوه، به زمانی عەرەبی دەرچووه؛

ژماره ١ له کانوونی دووەمی ١٩٨٢ دەرچووە.

**– کورد**

بـــــڵاوکراوەی مەکتـــــەبی سـکرتاریەتی کۆمـــــەڵەی خوێندکارانی کوردستان لـــــە ئەمریکا و کەنەدا بووە، بابەتی بەزمانـی کـوردی و ئینگلیـزی بڵاوکردۆتـەوە.
ژمـارە ١، لـە تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٨٢ دەرچـووە و هـەر تەنیـا ئـەم ژمارەیـەم بینیـووە.

**– ڕاپەڕین** Uprising
بڵاوکـراوەی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات– ئەکسـا– لقـی ئەمریـکای باکـوور بـووە و بـە زمانـی ئینگلیـزی دەرچـووە.
ژمارە ١، ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە.
ژمارە ٨، حوزەیرانی ١٩٨٤، ١٥ لاپەڕە، قەبارە A4.

**– دەنگی کوردستان**

ئۆرگانی کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردسـتان لە دەرەوەی وڵات – ئەکسـا/ لقی بەریتانیـا، بـە زمانی کوردی و ئینگلیزی دەرچووە.
ژمـارە ١، سـاڵی ١٩٨٢ دەرچـووە، ٤٩ لاپـەڕە، قەبـارە فۆڵسـکابە.

ژماره ۲، کانوونی دووەمی ۱۹۸۳، ١٤ لاپەڕە، قەبارە فۆڵسکابە
ژماره ۳، ۲۸ ی مارتی ۱۹۸۳، ٤٠ لاپەڕە. قەبارە فۆڵسکابە.

**- دەنگی خوێندکارانی کوردستان**

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات- ئەکسا، بە زمانی کوردی بووە، زۆربەی ژمارەکان لە قەبارەی نیو A4 دان.
ژماره ١- ۲، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ۱۹۸۳، ١٨ لاپەڕە.
ژماره ۳، مارس و نیسانی ١٩٨٤، ١٢ لاپەڕە.
ژماره ٤، ئایار و حوزەیرانی ١٩٨٤، ١٦ لاپەڕە.
ژماره ١، کانوونی دووەمی ۱۹۸۳، ۲۸ لاپەڕە.
ژماره ۲، مارتی ۱۹۸۳، ٦٠ لاپەڕە.
ژماره ۳، پوشپەڕی ۱۹۸۳ «۲٦٨٣» ٦٤لاپەڕە.
ژماره ١، ١٩٨٥، ٣٢ لاپەڕە.
ژماره ١، ئازاری ١٩٨٧، ١٩ لاپەڕە.

DER HORITZONT
بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لقی نەمسا دەریکردووە، بە زمانی

ئەڵمانییە. ژمارەکان لە قەبارەی A4 دان.
ژمارە ١، تەمووزی ١٩٨٤، ٤ لاپەڕە.
ژمارە ٢، ئاب/ ئەیلولی ١٩٨٤، ٨ لاپەڕە.
ژمارە ٣، تشرینی یەکەم/ تشرینی دووەمی ١٩٨٤، ٨ لاپەڕە.
ژمارە ٤، مارت/ نیسانی ١٩٨٥، ٨ لاپەڕە.

KURDISTAN STAR

گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لقی باکووری ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزییە.
ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٤، ١٠ لاپەڕە.
ژمارە ١٠، ئەیلولی ١٩٨٥، ٨ لاپەڕە.
ژمارە ١١، مارتی ١٩٨٦، ١٠ لاپەڕە.
ژمارە ١٢، تەمووزی ١٩٨٦، ١٢ لاپەڕە.

**- پڕشنگ**


لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا)، وەک پاشکۆی گۆڤاری (دەنگی خوێندکارانی کوردستان)ی ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (ئەکسا) بە یارمەتی لقی بەرلینی ڕۆژئاوا دەرچووە.
ژمارە ١ مارتی ١٩٨٥. ٣٦ لاپەڕە. قەبارە فۆڵسکاب.

ژماره ٢ تەمموزی ١٩٨٥. ٣٦ لاپەڕە، لە A4 بچووکترە.
ژمارە ٣ ئابی ١٩٨٦. ٤٠ لاپەڕە، قەبارە فۆڵسکاب
ژمارە ٤مارتی١٩٨٧. ٤٠ لاپەڕە، قەبارە فۆڵسکاب
ژمـارە ٥، ئایـاری ١٩٨٨ دەرچـووە . ٣٦ لاپـەڕە، لـە قەبـارەدا لـە A4 بچووکتـرە.

**- وەڵام**

دەنگی کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات لقـی مەجەرسـتان.
ژمـارە ١، سـاڵی یەکـەم، ١٩٨٨، ٢٦ لاپـەڕە. قەبـارە نیـو فۆڵسـکابە.
ژمارە ٢ ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە.
بۆ زانیـاری تەنیـا ئامـاژەم بـە نـاو و ژمـارەی ئـەو گۆڤار و بڵاوکراوانـە داوە، کـە بینیوومـە، یاخـود لە ئەرشـیفەکەمدا هەن.

# تەوەری هەشتەم:
# ئەکسا چی لێ بەسەرهات؟



لقاء الرفاق : جلال الطالباني ودكتور خسرو ( أوك ) ،هوشيار الزيباري ،فاري الزيباري (
عبد الرزاق الصافي ،عادل حبه وشيرزاد القاضي ( حشع ) ، وقد جرى الاتفاق على مايلي :

١) اللجنة التحضيرية : نواتها المراكز الثلاثة : ١ – جمعية الطلبة الاكراد في اوربا مركز براغ، ٢ – جمعية الطلبة الاكراد في اوربا مركز برلين، ٣ – جمعية طلبة كردستان خارج الوطن مركز برلين / أكسا .
– تجتمع وتهيء المسودات للمؤتمر . تقوم بدعوة مراكز اخرى رئيسية وقوى لحضور اجتماع موسـع .
– تعلن جميعها ( الموسع ) عن تشكيل اللجنة التحضيرية وتقر المسودات التي تقدمها للمؤتمر.

٢) يعقد المؤتمر التوحيدي في آب / ١٩٨٨ في برلين الغربية .

٣) أوك وحدك ،يأخذون على عاتقهم استقبال المندوبين وتهيئة مستلزمات نجاح المؤتمر من الجوانب الفنية والامنيـة .

٤) الحصص مشتركة وليست بالتساوي . اي ان كل طرف يتحمل مصاريف النقل والاقامة لمندوبيه والقاعة مشتركة .

٥) الهيئة الادارية العامة (١٩) والسكرتارية (١١) عضوا .

٦) يفضل ممثلو حدك وحشع بقاء أسم الجمعية ( جمعية الطلبة الاكراد في اوربا ) لاسباب فنية وتاريخية وسياسية . وتتم الاشارة الى ان المراكز الطلابية ساهمت جميعا في عقد المؤتمر وطلب ممثلو أوك بحث هذا الموضوع والقراره بشكل نهائي في اللجنة التحضيرية الموسـعة .

٧) القضايا الاساسية يتم الاتفاق عليها مسبقا واساسا بين احزابنا .

٨) الهيئة الادارية العامة من (١٩) عضو ويكون لها احتياط عند الضرورة .

٩) السكرتارية من ٩ – ١١ عضو . تتألف من : حدك – ٢ . حشع – ٢ . أوك – ٢ . حسك ١ . حشدك – ١ . ح . ش سوري – ١ . يسار كردي تركي – ١ . كردي سوري – ١ . ان امكن ايران ؛ . مستقل – ١ .

١٠) رئاسة السكرتارية دورية . حدك ،حشع ،أوك بالتناوب . وعند ترؤس طرف للسكرتارية يكون ممثلا الطرفين الاخرين نوابا للرئيس .

١١) التفكير بموضوع تمثيل الاكراد في تركيا وايران وسوريا في رئاسة السكرتارية اذا ما اثير الموضوع ،اي من خمسة . فيكون هناك ممثل من كل جزء من الاجزاء الاربعة زائدا ممثل الحزب الشيوعي العراقي .

١٢) يعقد المؤتمر كل سنتين قابلة للتمديد الى ثلاث سنوات .

١٣) المقر يتفق عليه /

١٤) اعتماد ميثاق الجبهة الكردستانية كمنطلق وأساس نتمسك به في اعداد وثائق المؤتمر التوحيدي من تقرير سياسي وقرارات .

١٥) يستمر التعاون بين الاطراف الثلاثة طيلة فترة التحضير واثناء عقد المؤتمر من اجل انجاحـه .

الحزب الشيوعي العراقي — عبد الرزاق الصافي

الحزب الديمقراطي الكردستاني — هوشيار زيباري

الاتحاد الوطني الكردستاني — جلال الطالباني

١٩٨٨/٥/١٣

بڕیاری بەرەی کوردستانی بۆ یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکان

زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕێکخراوە خوێندکارییانەی، کە سەر بە حزب و لایەنە کورد و کوردستانییەکان باشووری کوردستان بوون، کە بەرەی کوردستانی لە نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان پێکهێنرا، لە ژێر سایەی راگەیاندنی بەرەدا بە بڕیارێکی سیاسی سەرووی خۆیان کۆنگرەی یەکگرتنیان گرێدا و لە رۆژانی ١٩-١٩٨٨/٨/٢١ بەئامادەبوونی نزیکەی ٨٠٠ کەس کۆنگرەی یەکگرتنیان لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەست و لەژێر ئەم ناوەدا «کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا» بەردەوامیان بە خەباتدا. کۆنگرەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵە خوێندکارییەکان لە دەرەوەدا دەرهاویشتەی بڕیارێکە پێش ئەوەی کۆنگرەکە سازبکرێت بە زیاتر لە سێ مانگ نامەیەکی هاوبەشی فەرمانپێکراویان ئاڕاستەکراوە کە ئیمزای هەریەکێک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و حزبی شیوعی عیراقی لەسەرە، نامەکە بە عەرەبی نووسراوەو بریتییە لە پازدە خاڵ، مێژووی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٢ لە سەرە، چەند خاڵێکم بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە ئەمە دەقەکەیانە:

- لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە لەنوێنەرانی ئەم سێ لایەنە پێک دێت:

١- كۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ناوەندی پراگ، ئەم کۆمەڵەیە سەربە حزبی شیوعی عیراقی بووە.
٢- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ناوەندی بەرلین، ئەم کۆمەڵەیە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق بووە
٣- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ناوەندی بەرلین/ ئەکسا، سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووەو لەگەڵ چەندان کەسایەتی بێلایەن.
- کۆنگرەی یەکگرتنەوە لە ئابی ١٩٨٨ لە بەرلینی رۆژئاوا سازدەکرێت.
- دەستەی بەڕێوەبردنی گشتی لە (١٩) ئەندام، سکرتاریەت لە (١١) ئەندام پێکدێت.
- مەسەلە سەرەکییەکان، پێشەکی و لەبنەڕەتەوە حزبەکانمان لەسەری رێککەوتوون.
- سکرتاریەت لە ٩-١١ ئەندام پێک دێت بەم شێوەیە: پدک-٢، حشع-٢، ی ن ک-٢، حسک-١، پدگک-١، حشع سوریا-١، چەپی کوردی تورکیا-١، کوردی سوریا-١، ئەگەر گونجا ئێران-١، بێلایەن-١.
- سەرۆکایەتی سکرتاریەت دەورییە، لە نێوان پدک، حشع، ی. ن. ک، ئەگەر لایەنێک بووە سەرۆک نوێنەرانی دوو لایەنەکەیتر دەبنە جێگر.
- میساقی بەرەی کوردستانی دەکرێتە بنەما لە کاتی

ئامادەکرنی راپۆرتی سیاسی بڕیارەکانی کۆنگرەدا.
ئەم ڕێکخراوە تا راپەرینی باشووری کوردستان، لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر خەبات و چالاکی بەردەوام بوو، بەڵام دوای سەرکەوتنی راپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوەکە بەردەوام نەبوو و پووکایەوە، هۆکاری هەرە سەرەکی زۆربەی چالاکوان و سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە خەڵکی باشووری کوردستان بوون، ژمارەیەکی بەرچاویان بۆ کوردستان گەرانەوە و لە وڵات دەستیان بە کاروباری حزبی و حکومی کرد، هەروەها لە تەواوی جیهاندا دوای هەرەسی بلۆکی سۆشیالیستی مۆدێلی ڕێکخراویی خوێندکاریی، وەک مۆدێلێکی ئەو بلۆکە بەرەو کزی چوو.
تەمەنی ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە یەکگرتووە، کورت بووەو تەنها دوو کۆنگرەی گرێداوە:
- کۆنگرەی یەکەمین، بەرلینی ڕۆژئاوا، ١٩-١٩٨٨/٨/٢١
- کۆنگرەی دووەمین، شاری گراتس ـ نەمسا، رۆژانی ١٨-١٩٩٠/٨/٢١
وا بۆ مێژوو دەقی راگەیاندنی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی ناوبراو دەنووسمەوە، کە ئەم کۆنگرەیە دەبێتە دوا کۆنگرەی ڕێکخراوەکە:
راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا

(لە رۆژانی ١٨-١٩٩٠/٨/٢١ لە شاری گراتس/ نەمسا کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا لە ژێر دروشمی «با بە پتەوکردنی ڕیزەکانمان، کۆمەڵەکەمان بکەین بە دەزگایەکی خەبات و پاڵپشتێکی بەهێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە پێناوی مافی چارەنووس دا» بەسترا.

سەرەتا کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆنگرە بەخێرهاتنێکی گەرمی میوان و نوێنەرانی کۆمەڵە خوێندکاری و سیاسیەکان و کۆنگرەی کرد. کۆنگرە دەستی پێکرد بە وەستانی دەقیقەیەک ماتەمینی بۆ گیانی شەهیدانی بزووتنەوەی خوێندکاری و سیاسی کوردستانی و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی هەموو گەلانی ئازادیخوازی جیهان.

دوای ئەوەی وتاری کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندرایەوە، وتارو بروسکەو نامەی ڕێکخراوە خوێندکاری و پارت و شەخصیەتەکان خوێندرایەوە، تێکرا پیرۆزبایی و پاڵپشتی خۆیان بۆ یەکێتی و بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەوروپاو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەربڕی.

ئەوەی شایانی باسە وتارێکی دوور و درێژ لە لایەن نوێنەری بەرەی کوردستانی/عیراق پێشکەش کرا سەبارەت بە بارودۆخی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەرکەکانی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات.

دوای ئـەوەی بڕیـار لەسـەر شـەرعیەتی کۆنگـرە و خشـتەی ئیـش و کارەکان درا، گفتوگۆ لەسـەر راپۆرتـەکان دەسـتی پـێ کـرد، راپۆرتـی سیاسـی بـە چالاکـی و گـورج و گۆڵیـەوە لەلایـەن ئامادەبـووان وتوێـژی لەسـەر کـرا، بـە وردی بارودۆخـی نەتـەوەی کـورد و بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیەکـەی و سیاسـەتی قەڵاچۆکردنـی بـە کۆمـەڵ و تەهجیـر وبەکارهێنانـی چەکـی کیمیـاوی و رەفتارەکانـی رژێمـە دیکتاتـۆر و شـۆڤێنیەکانی گەلەکەمان دەچەوسـێننەوە بـاس کـرا.

کۆنگـرە زۆر بـە تووندی سیاسـەتی رژێمـە دیکتاتـۆر و تێرۆریسـت و شـۆڤێنیەکانی مەحکوم کـرد، کـە دەرهـەق بـە گەلـی کورد ئەنجام ئەدرێت، داوا لـە کۆمەڵگای نێودەوڵەتان و رای گشـتی جیهانـی کـرا، کـە سـنووری بێدەنگـی ببـڕن و هـاوکاری خۆیـان پـەرە پێبـدەن لەگـەڵ خەباتـی رەوای گەلەکەمان و سنوورێک بۆ رەفتارەکانی رژێمە دیکتاتۆرەکان دابنێن.

لـە لایەکـی تـرەوە ئـەوە دووپـات کرایـەوە، ئـەو جـەور و سـتەمەی، کـە بەسـەر گەلـی کوردمـان لـە پارچەکانـی کوردسـتان سـەپێنراوە سـووربوون لەسـەر تێکۆشـان و گیانـی بەرگـری خاوناکاتـەوە، بەڵکـو هەمـوو ئـەو کارەساتانە ئەبنە پاڵنەرێک بۆ لێک نزیک بوونـەوە، هـەر لـەو روانگەیـەوە داوا لـە هەمـوو لایەنەکانـی بزووتنـەوەی

ڕزگاریخوازی کوردی کرا کە لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانی کۆببنەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

سەبارەت بەم ڕووداوانەی کە لەسەر ئاستی جیهانیدا ڕوویاندا کۆنگرە بە درێژی لەسەری وەستا و دەستنیشانی ئەوە کرا، کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی نوێ برسترویکا لە یەکێتی سۆڤیەت کۆمەڵێک گۆڕانکاری هاتە کایەوە، بەرهەمەکانی نەهێشتنی شەڕی سارد و کەم کردنەوەی خۆ چەکدارکردن و چارەسەرکردنی گیروگرفتە ناوچەییەکان- جگە لە کێشەی گەلەکەمان- سەرەڕای قوڵکردنەوەی ناوەڕۆکی دیمکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ.

ئەم گۆڕانکارییانە کاری کردە سەر رژێمە دیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژ لەدوای رۆژ لەژێر پاڵەپەستۆی خەباتی ئەم گەلانە مافە نەتەوایەتیەکان و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بۆتە داواکاریەکی میللی.

دووپاتی ئەوە کرایەوە، کە چارەسەرکردنی هەردوو مەسەلەی کورد و فەلەستین بە ڕێگای ئاشتیانە بناغەی ئاشتییەکی پتەو دادەمەزرێنێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کۆنگرە زۆر بە توندی ئیدانەی بەکارهێنانی هێز و توند و تیژی کرد لە چارەسەکردنی کێشە ناوچەییەکان.

کۆنگرە بە گیانێکی هەست بە لێپرسینەوەکردن لەسەر گرنگی یەکبوونی ریزەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردستانی لە ئەوروپا و چۆنیەتی پتەوکردنی تێکۆشانی

لەگـەڵ خەباتـی ڕەوای گەلەکەمـان لـە پێنـاوی مافـە نەتەوایەتیەکانیدا وەستا. کۆنگرە هـاوکاری خۆی دەربڕی لەگـەڵ تێکۆشـانی گەلانی چەوسـاوە و ئازادیخـواز لـە پێناو ئـازادی و دیموکراسـی و مافـی چارەنووسـیدا. هـاوکاری گـەلان و ڕێکخـراو و شـەخصیەتەکان لەگـەڵ تێکۆشـانی گەلەکەمـان بـە چاوێکـی پـڕ ڕێـزەوە باسکرا.

کاروبارەکانـی ڕابـردووی کۆمەڵـە بەشـێوەیەکی مەوزوعیانـەو بـە گیانێکی دیموکراسییەوە هاتـە باس کـردن و هەڵسـەنگاندن لـە ئەنجامـدا کۆمەڵێـک راسـپاردە و بڕیـار دران بـۆ بـەرەو پێشـبردنی چالاکیەکانی داهاتووی کۆمەڵـە. سـەرلەنوێ ئامادەبووانی کۆنگرە بەڵێنی سـووربوون لەسـەر خەبـات لـە پێنـاوی بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی بزووتنـەوەی خوێندکارانـی کوردسـتان و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان دووپـات کـردەوە.

کۆنگرە ژمارەیەک سـڵاونامەی نـارد لەپێش هەموویانەوە بـۆ پێشـمەرگە نەبـەزەکان و هەمـوو ئـەو خوێنـدکار و تێکۆشـەرانەی، کـە لەسـەر خاکـی نیشـتمان و دەرەوەیـدا ڕووبـەرووی رژێمـە دیکتاتـۆرو شۆڤێنیسـتەکان دەبنـەوە، هەروەهـا سـڵاونامە ڕەوانەکـرا بـۆ یەکێتـی خوێندکارانـی جیهانـی و ڕێکخـراو و کەسـانی هـاوکارو دۆسـت.

ئەندامی کۆنگرە بە شێوەیەکی دیموکراسی و بە دەنگدانی نهێنـی راسـتەوخۆ کۆمیتـەی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی نوێـی

هەڵبژاردو کارەکانی کۆنگرە بە سروودی نەتەوایەتیمان «ئەی رەقیب» کۆتایی پێهات.

کۆتایی تەمووزی ١٩٩٠
کۆنگرەی دووەمی
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا

## پەیامی پیرۆزبایی

یەکگرتنەوەی ڕێکخراوە کوردییە خوێندکارییەکان لە ئەوروپادا سەدایەکی پۆزەتیفی هەبوو، لێرەدا تەنیا وەک نموونە نامە و پەیامی چەند کەسایەتییێک و حزب و ڕێکخراوێک دەنووسمەوە.

## پەیامی جۆراوجۆر

وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێدا، وەک دەستکەوتێکی تر لە دەستکەوتەکانی راگەیاندنی بەرەی کوردستانی. ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٢ لە دیمەشق ڕێککەوتنێک بەناونیشانی دیداری هاوڕێیان لەنێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق، حزبی شیوعی عیراقی سەبارەی بە یەکگرتنەوەی کۆمەڵە خوێندکارییەکانی ئەوروپا و ئەمریکا ئیمزا کراوە و لە ١٥ خاڵ پێکهاتووە،

لـە خاڵـی دووەمـی ڕێککەوتنامەکـەدا ئامـاژە بـە سـازدانی کۆنگـرەی یەکگرتنـەوە لـە مانگـی ئابـی ١٩٨٨ لـە بەرلینـی ڕۆژئـاوا کـراوە و ئەوەبـوو لـە ڕۆژانـی ١٣-١٧/٨/١٩٨٨ کاروبارەکانی کۆنگرەکە بەڕێوەچوو. لێرەدا چەند پەیامێکی پشـتگیری و پشـتیوانی بڵاودەکەمـەوە، کـە هـەر یەکێـک لـەو کەسـایەتییانە لـە توێژێکـی کۆمـەڵ چالاکـن و خاوەنـی پێگـەی خۆیانـن، دڵخۆشـن بـەو یەکگرتنـە، بـۆ زانیـاری نامەکانـم دەقـاودەق نووسیوەتەوە، تەنیا ئەگـەر لە شـوێنێک پێویسـتی کردبێـت ڕێنووسـەکەم دەسـتکاری کـردووە و لەچەنـد شوێنێکیشـدا هەسـتم کـردووە هەڵـە لـە نووسـینی وشـە، یـان زاراوەیـەک هەیـە ڕاسـتم کردۆتـەوە، خوێنـەران لـە کاتـی بەراوردکردنیان لەگـەڵ دانـە ئۆرجینالـەکان هەسـت بـە ڕاسـت کردنـەوەکان دەکات:

**- نامەی سیاسەتمەدار؛ غەنی بلووریان**

خوشک و برایان

ئەندامانی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی خوێندکاران لە دەرەوەی کوردستان

ڕێز و سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەتان ئاڕاستە بێت.

دابـەش دابـەش بوونـی نیشـتمانی کـورد، کـە هـەر کوتـەی بەدەسـت دوشـمنێکەوە دەچەوسـێنرێتەوە وە بـە هـەزاران

ساڵ باوباپیرانمان، نەوەی ئەمڕۆ، خۆمان دەکوژرێن و کۆمەڵ بە کۆمەڵ قەڵاچۆ دەکرێن، ئێستاش بە چاوی خۆتان دەبینن لە هەموو پارچەکانی کوردستان چی بەسەر کورد دێنن. دڕندانە و وەحشیانە پەلامار دەدرێ، بەهەموو شێوەیەک زیندان، لە داردان، بە بۆمبای ناپاڵم، کیمیاوی، بە تیرەباران، لە ئاسیدا تواندنەوە، ئیتر ئەمە بەس نیە بۆ کورد، کە دەبێ ململانە و دووبەرەکی بکەین و قڕ بخەینە یەکتری و یەکتر بخۆین، گومان لەوەدانیە دوشمنیش لە هەموو لایەکەوە کەڵک وەردەگرێ، لە دووبەرەکی و ناکۆکی کورد. هەروەها بۆ بەرژەوەندی گلاوی خۆیان ئیتحادی ناموقەدەس دەبەستن دژی ئێمە. ئاخر ئەو ڕۆژە نەهاتووە ئێمەش بۆ ڕزگاری لە جەور و ستەم و چەوسانەوە یەک بگرین و بەراستی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان بخەینە بەرچاو. ئێستا کە بەیەکەوە دانیشتوون و یەک دەگرن کارێکی پیرۆزە و جێگا شانازیە، بەهیوام گشت ڕێکخراوە سیاسیەکان و خوێندکاریەکانی کورد جا بە هەر بیروباوەڕێکەوە هەن ئاوڕێک لەباری ئەمڕۆی کوردستان بدەنەوە و کە بزانن خەڵکی زۆرلێکراوی کورد چاوەڕوانی یەک گرتنە.

جا بە هیوام ئەو ئاواتە پیرۆزەی نەتەوەکەمان پێک بێن و لە رۆژانی داهاتوودا خەبەری خۆشی یەک گرتن بگاتە گوێی هەموو کوردێکی دڵسۆز و ببێتە هۆی ئەمە

که له پارچەکانی تری کوردستانیش تیتۆڵێکی لێ دابدرن.
سەرکەوتن و سەرفرازی کۆنگرەکەتان ئاواتمە.
براتان
غەنی بلوریان
١٩٨٨/٨/١٧

**– نامەی پزیشک؛ د. وریا رواندزی**

بۆ کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی یەکگرتووی خوێندکارە کوردییەکان لە ئەوروپا
ڤیەننا ١٨ی ئاوگوستی ١٩٨٨

زۆر سوپاس بۆ بانگهێشنامەکەتان، بەڵام زۆر بەداخەوە ناتوانم بەشداربم لەبەرئەوەی زۆر مەشغوڵم.

بە هەر حاڵ هەموو هەست و ئارەزووم لەگەڵ ئێوەو لەگەڵ کۆنگرەکەتانە، بە دڵ و بە گیان، هیوادارم کۆبوونەوەکەتان سەرکەوتووبێت. ٢٠ ساڵ زیاترە کورد لەنێوان خۆیاندا خەریکی شەڕ و یەکتر کوشتنن، لە جیاتی ئەوەی بەرەنگاری دوشمن و چەوسێنەرەکانیان ببنەوە، دوشمنان هەموو کاتێک دڵخۆش بوونە بەو ناکۆکییانە و سوودیان لێ بینیووە، کە لە ناو کورددا هەبووە.

ئەگەر دوای تراژیدیای ڕابردوو پاش ئەو ماوە دوور و درێژە بەرەو ئایندەیەکی باشتر بچێت و ئەگەر یەکێتیی ڕیزەکانی کورد بێتە ئاراوە، لە کۆتایدا هەموو ئاواتەکانم

دێتەدی، کە لە پێناویدا خەباتم کردووە.

من هەر دەتوانم بەو هیوایە بم، کە جارێکی تر نەفرۆشرێین و خیانەتمان لێ نەکرێت، وەکو هەموو جارەکانی دی، هیوادارم ئەوەی ساڵی ١٩٧٥ دواجاربێت.

دڵسۆزتان

د. وریا رەواندزی

**– نامەی شاعیر؛ شێرکۆ بێکەس**

بۆ کۆمیتەی سەرپەشتیکەری کۆنگرەی یەکگرتنی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا

خوشک و برا ئازیزەکانم

وا بەسەر سەرتانەوە، کۆتری سپی خوێناویمان، بەدەم گمە گمی خۆشەویستی و شەقژن و باڵەفرێ ی ئازادی یەوە، دەورانێتی و ئەسوورێتەوە، دەنووک لەرزۆک، چاوە پچکۆڵە تینووەکانی بڕیوەتە کانیاوی ئەم کۆنگرەی مژدە و مزگێنی یەکگرتنەتان، منی عاشقی ئەم شایی تەبایی کوردستانییەش، لێرەوە، بە کوڵ و دڵی شاعیرانەی چەندین ساڵی خۆزگەی سەوزنەبووی ڕابردووی نێو شاخ و داخ و دوور وڵاتییەوە، خۆم و قەڵەمە کورتە بنەکەم چاوەڕوانی ئەم هەواڵە گوڵ گرتوەین کە گەز گەز باڵامان پێ بکات!. ئەی بۆ ئێمەی جەستە پڕ لە برینی نێو ئەم جیهانە کەڕوڵاڵ و کوێرە، ئەبێ چی تر لە هەتوانی سارێژکردنەوەی ئەم

جارەمان بە هیواتر و ڕوناکتر و پیرۆزتربێ؟! دڕکەزی دوێنێی نێوانمان مەرەیەکی بردووین چی تر ئەم لەشە خوێن لەبەر ڕۆیشتووەمان، بە بەریەوە نەماوە لەسەر پێ بوەستێ!. دەبا دووری و دابڕینی دوێنێمان لە یەکتر، پێچەوانە کەینەوە، بۆ ئەوەندە و زیاتر نزیک بوونەوە لە یەکتر.

بژی کۆنگرەی یەکگرتن و تەبایی

سەرکەوتووبێ کاروبارتان

دڵسۆزتان

شێرکۆ بێکەس

ستۆکهۆڵم

١٩٨٨-٨-١٢

**- نامەی هونەرمەند؛ قادر دیلان**

خوشک و برایانی بەڕێز

من هەشت مانگە کراڤاتی ڕەشم بەستووە، ئەگەر ئەو هیوایەی من بێتەدی، وە یەکگرتنەوەکە دروست بێ، کراڤاتی ڕەش لادەبەم، کراڤاتێکی ڕەنگاورەنگ دەبەستم لە سێ پارچەی بە قەد یەک، پارچەی سەرووی سوور بێ، هی خوارەوەی سەوز بێ، ناوەڕاست سپی بێ، ڕۆژێکی زەردی لە ناوەڕاست دابێ.

هەموو هیوا و ئاواتێکم سەرکەوتنی کۆنگرەکەمانە
براتان، دڵسۆزتان
قادر دیلان
١٦-٨-١٩٨٨
پراگ

**- پەیامی پێنج حزبی سویدی**

یێڤلا ١٦ی ئاگوستی ١٩٨٨
بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

هاوڕێیانی خۆشەویست
ئێمە دەستەیەکین لە کاری سیاسیدا گرنگی بە ڕێکخراوە جیاوازە سیاسییەکان دەدەین لە هەرێمی یێڤلابۆرین.
بڕیارمانداوە کۆمیتەی هەڵەبجە دروست بکەین تا هاوکاری خەڵکی کوردستان بکەین، ئێمە هاتووین و کاردەکەین، دڵنیاتان دەکەینەوە، کە لە هەرێمەکەمان کاردەکەین بۆ گەیاندنی موعانات و میحنەتەکانی گەلی کوردستان.
ئێمە دڵنیاین، کە زۆر کەس دەیەوێت لەگەڵمان کاربکات و کۆمەکمان پێشکەش بکات و پشتیوانی لە تێکۆشانتان بکات لە پێناوی مافی مرۆڤ و بڕیاری چارەنووسدا.

هیواداریـن کۆنگرەکەتـان سـەرکەوتووبێت و یەکدەنـگ بێـت بـۆ کارکـردن بـۆ خەڵکـی کوردسـتان.

ئیمزای نوێنەرانی:
پارتی چەپ
پارتی سۆسیالیست
پارتی ژینگە و سەوزەکان
پارتی کریسدیموکرات
پارتی گەل

لـە ڕۆژانـی بەڕێوەچوونـی کاروبارەکانـی کۆنگـرەدا چەنـدان نامـەو پەیامـی پیرۆزبـــایی دیکـەش گەیشـتنە کۆنگرەکـە لێرەدا تەنیا ئـەو چەند نامەیەمـان لێ هەڵبـژاردن.

## سەرچاوەكانی ئەم بەشە (هەرنۆ تەوەرەكە)

- جەمال نەبەز(د) بیری نەتەوەیی كوردی، سوید-١٩٨٤

- علي شێخ، اضواء على الحركة الطلابية الكردية فى الخارج، من منشورات جمعية الطلبة الاكراد فى اوروبا، پراگ ١٩٨٦.

- نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە كەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ١٩٧٥-١٩٧٨، بەرلین- ئەڵمانیا ١٩٩٧

- نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا و ئەمریكادا، لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری كوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨

- نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی كوردی ١٩٦١-١٩٩١،سلێمانی-٢٠٠١.

- هەڵۆ، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر لە دایكبوونی كۆمەڵەدا، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە دەرەوەی وڵات ـ لقی بەرلینی ڕۆژئاوا، ساڵی ١٩٨١.

- خوێندكاری كورد (گۆڤار) ئۆرگانی خوێندكارانی سۆسیالیستی كوردە لە ئەوروپا، ژمارە (٧) ساڵی (١٩٨٨) .

- چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆمەر شێخمووس، ستۆکهۆڵم، ٢٠٢٢/٣/١٠
- ئەرشیفی تایبەتی عەبدولموئمین دەشتی.
- ئەرشیف و کتێبخانەی تایبەتی نووسەر.

## ئەنجام

- لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، بزاڤی خوێندکارانی کورد، وەک ڕێکخراوێکی ڕێکخراو لە ئەوروپا دەستی پێکردووە.

- ساڵی ١٩٥٦ لەسەردەستی چەندان خوێندکار و ئەندامی حزبە کورد و کوردستانییەکان ڕێکخراوێکی خوێندکاریی بەناوی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» دامەزراوە.

- تەمەنی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» لەگەڵ شکستی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی هات.

- دوای ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخراوی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا» پەرتبوو، هەر حزبە و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆی دامەزراندووە.

- ڕێکخراوی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ـ ئەکسا» ساڵی ١٩٧٥ لە ئەنجامی پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ئامادەکردن لە ساڵی ١٩٧٦ دامەزراوە.

- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوە، لە دەستپێکدا ڕێکخراوێکی سەرتاسەری کوردستانی بوو،

بەڵام دوای ساڵی ١٩٨٥ زیاتر ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک چالاکوان ڕۆڵیان تێدا دیاربووە.

- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوە ڕێکخراوێکی چالاک بووە، ئەرشیفەکەی زۆر دەوڵەمەندە بە چالاکی هەمەجۆر. ئەگەر ئەرشیفەکەی بەمەبەستی چاپکردنەوە کۆبکرێتەوە، بە چەندان بەرگە کتێب تەواو نابێت.

- ساڵی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانی لەنێوان هێزەکانی باشووری کوردستان رادەگەنرێت، یەکێک لە دەستکەوتەکانی تێکەڵاو و یەکگرتنەوەی چەند ڕێکخراوێکی پیشەیی بوو.

- ساڵی ١٩٨٨ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی نووسراوێکی واژۆکراوی ئاڕاستەی کۆمەڵە خوێندکارییەکان لە تاراوگە کردووە و داوای یەکگرتنیان لێدەکات.

- ساڵی ١٩٨٩ لە ئەڵمانیا کۆنگرەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵە خوێندکاراییەکان سازکراوە، زۆربەیان لە ژێر ناوی «کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا» درێژەیان بە خەبات داوە.

## کتێبە چاپکراوەکانی؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد
## ١٩٨٥ – ٢٠٢٢

١- پۆلووی ژووری نووتەک، شیعر، بەغدا ١٩٨٥.

٢- ساکەدەشت، شیعر، بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان چاپکراوە، بەغدا ١٩٨٨.

٣- مرۆڤ و تابووت، شیعر، هەولێر ١٩٩١.

٤- یەکێتی نووسەری کورد یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لێکۆڵینەوە، هەولێر ١٩٩١.

٥- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژ، هەولێر ١٩٩٣.

٦- پاڵتۆی حزب، شیعر، هەولێر-١٩٩٥.

٧- بەرەو سەرەتا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی زاموا، سلێمانی ١٩٩٨. دووەمین چاپ هەمان ساڵ لەسەر ئەرکی نووسەر.

٨- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان، کتێبێکی هاوبەشە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ١٩٩٨.

٩- کێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێکۆڵینەوە- ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕووناکبیری، مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ١٩٩٨.

١٠- منداڵ و ئەدەب، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٨. چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، سلێمانی ٢٠٠٦

١١- شەبەک (مێژوو، ئاین، سەرژمێر) لێکۆڵینەوە ـ وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ١٩٩٩.

١٢- گۆڤاری گزنگ ـ لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.

١٣- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو ڕۆژنامەی خەبات، لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠٠٠.

١٤- کوردستانی نوێ ـ یەکەمین ڕۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠٠١.

١٥- شۆڕشی رۆژنامە ـ ڕۆژنامەی شۆڕش، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی٢٠٠١.

١٦- رابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١-١٩٩١، بیبلیۆگرافیا، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠١.

١٧- ڕۆژنامەی کورد ڕۆژنامەی سێپتەمبەر، لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠٠٢.

١٨- ڕۆژنامەو جەنگ، وتار، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕووناکبیری مەکتەبی ریکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ٢٠٠٣.

١٩- ڕۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠٠٤.

٢٠- رابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٢٣-١٩٦٠، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٤.

٢١- کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو ڕۆژنامەی سلێمانیدا، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، سلێمانی٢٠٠٤.

٢٢- هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی یەکێتیی، سلێمانی ٢٠٠٥.

٢٣- رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی یەکەم، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٨.

٢٤- ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکادا ١٩٤٩-١٩٩٠، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠٠٨.

٢٥- ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری راگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی، عامر ئیبراهیم قەندیلچی، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٨.

٢٦- خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨

٢٧- ئەستێرە؛ یەکەمین گۆڤاری نهێنی بۆ منداڵانی کورد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەرکوک ٢٠٠٨.

٢٨- پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان کوتەک و تەسلیم بووندا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپی بەدرخان، هەولێر ٢٠٠٩.

٢٩- الصحافة الاتحاد الوطني الكردستاني في اوروپا ١٩٧٦-١٩٨٣، من منشورات مركز ژين، سليمانية ٢٠٠٩.

٣٠- کۆمەڵێک بەڵگەنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٦٣- ١٩٧٣، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٩.

٣١- رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی دووەم، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٩.

٣٢- صحافة الحزب الديمقراطي الكردستاني، خارج الوطن "في الاشهر الأخيرة من ثورة أيلول" من منشورات مركز ژين، السليمانية ٢٠١٠.

٣٣- پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا- بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، سوید ٢٠١٠، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠١٨.

٣٤- سەرەتای کاروانەکە، بەڵگەنامەی دانسقە، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١١.

٣٥- مافی چارەی خۆنووسین لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو

پێگەیاندنـی کادران- یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـلێمانی ٢٠١١.
٣٦- هەواڵنامـەی کوردسـتانی عیـراق، لـە بڵاوکراوەکانـی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتان، سـلێمانی ٢٠١١.
٣٧- خەبات، لسان الحزب الديمقراطي الكردستاني، السويد ٢٠١١.
٣٨- کوردسـتان، گۆڤـاری کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد ١٩٥٨-١٩٧٤، لـە بڵاوکراوەکانـی؛ پـرۆژەی هاوبەشـی: ئەکادیمیـای هۆشـیاریو پێگەیاندنـی کادران- بنکـەی ژیـن، سـلێمانی ٢٠١١.
٣٩- ئاڵا، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ ئەمریکای باکـوور، لـە بڵاوکراوەکانـی ئەکادیمیـای هۆشـیاری و پێگەیاندنـی کادران- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١١.
٤٠- کتێبێکـی تـر بـۆ کوردسـتانی نـوێ، لێکۆڵینـەوە، لـە بڵاوکراوەکانـی ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، سـلێمانی ٢٠١٢.
٤١- کۆمەڵـە؛ ئۆرگانـی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان، لـە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران و بنکەی ژیـن، سـلێمانی ٢٠١٢.
٤٢- بیبلۆگرافیای کتێبی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٢.

٤٣- چوار رۆژنامە لە چوار مەڵبەند، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی راگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، سلێمانی ٢٠١٢.

٤٤- نووسەری نوێ؛ گۆڤاری یەكێتی نووسەری كوردستان/ لقی هەولێر "شاخ"، لە بڵاوكراوەكانی یەكێتی نووسەری كورد/ لقی هەولێر، هەولێر ٢٠١٢.

٤٥- راپەڕین، ئۆرگانی كۆمەڵەی ماركسی-لینینی كوردستان/ ئەوروپا، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی راگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، كەركوك ٢٠١٣.

٤٦- ئەركی نوێ، بڵاوكراوەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ئەوروپا، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی راگەیاندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، كەركوك ٢٠١٣.

٤٧- هەواڵنامەی كوردستان لە ئەوروپا، لە بڵاوكراوەكانی رۆژنامەی كوردستانی نوێ، كەركوك ٢٠١٣.

٤٨- ئینسكلۆپیدیای یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، چاپی یەكەم، بەرهەمی هاوبەشە لەگەڵ چەند كەسی تر، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران- یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، سلێمانی ٢٠١٣.

٤٩- كتێبی سەردەریا، شیعر، لە بڵاوكراوەكانی یەكێتی نووسەرانی كورد ـ مەڵبەندی گشتی، هەولێر ٢٠١٣.

٥٠- بەشێك لە بەرهەمەكانی د.كەمال فوئاد، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر ٢٠١٣.

٥١- ذ سپارک "THE SPARK"، ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٣
٥٢- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نما، هەولێر ٢٠١٣.
٥٣- وەرەوە برادەر وەرەوە، نامەکانی هۆمەر شێخموس بۆ شێرکۆ بێکەس، هەولێر ٢٠١٣.
٥٤- بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، کەرکوک ٢٠١٤.
٥٥- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی چوارەم، لەسەر ئەرکی بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیریی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٤.
٥٦- دەنگی یەکێتی، بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی ئەوروپا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەولێر ٢٠١٥.
٥٧- الكادر، مجلة الحزب الديمقراطي الكردستاني، اربيل ٢٠١٥.
٥٨- دەنگدان لە دەرەوە، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٥٩- کەمال، ڕێزلێنان لە شەست ساڵی خەباتی هەڤاڵ د.کەمال فوئاد، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە بڵاوکراوەکانی لیژنەی ساڵڕۆژ، سلێمانی ٢٠١٥.
٦٠- ڕۆشنبیری، بڵاوکراوەی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، هەولێر ٢٠١٦.
٦١- کتێبخانە، نووسینی: ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ئامادەکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.
٦٢- مجلة صرخة كردستان، المجلد الاول، من منشورات جريدة كوردستانى نوى، سليمانية ٢٠١٧.
٦٣- مجلة صرخة كردستان، المجلد الثاني، من منشورات جريدة كوردستانى نوى، سليمانية ٢٠١٧.
٦٤- ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی پێنجەم، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ـ لقی سلێمانی، بە کۆمەکی بۆردی سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠١٧.
٦٥- دایە شیعر قەدەغەیە، شیعری شاعیری شەهید بارزان عوسمان، ئامادەکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٧.
٦٦- بڵاوکراوەی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ئایدیا، سلێمانی ٢٠١٧.
٦٧- بەشێکی تر لە بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد، کتێبی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٧.
٦٨- جمرة تحت الرماد، مذكرات عمر شيخموس، ترجمة: ياسين حسين، السليمانية ٢٠١٧. طبعة ثانية، مصر القاهرة ٢٠١٨.

طبعة ثالثة قامشلو ٢٠٢١.

٦٩- چریکەی کوردستان (گۆڤار)، بەرگی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٨. دوو بەرگەکەی تر یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی ساڵی ٢٠١١ ئامادەی کردووە و چاپی کردووە.

٧٠- ڕاپەڕین گۆڤاری کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧١- سەنگەر گۆڤاری مەڵبەندی ٢ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٢- سروشت یەکەمین گۆڤاری نهێنیی زانستی منداڵان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٣- هەڵوێست گۆڤاری مەڵبەندی ٤ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٤- گۆڤاری پێشمەرگە پاشکۆی گۆڤاری "ڕاپەڕین"ی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٥- ژیانی ڕێکخراوەییمان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردۆتەوە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٦- کوردستان ڕۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە ١٩٦١، بە هاوبەشی لەگەڵ د. هیمداد حوسێن، لە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٧- شنروێ- ئاسۆگە، یەکەمین گۆڤاری هەڵەبجە، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ـ لقی هەڵەبجە، سلێمانی ٢٠١٩.

٧٨- باڵیۆزی کوردایەتی، کتێبێکی هاوبەشە، لە بڵاوکراوەکانی مەودا میدیا، سلێمانی ٢٠٢٠.

٧٩- ریزگرتن لە ٨٠ ساڵەی تەمەنی هۆمەر شێخمووس، شۆڕشگێڕ، ئەکادیمی و دیپلۆماتی کورد، کتێبێکی هاوبەشە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، تاران، ٢٠٢٢

٨٠- ئەگنێتا کلینگ، یەکەمین ژنە پێشمەرگەی بیانی لە شۆڕشی نوێدا، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی نارین، سلێمانی ٢٠٢٢